Klawrojna

# خەڵك و دەسەڵات

جەبار سابیر

ستوونی رۆژنامەوانی

سلێمانی

بەهاری دوو هەزراو حەفت

**خەڵكو دەسەڵات**

**نوسەر: جەبار سابیر**

**بابەت: ستوونی رۆژنامەوانی**

**تایپو هەڵەبڕی: نوسەر**

**نەخشەسازیو بەرگ: نوسەر**

**چاپ: یەکەم چاپ دوو هەزارو حەفت**

**چاپخانە: یاد**

**تیراژ: هەزار دانە**

**ژمارەی سپاردنی(    ) وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.**

## تەنیا بۆ باوکم

## کەخەمی ئەم وڵاتە ریشی سپیکرد





### دوو دیمەن

کابرا هەر لەسەر کورسییەکەی خۆیەوەو بەساردێکەوە: فەرموو کاکە چیت دەوێ.؟ من دەڵێی.؟ بەڵێ تۆ! ئا وەڵڵا هاتووم بزانم دامەزراندنێك یاخود هەر کارێك هەبێت بیکەمو بڕێك پارەم بدەیتێ. ئێ، ئێ تێگەیشتم یانی هاتووی ئێمە داتمەزرێنینو پارەت بدەینێ بۆ چی چییە پارە بدەینە تۆ، چیت پێدەکرێ بیکەی بۆ ئێمە. گەورەم وەڵڵا خۆمن دەرچووی کۆلیژی هینم، ئەرەوەڵڵا کۆلیژی هێن، شوێنەوار، چەند ساڵە تەواوم کردووەو ئێوەیش بەڵێن دەدەنو هەر داشم نامەزرێنن. بڕۆ دەرەوە هەتیوە ..... ئاخر تۆ چیت داتمەزرێنم بەکەڵکی چیدێی، چی لەو بڕوانامە بێ کەڵکەی تۆبکەم گەر ئەم وڵاتە شوێنەواری تێدابوایە ئێمە دەمانفرۆشت چۆن لێدەگەڕاین تۆ کاری لەسەر بکەی. جارێکیتر نەیەیتەوە بەم شوێنەدا. ئاخر گەورەم من ماڵو منالم بەسەردا کەوتووەو ژیانم ناگوزەرێ بەو جۆرە؟ کەیفی خۆتە کێ وتی ژن بێنەو منال بخەرەوە. یەعنی ئەم وڵاتە شوێنێکی تێدانییە من کاری تێدا بکەمو بڕێك پارە وەرگرم.؟ نەخێر!

کابرا لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستێو زۆر بەدەموپلێکی گەرموو گوڕەوە بەرەوە پیری دەچێت فەرموو کچی جوان فەرموو خۆ من یەك هەفتەیە چاوەڕێی تۆ دەکەمو موباشەرەشم لۆکردووی، ئەوە بۆ چی وا دواکەوتی، فەرموو دانیشە بزانم چیدەکەی خۆ بەنیازنی دەوامەکەت بگوازیتەوە بۆ لای فلانە کەس.؟ نەخێر قوربان من لێرە دەوام دەکەم بەڵام ئەم چەند رۆژە لەگەڵ خاوەن خانووەکەماندا گرفتێکمان هەبوو، بەنیازە دەرمان کات لەخانووەکەی بۆ خانوو گەڕاین. ئێ ئێ تێگەیشتم یانی دەتەوێ بڵێی ئێمەیش کرێچین، جائەوە چییە ئێستا بەیەك تەلیفۆن خانوویەکت بۆ دابین دەکەمو

سبەی بچنە ناوی‌و هەقی کرێکەشتان نەبێت ئەوەیان خۆم دابینی دەکەم. بەڵام بەمەرجێك چاوێکت لێمان بێت. بەڕاست تۆ دەرچووی کویَ بویت لەچ بەشێك وەك بەرپرس دات نێم؟ وەڵڵا من دەرچووی هیچ شوێنێك نیم‌و هەر خوێندەواریشم نییە، بەڵام هەر بەخێزان ئاوا رێك پۆش‌و تە ڕ پۆشین. جا وەڵڵا گەر وابێت ئەوا دەتوانم دایکت‌و ئەوانیتریش بەسەر کەمەوە هەر لەماڵەوە دانیشن‌و من مووچەیان لۆ دەبڕمەوە، بەڵام هێندە هەیە مانگی جارێك دووجار یائەوان بێن بۆلام یاخود من سەر دانێکتان بکەم ئەوەش بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت ئێوە کێن‌و کێتان لەپشتە.

بەمجۆرە کوڕە بەدڵشکاوی‌و بێزاری لەفەرمانگەکە دوور کەوتەوەوە یەك ملیۆن ناشوکری کردو کچەش بەشادومانی ئەو پەڕی رەحەتییەوە دوای دوو کاتژمێر فەرمانگەکەی بەجێهێشت‌و کاکی بەڕێوەبەریش تاسەر شەقامەکە لەگەڵی رۆیی‌و بەشۆفێرەکەی خۆی وت ئەم کچە ناسك‌و نازدارەم تا بەردەرگای خۆیان بۆ بگەیەنەو بەهیچ جۆرێك چاو لەچاوی نەبڕی‌و سەیری بەژن‌و باڵای نەکەیت. سبەیش بڕۆ ماڵەکەیان لەگەڵ بگوێزەرەوەو نانی نیوەڕۆشیان بۆبەرەوە.

*لەژمارە(30)ی رۆژنامەی رۆژین لەڕۆژی2006/4/9بڵاوبۆتەوە.





## بیَ تووتنی

کابرا بانگەوازی بۆ وەرگرتنی پاسەوانی تایبەتی کردبوو بۆیە ئەوانەی هاتبوون کۆیکردنەوەو کەوتە تاقیکردنەوەیان، وتی کوڕینە من تەنیا یەك پرسیار ئاراستەی هەمووتان دەکەم، گەر زانیتان‌و وەڵامێکی باشتان دایەوە ئەوا وەك پاسەوانی باوەڕپێکراوو نمرە یەکی خۆم حسابتان بۆ دەکەم. هەموو چاوەڕێبوون کابرا پرسیارەکەی لەسەر مێژووی کوردو شۆڕشەکان‌و سەرکردەکانی کوردبێت، بۆیە گویَ قولاغ بەدیارییەوە دانیشتن. وتی کوڕینە پرسیارەکەم بەسیتتر دەکەمەوە ئەویش ئەمەیە (من بیَ تووتنم بیَ تووتن.؟)ئیتر ئێوە تا هەفتەیەکی تر مۆڵەتتان هەیە وەڵامەکەیم بۆبێننەوەو منیش رەزامەندی لەسەر راستی‌و دروستی وەڵامەکەتان دەربڕم‌و دەتان کەمە پاسەوانی تایبەتی خۆم.

دوای هەفتەیەك (نۆ) کەس لە(دە) کەسەکەی بەپیر بانگەوازەکەی کابراوە چووبوون‌و گوێیان بۆ پرسیارەکەی راگرتبوو هەریەکەیان وەڵامی خۆی هێنابۆوەو کابراش بەدیاریانەوە دانیشت. ئادەی کوڕینە بابزانم چیتان کردووە.؟ یەکەمییان یەك فەردە تووتنی خستە بەردەم کابراو وتی گەورەم ئەمە تووتنی سامسۆنە، دەرەجە یەکەو لەباشیدا وێنەی نییە، کابرا ئەسڵەن سەیریشی نەکرد. دووەمیان یەك کارتۆن جگەرەی مارلبۆرۆی ئەسڵی هێنابوو لەو جۆرەی پاکەتەکەی وەك گونکە هەویر لەدەستەکانتدا ئەپلیشێنەوەو جگەرەکانیش ناشکێن، وتی گەورەم ئەمە لەوانەیە کە خاوەن کۆمپانیاکانی ئاسیاو سانا دەیکێشن! بۆنەکەی ئەوەندە خۆشە لەموعەتەری فەڕەنسی گەلێك نایابترە. کابرا خوێن گرتی هێندە پەست بوو بەڵام سەر خۆی

نەهێناو وتی سێهەم‌و چوارەم‌و پێنجەم‌و شەشەم‌و حەوتەمیش هیچ با هەشتەم‌و نۆیەم وەڵامەکانیان پێشانبدەن.؟ هەردووکیان مەڕێکی قەڵەویان هێنابوو وتیان گەورەم ئەمە باشترین مەڕی ئاواییەکەمانە بۆتۆمان هێناوە، کابرا لەپەستیدا نەیدەزانی چیبکات قیژاندی سەگبابینە وادەزانن لەبرسا مردوین و دەساڵە گۆشتمان نەخواردووە، مەڕم بۆچییە.

کاتێك کابرا چاوی بۆ دەیەم کەس گێڕاو لەبری ئەو کچێکی وەك مانگەشەو بەپێوە وەستابوو هیچی نەوت تا کچە هاتە قسەو وتی قوربان من وەڵامی فلانە کەسم، یاخود باشترە بڵێم من لەبری ئەو هاتووم ئەو دواتر خۆی دێتە خزمەتت. کابرا زانی دەیەم کەس لەفیکەو پرسیارەکەی ئەم گەیشتووە، نەڕاندی بەسەر نۆکەسەکەی تردا، کەربابینە ئێوە دەماختان لەسەردا نییە، ئەوەی من داوامکردووە لێتان ئەم جۆرە تووتنەیە ئیتر چی لەتوتنی سامسۆن‌و جگەرەی مارلبۆرۆو مەڕی قەڵەو کەم. بێتووتنی من ئەمەی نەك ئەوەی ئێوە ئەقڵتان بۆی چووە، ئەو کەسە شایانی ئەوەیە ببێتە پاسەوانی تایبەتی من نەك ئەوانەی تووتنی سامسۆن‌و مارلبۆرۆم بۆ دێنن.

*لەژمارە(145)ی رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە2006/4/2بڵاوبۆتەوە.





## درز

وریابن سەرکردەکانی کورد وریابن، پشوونەدەن وەك ئەو پشودانەی کاتی منالّی، مامۆستای سەرەتایی دەیوت وریابن، پشووبەن، ئەزانی لەچی وریابن لەوەی خەریکە درزێکی هێندەی بەژن‌و باڵای خۆتان دەکەوێتە نێوان ئێوەو خەڵکەوە تەنانەت بەخەڵکی خۆتان‌و خاوەن شەهیدە کانیشتانەوە. زۆر وریابن ئێستا هەرکەسێك لەهەر فەرمانگەو دامەزراوەیەکدا کاری بۆ رایینەکرێت‌و دەسی دەسی پێبکرێت قسەیەکی مزر ئاراستەی ئێوە دەکات، دوو چۆڵەکە لەسەر درەختی حەوشەی ماڵێك شەڕە دەنووك کەن کابانی ماڵ دووعا لەئێوە دەکات، چوون دەزانێ میوانی دێت‌و روو زەرد دەبێت لەبەردەمیداو ناتوانێ وەك پێویست خزمەتی بکات چونکە لەسایەی ئێوەوەیە کەغازنییە چێشت‌و چای پێلێنێ. هەر کەسێکی ناو بازاڕ شتومەك‌و سەوزەو میوەی بەنرخی گران پێبفرۆشنەوە سنگ لەئێوە دەکوتێ چونکە ئێوە بەرتان بۆ خەڵك بەرەڵاکردووەو لەکەس ناپرسنەوەو مەسئولە نامەسئولەکانیشتان خۆیان بەو ویژدانە خاوێنەی خۆیانەوە کەهەر لەجرجی تۆپیو دەچێ کۆنترۆڵی بازاڕەکانیان کردووە.

ببورن بیرم چوو ئەوەی دروستبووە درز نییەو دەلاقەیە، هێندەی ئەو دەلاقەیە دەبێت کەلەنێوان ئێوەو ئیبراهیم جەعفەریدا دروستببووەو لیبێی قبوڵناکەن تاچوار ساڵیتر سەرۆك وەزیران بێت‌و پارەو پولی ئەم وڵاتە دروێنەکات. ئەزانن بۆ چونکە پیاوەکانی ئێوە لێناگەڕێن خەڵك لەبازگەی تاسڵوجەوە بتلێك غاز بۆ ماڵەکەی خۆی

بێنیٚ‌و پێیدەڵێن برِۆ بەگران بیکرِە، لەبەر ئەوە دروستبووە کە هەموو سەری مانگێك هەزاران خاوەن خانوو کرێچی شەرِیانەو سەدانی تریش لەخانوو دەردەکرێن‌و کەسیش نییە دادیان بپرسێت‌و گرفتەکەیان بۆ چارەسەر بکات. ئەو کاتە ئەو دەلاقە گەورەیە دروستبوو مەسئولتان هەیە لەم شاری سلێمانی هەڵمەت‌و قوربانییەدا نزیکەی بیست خانووی پان‌و پۆرِو سیٚ چوار نهۆمی‌و یەك دوو باڵەخانەی باڵا بەرزی بەرِادان داوە. ئێوە ئاگاتان لێنییە مەسئولەکانتان چەندە وێنەی ئێوەیان تەڵخ‌و تاڵکردووە لەبەر چاوی خەڵك، ئاخر ئەو مەسئولانە هەرچییەك بکەن لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدا دەیکەن‌و ئەم خەڵکەیان بەو فەلاکەتە بردووەو دوورنییە ئەوەی لەهەڵەبجە رویدا لەهەر شارێکی ئەم کوردستانە رووبداتەوەو ئەوساش عاقیبەتی ئێوەش باش نابێت.

مەسئولەکانی ئێوە خەڵکیان ناچارکردووە لەکەلار دامەزراوەی حکومی بسوتێنی‌و لەئاکریٚ گرِ لەبەنزینخانەی پرِ لەبەنزین بەربدات کە خاوەنە دزەکەی وتبووی تێیدا نەماوەو دواتر کەگرِیان پێوەنابوو وەك قەرسیلی بەهار کڵپەو بڵێسەی ئاسمانی روناککردبۆوە، لەهەڵەبجەش پیرۆزترین سمبوڵی خۆیان بەو دەردەبرد کەبینیمان. تکایە واتێمەگەن ئەوانە هەمووی دەستی تێکدەرو ئاژاوەگێرِی وڵاتانی دراوسێی لەپشت بێت. نەخێر ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە هەمووی خەڵکی دڵسۆزی ئەم وڵاتەن‌و بەرپرسی نابەرپرس وایلێکردوون ئاوا داخ لەدڵانە پەلاماری ئەو شوێنانەبدەن. هەر ئەو خەڵکەبوون بە بانگەوازەکەی دەنگی گەلی کوردستان لەتەواوی کوردستاندا ئەو بەعسە درِەندەیەیان وەك پۆرِی خوراو لێکردو چنگ لەسەر شان راویاننا. تۆبڵێی ئەو خەڵکەی دوێنیٚ، ئەمرِۆ بووبێتنە داردەستی بێگانەو وەك شێت‌و هار پەلامار بەرنە سەر ئەو دەزگاو دامەزراوانە.؟ هەڵبەت نەخێر. کەوایە ئێستا تۆپەکە لەساحەی





ئێوەدایەو کاتتان بەدەستەوە ماوە خزمەتی خەڵککەن، گەرنا ئەوا دەبێت وریای خۆتان بن ئیتر خەڵك ژیانی دەوێت ئەمما ژیان.

*لەژمارە(113)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەرِۆژی سیٚ شەممە 2006/4/4بڵاوبۆتەوە.

## گەورەیی ئێوەو بچووکی ئێمە

ئێمەی رەشو روتو جاشو خۆفرۆشی ئەم وڵاتە زۆر سوپاسی ئێوەی پێشمەرگەی کۆنو نیشتمان پەروەر دەکەین کە واتان لێکردووینو ئەوەندەتان بچووک کردوینەتەوە کەشەوانە وەك بۆ کەمینی دوژمن دەرچین بەتانییەك هەڵدەگرینو تابەیانی لەسەر کوشنی سەیارەو لەسەرەی بانزین وەرنەگرتندا بوەستین. ئێمە مەمنونی ئەو لوتفە گەورەیەی ئێوەین کە بەهەوڵو هیمەتی ئێوە مامەڵەیەکمان بەدوو مانگو هەندێك جار سێ مانگیش بۆ راییدەکرێت، ئێمە زۆر بەختەوەرین کە ئێوەی گەورە هەموو کارەکان دەکەنو بەرهەمی هەموو کارەکانیش دەخۆنو لەبری ئێمەیش دەیکەن. ئێمە ئەو هەموو ماندوو بوونو مەشەقەتەی ئێوەمان چۆن بیردەچێت کە نەتان هێشت گورگ بمانخواتو دەرخواردی رێویتان داین.

ئێمە تەشەکوری ئێوەی بەرێز دەکەین کە واتان لێکردووین ئێشکگرین بەدیار هاتنەوەی ئاوەوەو دواتر مۆلیدە بۆری بۆ هەڵکەینو بە موزەخەیەکەوە ئاو سەرخەین بۆ نهۆمی دووەم، چونکە ئێمە هەموومان لەسایەی ئێوەوە بووینەتە کرێچی لەنهۆمی دووەم. ئێمە مەمنونین کە چەند ساڵێك جارێ ئێمەتان بیر دەکەوێتەوەو کەرمان دەکەن بۆ ئەوەی پەنجەتان بۆ لەمەرەکەب هەڵکێشین، ئێمە چۆن بیرمان دەچێتەوە کە ئێوە نانی دەمی خۆتان دەگرنەوەو لەبری بیدەنە ئێمە دەیدەنە براعەرەبەکانی سامەڕاو سەرپردی ئەلائیمە. ئێمە چۆن لەیادی دەکەین کە دنیا بۆتە چراخانو لەهەندێك وڵاتی دنیادا ئەسڵەن شەو نییە ئەوەندە رووناکە، کەچی ئێمەیش شەوی





سەعاتێك کارەبامان هەبووە. قورسە ئەوە لەبیرکەین کەئێوەش بۆ راگرتنی دڵی ئێمە مۆلیدەی بچووتان نەکڕیوە تاوەك ئێمە بەدەستییەوە نەناڵێنن.

ئێمە پێمان خۆشە کەئێوەی ماندوو مردوو بەدەست کوردایەتیو بازرگانییەوە لەسەر جەستەی هەلا هەلابووی ئێمە گەڕەکی (فیرعەونو ئەخناتوون)و شەقامی (شانزەلیزی) دروستدەکەن، ئێمە فەخری پێوە دەکەین کە مناڵە بەنازەکانی ئێوە دەبینین لەسەر شەقامەکان سووکایەتی بەهەرچی مروروو یاساکانی هاتوچۆی دنیایە دەکەن. بۆ ئەوەش زۆر قەرزاربارێ ئێوەین کە کەمترین مووچە دەدەنە فەڕاشو کارگوزاری فەرمانگەکانو زۆرترین مووچەش بۆ خەڵکە جاهیلو نەزانەکانی خۆتان، ئێمە دەزانین بۆیە وادەکە چوونکە گەر فەڕاشێك مووچەکەی زۆربێت یا ژن دەهێنێ یاپیاو دەکوژێت، ئێوەش دەتانەوێ فرە ژنی نەهێڵنو تاوانیش کەمکەنەوە. ئەوانە هەموو دەسکەوتنو لەسایەی ئێوەوە هاتوونەتە دی ئیتر بۆچی مەمنونتان نەبین.

ئێمە لەلوتکەی شادومانیدایین کەئێوە ساڵانە دنیایە سەرانەو کەرانەو زەریبانەو گومرگانەو زۆرشتی تریش لەئێمە دەسەننو کەسیش نازانێ لەو (سەری رەشو قەلاچۆڵانە) چی بەسەر دێو چۆن خەرج دەکرێت، ئێمە پێمانخۆشە کەمووچەی هەموو ئەم وڵاتە بەسەرکردایەتیو بن کردایەتیو سکرتێرو سەرۆکی گشتیشتانەوە لەبەغدادوە دێتو کەچی سامانی ئەم خەڵکەش دەکەنە نەسرییەی خۆتانو بەرپرستانو ئەوانیش شەوانە دەیدەنە سۆزانیو لەشفرۆشو دەڵاڵە بەڕێزەکانیان. ئێمە حەزدەکەین ئێوە رەحەت بن چونکە بەعس سی ساڵ ئەو خەڵکەی پێ رەحەت نەکرا، کەچی ئێمە ئێوەمان رەحەت کردووە.

*لەژمارە(13)ی رۆژنامەی ئاوێنە لەرۆژی سێ شەممە2006/4/4بڵاوبۆتەوە.

ولاتەکەت بناسە

## گەڕەکی فیرعەونەکان

ئەم ناوچەیە کە بەگەڕەکی فیرعەونەکان ناسراوەو دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی بەرامبەر پارکی ئازادی ئێستاو حامییەی سەردەمی بەعس، ڕێك لەتەنیشت گەڕەکی ماڵە ئەمنەکانی بەعسەوە، شوێنێکی بەهەشت ئاسایە، خانووی تێدایە خاوەنەکەیشی نازانێت چەند ژوورەو چی‌و چی تێدایەو ئەسڵەن ناشزانیٚ تێچوونەکەی چەندەو لەحەوسەڵەی هیچ ئاڵەتێکی ژمێریاریشدا نییە ئەو حسابەی بۆ لێکبدرێتەوەو بزانێت ئەو پارەیە چۆن پەیدا کراوەو لەسەر خوێنیٚ کیٚ پەیداکراوە. تەنانەت دەڵێن مەسئولێك خەریکی دروستکردنی خانوویەکە تائێستا کەهیچی دیارنییە سەدو بیست‌و حەفت دەفتەر دۆلاری تێچووە، ئێمەو مانانی گەمژەو نەزانیش لەبەر ئەوەی پێشمەرگایەتیمان نەکردو گرمان لەبەفر بەرنەدا ڕەنگە تادەگەینە سەردەمی دەفتەر، ئەوان کتێب‌و قامووس دانێن بۆ ژماردنی دۆلاری نەعلەتی. فیرعەونەکانی میسر ئەوەندە جاهیل‌و نەزان بوون تەرمەکانی خۆیان مۆمیا دەکرد، کەچی فیرعەونەکانی کورد تەواوی بالای بەرزی خانووەکانیان مۆمیا دەکەن‌و دیانناوە بۆ نەوە دوای نەوەیان بمێنێتەوە.

بەهۆی ئەم بارودۆخە بازرگانی ئامێزەی کوردستانەوە ناوی زۆر ناوچەو گوندیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو لەهەولێر گەڕەکێك هەیە پێیدەڵێن دۆلاراوا واتا دۆلار ئاوەدانی کردۆتەوە وەك چۆن شاری نەینەوا(نین) ئاوەدانی کردۆتەوە، سروشتی ئەم دوو حزب‌و





حکومەتەی ئێمەیش ئەوەیە کە لەهیچ شتێکدا لەیەك نەچن ئیلا لەناوەرۆکیاندا کەکتومت یەکن، بۆیە ئەمان لێرە ناویاننناوە گەڕەکی فیرعەونەکان یاخود(فیرعەون) ئاوا، کەچی لەمەشدا کۆك نین‌و ئەوان هاتوون گەڕەکێکی هاوشێوەی ئەم فیرعەون ئاوایەی سلێمانیان بنیاتناوە نرخی یەك خانوو لەسەر ڕووبەرێکی هەزار مەتری گەیشتۆتە هەشت سەد دەفتەر دۆلار. ئەمەش وەك مونافەسەیەك بۆ ئەم خانووەی فیرعەون ئاواکەی سلێمانی کەهێشتا تەواو نەبووەو وەك عەرزی خزمەتمکردن سەدو بیست‌و حەفت دەفتەر دۆلاری تێچووە(127). مارکس دەڵیٚ سەروەت‌و سامانیش ئەوەندەی هەژاری بەلای بۆ خاوەنەکەی هەیە، هەر بۆیە ئەمەش بەلایە بۆ گیانی ئەم فیرعەونانەی کەهەمیشە سیٚ تڕومبێل پاسەوانی نەخوێندەوار بەشوێنیانەوەیەو وەك ئێمەی عەوام ناتوانن بەکەماڵی تاقەتەوە ڕۆژ تائێوارە لەسەر ئەم شەقامانەی ئەم شارە پیاسە بکەن.

بەلام من پێشنیارێك دەکەم جا شارەوانی گوێم لێدەگریٚ یاخود زماننناسان ئەویش ئەوەیە کەئەم گەڕەکە ناوەکەی شیاو نییەو ئەحمەد ماهیری وەزیری دەرەوەی میسر بۆی هەیە شکاتمان لێبکات‌و لەسەر باوانە فیرعەونییەکانی هەڵباتیٚ، چونکە باوانی ئەوان شارستانییەتێکی زۆر گەورەیان بۆ نەوەکانیان جێهێشتووە بەلام ئەم فیرعەونانەی ئێمە تەنیا جەهالەت بەرهەم دێنن‌و شەڕو ئاژاوە بۆ نەوەکانی دواییان بەجێدەهێڵن. لەبەر ئەوە پێم باشە ناوەکەی لەفیرعەون ئاواوە بگۆڕنە دەفتەر ئاوا واتا دەفتەرە دۆلار ئاوەدانی کردۆتەوە.

*لەژمارە(271)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەڕۆژی 2006/4/26بڵاوبۆتەوە.

## تەڵقین و یاسینی ناو پاس

بەشێکی زۆری ژیانی ئەم خەڵکەی ئێمە لەناو پاسدا دەگوزەرێ و شۆفێری پاسیش ئەسڵەن حساب بۆ ئەوەناکات ئەو بەیانییە تۆ لەگەڵ ماڵە خەزورانت شەڕت بووە، یان خانمی یەکەمی ماڵەکەت ژەمی بەیانی نەداویتێ، یاخود بایعەکەتان شەکرو رۆنی لێ دزیوی، هەریەکەو لەئاوازێکەو یان دەنگی تەسجیل و رادیۆکەی بەرز دەکاتەوە، یاخود هۆڕن زۆر لێدەدات و ئیتر بەهەر شێوەیەك بێت دەیەوێ هەستت بریندارکات و هەودای خەیاڵت بپچڕێنێ و ناچاری دابەزینت کات و نەفەرێکی تر هەڵگرێت. بڕوانە ئەم کورتە چیرۆکە.

سەرمای ئەو بەیانییە مرۆڤی لەگۆ دەخست، وێستگەی پاسەکە جمەی دەهات، بەهەر شێوەیەك بێت سەرکەوتین، کاکی شۆفێر نازانم رقی لەگرانی جۆلێت هەستابوو یاخود ئیتر هەر حەزی لێبوو هێندەی عەشرەتەکەی (حوسنی موبارەك)ی بێ جێگرو رێگری سەرۆك کۆماری میسری قیبتی ریشی پێوەبوو. مرۆڤ ترسی لێدەنیشت، تۆ بڵێی ئەم پیاوە خۆی نەکێشێ بەترومبێلێکی ترداو سەری خۆیشی و ئێمەیش نەکات بەقوڕدا، چونکە ئەو رۆژانە تازە کردەوەو تەقینەوە گەورە تیرۆرستییەکانی شارەکانی بەغدادو بەعقوبە گیانی سەدان کەسیان لەبێ تاوان دروو بۆوەو مرۆڤ دەبوو بترسێت. رادیۆی پێکرد نازانم هی کام حزب و گرهی ئیسلامی بوو، کەسێکی دەنگ ناسازی نوزەڵە، بێهۆ دەگریاو دەکڕوزاو داوای لەخودا دەکرد بیبەخشێت، دیاربو زۆر تاوانباربوو، چونکە کۆتایی بەپاڕانەوەو گریانەکەی نەدەهێناو تا گەیشتە سەر مەسەلەی تەڵقین و یاسین و ئیتر سەرنشینەکان کەوتنە مقۆ مقۆ، ئەرێ ئەمە مزگەوتە یان پاسە؟ ئەمە رۆژی حەشرە یاخود رۆژێکی ئاسایی؟ هەبوو





بەچرپە دەیوت تۆ بڵێی کێ مردبێ و دیسانەوە تیرۆرستەکان کوێیان گرتێبەردابێت.

کاکی شۆفێر ئەوەندە گوێی لەو کابرا دەنگ ناسازەو نوزەڵەیە راگرتبوو گوێی بەهاواری سەرنشینەکان نەدەدا بۆ دابەزین، بۆیە دەبوو پڕ بەدنیا هاوارکەیت، ئینجا کاکی شۆفێر سەد مەتر لەشوێنی دیاریکراوی تۆ دوور دەکەوتەوەو دەوەستاو بە تورەییەوە وەك ئەوەی گیانی ئەم خەڵکە لەدەستی ئەودابێت و هائێستا ناتۆزێکی تر هەموومان دەکوژێت، ئەیوت ئەرێ زمانت نییە زووتر ئاگادارمکەیت کە جەنابی ناموبارەکت دادەبەزێت. رادیۆ بەردەوام بوو باسی رۆژی حەشرو عەزابی قەبرو قیامەتی دەکرد، بەجۆرێك مرۆڤی دەگەیاندە خەیاڵێك کە ئەسڵەن رۆژێك لەرۆژان لەشوێنێك نەژیاوە پێی بڵێن سەر زەوی و ئەمەی ئێمەی لێین دۆزەخەکەی خودای گەورەیە، نەك ئەم زەوییەی خانووی کرێی تێدا دەست ناکەوێت. واتدەزانی رۆژی حسابەو دەبو بیر لەوەکەیتەوە کەچ رۆژێك بەپێچەوانەی ویستی خوداوە جولاویتەوەو چەندت نەزەری حەرام و ماچی حەڵاڵکردووە.

بەرلەی بگەمە شوێنی دابەزینی خۆم بینیم سەرنشینەکان هەمووی دابەزیون و تەنیا ماوم، لەترسا وەخت بوو لەپەنجەرەی پاسەکەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە، بەپەلە دابەزیم و نەموێرا دەموچاوی کاکی شۆفێر بەتەواوی ببینم.

*لەژمارە(29) رۆژین لەڕۆژی یەك شەممە2006/3/26بڵاوبۆتەوە.

## ئەریٚ ئێمە ئەنفالکراین؟

جوولەکە نەدەبونە خاوەن دەوڵەتی ئیسرائیلو زاڵم بەسەر عەرەبەوە گەر هیتلەری دیکتاتۆرو خوێن ریٚژ لەهۆڵۆکۆستو ئاشیٚوتزدا پیٚنج ملیۆنی لیٚ نەسوتاندنایەو جینۆسایدی نەکردنایە، بەڵام ئەوانی جوو هاتنو ئەو کارەساتەیان کردە خاڵی وەرچەرخانو هەستانەوە لەدیرۆکی خۆیانداو لەوێوە کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆکردو وەك دەشبینین ئێستا ئەو دەوڵەتە لەخەم رەخسیوەو زۆر بەهێزەو وڵاتانی عەرەبو ناوچەکەو جیهانیش حسابی تایبەتی بۆدەکەن. هەموو ئەوەش بۆ کارەساتی هۆڵۆکۆستو ئاشێوتز دەگەڕێتەوە. ئێمەیش هەمان شێوەی جوولەکە بەدرێژایی مێژوومان هەوڵی هەستانەوەو دامەزراندنی قەوارەیەکمان داوەو زروفە مێژووییەکە یارمەتیدەرمان نەبووە، بەو قۆناغەی گەلی جووشدا تێپەڕیتینو وەك ئەوان نەمانتوانی سوودی لێوەرگرین.

بەکورتی دەکریٚ بڵێین دوای هەژدە ساڵ لەئەنفالکردنمان چیمان لەو کارەساتە دەست کەوتووەو تاچەندێك توانیومانە بەسوودی خۆمان بەکاری بێنین، چونکە جووەکان دوای سیٚ تاچوار ساڵێك لەجینۆسایدکردنیان سوودیان وەرگرتو دەوڵەتیان دامەزراند، بەڵام ئێمەی کورد سیٚ ساڵ دوای کارەساتەکە بوینە خاوەنی دووحکومەتو پەڕلەمانو زۆرترین دۆستو پشتیوان لەسەر ئاستی دنیا کەچی وەك دەبینین کارەساتەکانمان لەبیری خۆمان بردۆتەوە. ئەمساڵ بەهۆی رووداوەکەی هەڵەبجەوە یادی ئەو کارەساتەی ناو دیرۆکی ئێمە زۆر بەخامۆشیو دوور لەهەر جۆرە گوزراشتو ناڕەزاییەك تێپەڕیو کەسیش





پڕکێشی ئەوەی نەکرد بڵێت ئەریٚ بەڕاست ئێمە ئەنفالکراین.؟ ئەی کەئەنفالکراین بۆچی یادێکمان لەو ئەنفالکردنە نەکردەوە.؟

وابڕیارە دانیشتنی داهاتووی سەدام لەسەر مەسەلەی ئەنفالو جینۆسایدکردنی کورد بێت، کەلەدوای دوجێلەوە گەورەترین کارەساتێکی مرۆییە کەراستەوخۆ سەدامی دیکتاتۆرو یاریدەدەرەکانی ئەنجامیانداوە. ئەم دادگاییکردنە یەکشتمان لادروستدەکات ئەویش ئەوەیە تۆبڵێی بۆچی کورد خۆی بێدەنگ بێت لەو کارەساتەو لەبەغدادیش لەسەر ئەو کارەساتە ئەنجامدەرانی دادگاییدەکرێن.؟ ئەوەی کە یادی ئەنفال نەکرایەوە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەسەرکردایەتی کورد باش لەوە تێگەیشتوون کە چیتر خەڵك رازی نییە بەشیعرو پەخشانو وتاری بێسەروبەر یادەکانی بکرێنەوە، چونکە خەڵك ئیتر ژیانی دەوێت نەك شیعرۆکەو پەخشانی بیٚ مانا، خەڵك نانی دەوێت نەك ریز بەستنی سەرکردەکان بۆ خوێندنەوەی وتارۆکە، خەڵك گوزەرانی دەوێت نەك مۆنۆمێنتو پۆستو پلەوپایە لەبەغدادی نقومبوو لەخوێندا.

یاد نەکردنەوەی ئەنفال مانای شەرمەزاری سەرکردرایەتی کورد لەئاست کەسو کاری ئەنفالەکانو تەواوی خەڵکی کوردیشدا، شەرمەزاری لەوەی کە دوای پازدە ساڵ دەسەڵاتو حکومەتی کوردی هیچ خزمەتێك بەم خەڵکە ماندووە نەکراوە، شەرمەزاری لەوەی کە هەرچی سەروەتو سامانی سەرکردەکانە بەسەری ئەنفالو هەڵەبجە دەستکەوتووەو ئێستا روویان نییە بچنەوە بەردەمی خەڵك..

*لەژمارە(146)ی رۆژنامەی رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە 2006/4/16بڵاوبۆتەوە.

## چیمەنتۆو شتی تر

حکومەت دەڵێ من زەوی و پێشینەی خانووم داوەتە هاوڵاتیان ئیتر خەڵك بۆچی ناڕازییەو لەخۆشیدا هارنابێت، بەڵام هەر ئەو حکومەتە کارێکی وات پێدەکات نەك هەر لەچیمەنتۆ وەرنەگرتن پەشیمان ببیتەوە بەڵکو ئەسڵەن واز لەخانووکردن بێنی و بچیت لەو دەشتی عەربەتە دەوارێکی لێهەڵدەیت و بۆخۆت سوڵحی عەشایەری ئەو ناوچەیە بکەیت. لەسایەی ئەم حکومەتەوە عەشایەرەکانی ئەم وڵاتەش دانوویان پێکەوە ناکوڵێت. پێدانی چەند تەنێك چیمەنتۆ ئەویش دوای ساڵێك لەتەواو بوونی خانووەکەت ئەوەندەی باری شانی خەڵك قورسدەکات و نرخی چیمەنتۆ لەبازاڕەکاندا بەرز دەکاتەوە ئەوەندە یارمەتیدەری خەڵك نییە، ئاخر خەڵکێك بۆ وەرگرتنی ئەوەبڕە چیمەنتۆیە یەك ساڵ و نیو هاتووچۆی کارگەی چیمەنتۆکەی سەرچنار بکات و دواتر لەبازاڕدا بەگران بیکڕێتەوە، ئیتر ئەبێت سوودی چی لەو چیمەنتۆیە وەرگرێت؟ باشە حکومەت کەدەڵێ خزمەتی خەڵك دەکەم ناکرێت هەر لەگەڵ دەستپێکردنی خانووەکەدا چیمەنتۆ کە بداتە خەڵك.؟ هەڵبەت دەکرێت بەڵام خۆ ئەبێت سەروەتی کابرای خاوەن کۆمپانیای بەکرێ گرتنی چیمەونتۆکەش هەندێك زیاتر کات لەسەر حسابی ئێمە.

ساڵی پار خاوەن کۆرمپانیایەك بەحکومەتی هەرێمی وتبوو گەر ڕێگەم دەدەن دەچم لەئێرانەوە چیمەنتۆ دەهێنم و وادەکەم لەسەر خەڵك نزیکەی شەش سەد دینار بکەوێت بەمەرجێك ئێوە گومرگ و سەرانەم لێوەرنەگرن، کەچی حکومەت لەبری دەستی ماچکات و مەمنونی باوکیشی بێت وتبووی وەڵلا کەناوی وەڵلایە ئێمە بۆهەر تەنێك چینمەنتۆ پێنج سەد دینار گومرگ لەتۆ دەسەنین، کابراش وتبووی وەڵلا بەو وەڵلایەی





کەئێوەی کردۆتە مۆتەکە بەسەر گیانی خەڵکەوە ناماقووڵی واناکەم ئێوە لەسەر حسابی من دەوڵەمەتندتر بن. باشە گەر حکومەتێك بەڕاستی حکومەتی خەڵك بێت و خزمەتی خەڵك بکات دەبێ وابکات، یاخود دەبێت خۆی خەڵك بەکرێ گرێ و چیمەنتۆ بۆ خەڵك بێنێت. بەڵام ئیتر بەختی ئەم میللەتە وایەو خێر لەحکومەتەکەی خۆیشی نابینێت.

باسی گەندەڵی دەکەن و دەڵێن، بەجدی دەمانەوێ گەندەڵی نەمێنێ کەچی مامەڵەیەکت بەچوار مانگ لەفەرمانگەیەکدا بۆ ڕاییناکەن، چوار مانگە کارێکم لەوەزارەتێکەو دەمەوێ وەزیرەکەی ببینم کەچی هەر ڕۆژەو بەبیانوویەکەوە ئەو ئاواتە گەورەیەم نایەتەدی و ناهێڵن لەبینینی کاکی وەزیر بەهرەمەندبم، تاڕۆژێك تووڕەبووم و بەکاکی سکرتێرم وت چاوەکەم بەوەزیر بڵێ گەر بچوومایە بۆ دیداری خودای میهرەبان ئێستا دەمبینی و بەهەشتەکەم مسۆگەر دەکرد. بەڵام نازانم ئەم وەزیرەی ئێوە بۆچی ئەوەندە تەنك دەردەکەوێت و خۆی پێشانی ڕەعییەتەکەی نادات.؟ کاکی سکرتێریش زۆر بەهێمنی وتی وەڵلا برامنیش وەکو تۆ تامەزرۆی بینینی کاکی وەزیرم و جارهەیە بەدوو هەفتەیش نایبینم، ئیتر حکومەتی کوردی باسیری عەجەم بخوات و زوڕنای عارەبی بژەنێت چونکە ئێستا لەسایەی ئەم حکومەتەوە هەمووشتێکمان لەوڵاتی عەجەمانەوە بۆدێت، لەم ماوەیەدا بتڵێك ئاوم بینی لێی نوسرابوو مێدیئین ئەڵمانیا بەڵام کارگەکەی لەبەغدادە! بەغدادێك بەو هەموو کاولییەی خۆیەوە بتوانێت لقێکی کۆمپانییایەکی ئاوی کانزایی لەئەڵمانیاوە بهێنێتە ئێرە کە چی دوو حکومەتی کوردیمان هەیە ناتوانن ئەوەبکەن لەکاتێکدا باوەڕدارەکانی حکومەتی کوردی بەو ئاوی کانزاییە دەستنوێژیش هەڵدەگرن.

*لەژمارە(114)ی ڕۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی2006/4/17 بڵاوبۆتەوە.

## گوێ لەم چیرۆکە بگرە

کابرا هەر لەتەلەفزیۆندا بینیبوی وایزانیبو بەڕاستی ئەم وڵاتە لەدوای ڕۆیشتنی ئەم‌و لەسەر دەستی حکومەتی هەرێم بووەتە بەهەشتی سەر زەوی‌و ئیتر نەکەس کەس دەچەوسێنێتەوەو نەکەس زات دەکات ماڤی کەس بخوات، بۆیە خۆیی‌و خێزانی لەیەك دوو ڕۆژدا بارگەو بنەیان لەئەوروپاوە بەرەو کوردستانی ئازادو دیموکرات تێکنا. هەر بەگەیشتنەوەیان لەفەرمانگەی دروستی ئاژەڵ دامەزران، دوای ماوەیەك بۆیان دەرکەوت بەڕیوەبەرەکەیان ئاستی زانستی زۆر لەخوار خۆیانەوەیە، دواتر بەمەبەستی کوتانی ڕەشە وڵاخ بەرەو بناری کۆسرەت دەیاننێرن بەڵام خەڵکی گوند وڵاخەکانیان ئامادەناکەن‌و ئەمانیش ئیمزای ئەنجومەن وەردەگرن بۆ ئەوەی پێشانی بەڕێوەبەرەکەیانی بدەن تابزانیٚ کە لەو گوندە هیچ مانگاو گوێرەکەیەك نەکوتراوە، بەڵام لەکۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە کاکی بەڕێوەبەر بەناوی کوتانی ڕەشەوڵاخەوەو بەسەری گەشتە زانستییەکەی ئەمان سیٚ لیتر دەرمانی کوتانی نوسیوە، هەر لیترێك بە(50)دۆلارە واتا جەنابی (150)دۆلاری بەسەری ئەمان کردۆتە گیرفانییەوە.

بائیتر کاکی هەندەرانی حۆی بدوێت: چیتان عەرزکەم، لەهەڵمەتی بنەبڕکردنی نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندەدا سیٚ تیممان پێکهێنا بۆ لەناوبردنی پەلەوەرەکان، بەپێی داوای قائیمام‌و ئەو نامەیەی ئاراستەمان کرا، دەبوو هەر تیمێك لەپزیشکێك‌و چەند کارمەندو پاسەوانێك پێکبێت کەلە(23)کەس تێپەڕنەکات، بەڵام جەنابی بەڕێوەبەر لیستێکی(40) ناوی بۆ تیمەکەی خۆی ئامادە کرد واتا(17)ناوی زیادەی نوسیوە کەدواتر پارەی هەموویان لوشدەدات، ئافەرم. کرێی ڕۆژانەی یەك





کەس لەوتیمە بە(10) دە هەزار دیاریکراوە، ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو، واتا ئەو دکتۆرە بەڕێوەبەرە بەڕێزو نیشتمان پەروەرە، منەوەرە(950) هەزار دیناری عێراقی نوێی خستە تەنکەی گیرفانە قوڵووبێبنەکەیەوە. جگەلەوەش هاوسەرەکەشم کە هەر دکتۆرەو لەگەڵ خۆماندابووە لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەردا نانیان خواردووە وتی هەموو ژەمێك چەند نەفەرێك خواردنی سەفەرییان بۆ خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان بردۆتەوە. دواتریش بەکاکی چێشتخانەی وتبوو لەکۆتاییدا حسابەکە بکەرە دوو کەرتەوە بۆ ئەوەی هەر تیمەو پارەی خۆی بدات‌و جەنابیشی دیسانەوە پارەیەکی زۆری چنگ کەوت.

جاگوێبگرن ئەم پیاوەش هاوشێوەی تەواوی بەپرسەکانی کورد تێرخواردنی بۆنییە، بۆیە بۆئەوەی گۆڕەپانەکەی بۆ چۆڵ بێت ڕۆژانە دەفتەری ئیمزاکەی لەمن‌و هاوسەرەکەم دەشاردەوەو تا گەیشتە ئەوەی بەپشتگیری قائیملقام ئێمەیان هەر یەکەو بەلایەکدا هەڵداو جەنابیشی قائیمامی لەپشتەو ئیتر حکومەتیش باهەر بالۆرەی گەندەڵی بژەنیٚ‌و بانگەشەی دیموکراسی‌و ماڤی بەشەر بداتە بەگوێی خەڵکی کەڕو لاڵدا. شتێك ماوە بیڵێم هەر کاتێك باسی ئەو دزی‌و فزییەی بەڕێوەبەرمان لەبەردەم خۆیدا بکردایە یەکسەر دەیوت جەنابی عالی قائیملمقامیش ئاگای لەهەموو شتێکە، لێرەدا کۆتایی بەگێڕانەوەی کابرا هات‌و منیش تەنیا هێندەم هەیە لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس) بڵێم گەر بۆم دەکرا خوام دادەگرتە سەر زەوی تاپێی بڵێم دۆزەخ ئەوەتا لێرەیەو بەهەشتیش لێرە دێتە دی.

*لەژمارە()ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەڕۆژی چوار شەممە 2006/5/3بڵاوبۆتەوە.

## نەوەی نوێ

نەوەی نوێ لەکورتترین پێناسەیدا مانای ئەوەی لەنەوەی پێشخۆی نەچێت، باوەڕی بەزۆرینەی ئەو بەهاو نەریتانە نەبێت کەپێشتر باوەڕیان پێی هەبووە، مانای ئەوەی ئەو بیکاتو پیرەکان لەبەرکەی بخۆن. مانای ئەوەی ئەوان شەهیدبن لەپێناوی کەرکوکداو یەکێتیو پارتیش کەرکوک بکەنە دوولەتی یەکسانەوە. نەوەی نوێی کورد نەوەی سەردەمی ئینتەرنێتو مۆبایلە، نەوەیەکە وەك نەوەکانی پێشتر حەوت بازاڕ بەشوێن فیلمی ئیغرادا ناگەڕێت تا لەودیو دەرگای داخراوی ژوورەکانی ماڵەوە بەقاچاخ سەیری بکات. ئەم نەوەیە لەسەنتەرەکانی ئینتەرنێتدا چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو لەڕێگەی چاتەوە هاوڕێیەتی دروست دەکات، ئەم نەوەیە دژی کۆنترۆڵو سزایەو خۆی بەکوڕی دایكو باوكێكی كلاسیك نازانێت. ئەم نەوەیە چاودێری ژیانی کەس ناکاتو ناشییەوێ چاودێری بکرێت، ئەم نەوەیە گوێ بەحیکایەتەکانی رابردوونادادتو قارەمانێی لای ئەم گرتنی کەپلێکی جوانو ماچکردنێتی نەك گرتنی نۆزدە رەبییەو دوو مقەڕ سرییە.

ئەم نەوەیە ئەوروپای بینیوەو سواری شەمەندۆفێرو فڕۆکە بووەو لەئاوی دەریادا مەلەی کردووەو بەمەلەی مەلەوانگە پیسو پۆخڵەکانی ئەم وڵاتە رازینابێت، سەتەلایتو کەناڵە رووتو قووتەکانی بینیوەو چیتر چاوەڕێی ئەوەناکات کەناڵە لۆکاڵییەکانی خۆمان دوای حیکایەتی دەبارە بووەوەو بێسەروبنی سەرکردەکان ئینجا فیلمێکی زۆر بێ مانا ببینێو دواتریش لەکاتی ماچێکدا زرم لەپەلەپەلیدا کەناڵەکە بکوژێننەوە.! ئەم نەوەیە گرفتی نییە کوردستان لەمەترسیدایە یاخود عێراق، گرفتی ئەوەیە





ژیانێکی تەندروستانە بژیو کاوبۆی تەسك لەپێکاتو زنجیر بکاتە ملیو سەکسوکێك بهێڵێتەوەو هۆقەیەك جێڵ لەقژی بداتو لەگەڵ کچێکی ناسكو نازداردا لەپارکە بێ چاودێرو پۆلیسە نەخوێندەوارکاندا پیاسەیەك بکاتو ژوانێکی رۆمانسی بەسەر بەرێتو گەر ئارەزووی جولاّ ماچێکیش بکات. ئەم نەوەیە بۆ مەرگی مەسئولی پیرو پەککەوتە ناگریو نایەوێ لەپێناوی نیشتمانێکدا خۆی رووتو برسیکات کەدواتر هەندێك بێ مێشك بەرهەمەکەی بچننەوە.

ئەم نەوەیە چەپڵە بۆ قسەی زلی سەرکردەکان لێنادات کە شەوانە بەموناسەبەو بێ موناسەبە هەر دەیڕێسن، ئەم نەوەیە خۆڵ ناکرێتە چاویو چیرۆکەکانی کوردایەتی حەماسی ناجولێنن. ئەم نەوەیە حکومەتێکی کوردی ناوێت کە ژیانی بۆ دابین نەکات، حکومەتێکی ناوێت غازو نەوتو بەنزینی بەگران پێبفرۆشێتەو شەوو رۆژی دوو کاتژمێر کارەبای بداتێ. حکومەتێکی ناوێت نەتوانێ دوو هۆدەو هەیوانێکی بەنرخێکی هەرزان بۆ بگرێت. ئەم نەوەیە لەپرسەو ئاهەنگەکاندا لەبەر مەسئولەکان هەڵناسێت، ناچێتە کۆڕو کۆبوونەوەکانیانەوە، گیرفانی بەهەوێی حزبەکان گلاّوناکاتو دەنگ بۆ هەڵبژاردنو پڕۆتۆکۆڵە بازرگانییەکانیان ناداتو خۆی بەخەڵکی وڵاتێك نازانێ کەشوێنی ژیانو خەوتنی بۆ دەستەبەر نەکات. بەقەولی کابرای لوبنانی ئەم نەوەیە تەنیا پێڵاوەکانی دەیبەستێتەوە بەنیشتمانەوەو وەك بەرپرسە حزبیو حکومییەکانمان لەخەمی خۆیدایە نەك لەخەمی نیشتمان.

*لەژمارە(31)ی رۆژنامەی رۆژین لەڕۆژییەك شەممە2006/4/23بڵاوبۆتەوە.

## ئێوە بەنیازن کەی خزمەتی خەڵك بکەن؟

نزیکەی پازدە ساڵە حکومەتی کوردی هەیەو جگەلە سەروەتو سامانو گومرگی ناوخۆو ئەو سەرانەیەی حکومەت لەخەڵکی دەسەنێت لە ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپاشەوە بەسەدان ملیۆن دۆلار وەك کۆمەك دراوەتە حکومەتی کوردیو کەچی رۆژ بەرۆژ خەڵك بێزارتر دەبێت لەحکومەتو ئیدارەی کوردیو ئێستا خەڵك نەك هەر باوەڕی بەکوردایەتیو دروشمەکانی شۆڕش نەماوە بەڵکو ئینتمای بۆ کوردستانیش نەماوە. پازدە ساڵە ئێوە پازدە هەزار جار بەڵێنتان بەخەڵکدا خزمەتی بکەنو لەدەمی خۆتانی بگرنەوەو بیکەنە دەمی خەڵکەوە کەچی ئێوە خاوەنی بەڵێنەکانتان نەبوونو نەك هەر خزمەتتان نەکرد بەڵکو خەریکە سواری کۆڵی خەڵك دەبنو بەزیندویی بمانخەنە چاڵەوە.

لەئێستاشدا کەخەڵك جامی سەبرو تەحەمولی لێی دەڕژێو دەیەوێ حساب لەگەڵ ئێوە یەکلاییکاتەوە، ئێوە پێمان دەڵێن گێرەشێوێنو بەکرێگیراوی ئێرانو دەستی دەرەکی لەکاتێکدا ئێمەیشو ئێوەیش چاك دەزانین کێ بەکرێگیراوەو کێش دەستی دەرەکی، بەکرێگیراو ئەوانەن کەداوای مافی خۆیان دەکەن یاخود ئەوانەی کەمافی ئەم خەڵکە ماندووە دەخۆنو کولانە مریشکێکیش بەهاوڵاتییەکی قوربانیدەری هەڵەبجە رەوانابیننو پەیتا پەیتا وەفدی ئەوروپی دەهێننە هەڵەبجە بۆ ئەوەی پارەی پێ پەیدا کەن؟ بەکرێگیراو خەڵکێکی سادەو ساکارە کەدەیەوێت ژیانێکی زۆر سادە بژی یان ئەوانەی لەسەر خوێنی ئێمە لەگەڕەکی فیرعەونەکان کۆشکی هەور بڕ بنیات دەنێن؟ بەکرێگیراو ئێمەین یان ئەوانەی نیو سەدەیە شەڕی کورد کوژی دەکەنو ئامادەنین دوو ئیدارەی





زۆر فاسدو پڕ لەدزو جەردە بکەنەوە بەیەكو یەك وەزیر لەسەردزیو قومارکردن لەسێدارە بدەن.

هێشتا لەکوێتانە با تەواو خەڵك پڕ بێت لێتان ئەوسا پێتان دەڵێ کێ بەکرێگیراوەو کێش خزمەت گوزاری ئەم وڵاتە، رۆژێك دێت بەهاواری خەڵك بۆ ورگ هەڵدڕینی ئێوە خەبەرتان بێتەوەو هەرچی خواردووتانە لێتان دەر بێنێتەوە. ئەوەندە بوغرا بوون ئامادەنین گوێ لەتەلیفۆنو سکاڵای خەڵکی رەشو رووت بگرن، ئەوخەڵکەی رۆژانێك لەگوندەکاندا باشترینو نەرمترین بەتانیو لێفەی لەسەر خۆیوماڵو منداڵی لادەبردوو دەیدا بەسەر ئێوەدا. ئێوە ناتانەوێ خزمەتی خەڵك کەن، گەرنا یەك ساڵ واز لەمووچەو نەسرییەو ئەم لاو لای خۆتان بێنن هەموو کوردستان لەباشترین دۆخی ئابووریدا دەژی، ئەو هەموو زەریبەو گومرگو سەرانەیە لەخەڵك وەردەگرنو خەڵکیش تائێستا لێینەپرسیون ئەری ئێوە ئەو هەموو پارەیە بۆ کوێدەبەنو چۆن خەرجیدەکەن، چونکە هەرچی موچەو پارەیەك بۆ ئاوەدانی ئەم وڵاتە دێت لەبەغدادەوە دێتو ئێوەش ئامادەنین دەست لەزەریبەو گومرگی خۆتان هەڵگرن، بەڵام رەنگە ئەو رۆژە نزیك بێت خەڵك دەستان لەبندا ببڕێتەوەو دەرسی هەموو ئەوانەش دابدات کە بەنیازە ئەم خەڵکە بچەوسێنێتەوە.

*لەژمارە()ی رۆژنامەی بەرگری لەئایاری 2006بڵاوبۆتەوە.

## ئەم کۆمەڵگەیە بۆگەنی کردووە

لێرەدا مەبەستم کۆمەڵگەیە نەك (کۆمەڵەگا) کە یەکێك لەسەرکردەکانی کورد لەوتارێکیدا وتبووی ئەم کۆمەڵە (گا)یەی کوردستان بەرەو پێشەوە دەڕوات، یەکێ نەزانێ ئەم پیاوە (ئەنتۆنیۆ گرامشی) ئیتالییە، دیارە بەرەو پێشەوە دەڕوات چونکە جەنابی مەبەستی کۆمەڵەگاکەی ناوچەی (تانجەرۆ)ی نزیك دژبانییەکی عەربەت بووە کە ساڵانە بەشی هەموو کوردستان قەیماغ بەرهەم دێنن بۆ بەرچایی مەسئولە برسییەکانی ئێمە. ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر ڕێگەی بۆگەن بوونێکی ئیقلیمگیرە کەڕەنگە دواجار ئەو بۆگەنە هەمووومان کوێرکات، ئەگەر بۆگەن بوون نەبێت چۆن ژنێك بەو هەموو میهرەبانییەی خۆیەوە جورئەت دەکات مناڵێکی سێ ساڵو نیو بەدەستو پەنجەی خۆی بخنکێنێ، ئەمە بۆگەن بوون نییە، دەستت بچێتە خوێنی دراوسێیەکی خۆت ئیتر بەهەر بیانوویەکەوە بێت لەکاتێکدا ئەو دراوسێیەت مناڵێك بێت کەهێشتا تەواو فێری قسەنەبووبێو ڕەنگە خوێنو مردنی نەبینیبێت.؟ ئەمە بۆگەن بوون نییە شێخ نێربازبێتو دوای نێربازییەکەیشی خەڵك پارچە پارچە بکات.؟ ئەمە بۆگەنبوون نییە کەسێك دەرچووی کۆلێژی زانستی سیاسی بێتو نامەی ماستەرەکەی لەسەر مافی مرۆڤ بێت لەکوردستانداو دواتر بچێتە گروپەکەی شێخ زاناوەو خەڵك لەت لەتکات.؟

لەم ماوەیەشدا لەو دەشتی شارەزورە پیاوێکی روناکبیری سەر بەحزبێت کەبینی بووی کۆمەڵێك مانگا چوونەتە ناو پەڵە گەنمەکەیەوە یەکسەر نەیکردبووە نامەردیو حەفتاو پێنجی میل هێنابۆوەو وای زانیبو یەك لەشکر کۆماندۆی بەعسی لەبەرامبەرە پیایاندا ڕشاندبووی چواردە مانگای کردبووە قوربانی عەقڵی خاوی خۆی، تۆسەیرکە یابان بزانێت





خەڵکی وامان هەیە هێشتا یەك مایکرۆگرام لەمێشکی بەکار نەهاتووە یەکسەر دێتو ئەم وڵاتە بەکرێ لەحکومەتی هەرێم وەردەگرێتو ئەوسا خەڵك لەبری رقی لەحکومەتو بەرپرسەکانی بێت رقی لەیابانو جۆنی شیرۆ کیرۆزۆمیو جاکی شانو لینجۆی ساڵی شەستەکان دەبێتەوە. کۆمەڵگە چۆن بۆگەن نابێت کاتێك نەحکومەت دەیەوێ خەڵك بەئاراستەیەکی باشدا بەرێت نە بەرپەرسەکانی، هەموو خەریکی گیرفان پڕکردنو ورگ زلکردنن ئیتر لەو لایشەوە هەم شێخ دەبێتە نێربازو تەور وەشێن هەم ژن دەستی دەچێتە مناڵی دراوسێکەی.

لەهەفتەی رابردودا باوکێك کوڕەکەی خۆی لەشیرین خەودا کوشت، ڕەنگە ئەو کوڕە خەونی بەجوانترین دیناوە بینی بێت بەڵام ڕەوانەی ئەو دنیایان کرد، چیرۆکی کوشتنی ئەم کوڕە لەوێوەدەست  پێدەکات کاتێك حەزی لەکچێك بووەو برای کچەکە لەگەڵیدا بینیویێتی، دواتر هەڕەشەی لێکردووە، کاتێکیش باوکی کوڕە بەم بەزمە دەزانێت خۆی ئەقڵی حەکیمانەی دەخاتە کارو کوڕەکەی دەکوژێت ئەمە بەخاتری ئەوەی لەگەڵ ماڵی کچەدا نەکەونە دوژمنایەتیو کێشەی عەشرەتگەرییەوەو هەرلێرەداو لەناو جێگەی نوستنندا کۆتایی بەگرفتە ئاڵۆزەکە بێنێ کەڕەنگە لەکێشەی عەرەب ئیسرائیل گرنگنگتر بووبێت. ئەمانە هەمووی بەڵگەی بۆگەنبوونو داڕزانی ئەم کۆمەڵگەیە دەخەنە روو، کۆمەڵگەیەك مناڵ بکوژێو ژن بکوژێو لەسەر پاروویەك گژوگیا چواردە مانگا لەلەوەڕبخاتو لەسەر حەزکردن لەکچێك کوڕێك لەخەوکاتو وەك کارە کۆرپە سەریبڕێ هەڵبەت کۆمەڵگەیەکی بۆگەنە.

*لەژمارە(115ی رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی دوو شەممە 2006/5/1 بڵاوبۆتەوە.

## ڕێگەکانی دەوڵەمەندبوون

پێش ڕاپەڕین شاری سلێمانی تەنیا دوو سەرمایەداری تێدابوو ئەوانیش (فوئادی شێخ حەسەنو فایەقی کوڵەك) بوون ئەو دوو بەڕێزە سەروەتەکەیان نەدەگەیشتە ملیۆنێك دینارو هەموو خەڵکیش چاوی لەسەریان بوو دەیانوت ئەو دوو دەوڵەمەندە بەعسیان لەپشتەو بەعس دەوڵەمەندی کردوون، بەکورتی خەڵك دەیوت ئەوانە بەعسین. ڕاپەڕین هاتو ئەو دووە ناویان لەکودی تەڕوبڕو کەسکیشدا نەماو لەشوێنی ئەوانو بەپشتی پارتیو یەکێتی هەزاران خەڵکی تری سەد قاتی ئەوان دەوڵەمەندتر پەیدابوون. سەروەتی ئەودووانە بەکاسبی پەیدابوو، بەڵام سەروەتی مەسئولەکانی ئێمە لەهیچەوە پەیدابوو تەنیا هێندە هەیە چەند ساڵێك پێشمەرگەبوون. لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕێگەکانی دەوڵەمەندبوون چینو لەکوێوە بۆی دەچین.؟ ئێستا دنیا گۆڕاوەو پێویست بەوە ناکات خۆتوماڵو مناڵت بخەیتە فەلاکەتەوەو سەروەت کۆکەیتەوە تەنیا هێندە بەسە پێشمەرگە بووبیت، گەر پێشمەرگەش نەبوویت باوکت پێشمەرگە بووبێت، گەر ئەوەش هەرنییە باوکت یاخود خۆت بەهەرجۆرو بۆ هەرمەبەستێك تفەنگت کردبێتە شان ئیتر بەجاشێتی یاخود بەباشێتی گرنگ ئەوەیە تۆ بەر لەراپەڕین تفەنگێکت بەشانەوە بووبێت.

دەکرێ بڵێین ڕۆژێك لەڕۆژان تەقەت کردبێت ئیتر لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدا بووە یا لەرەبییەی سەربازیو جاشێتیدا بووە، یا لەدزیو ڕێگریدا بووە، یاخود لەزەماوەندو بۆنە حکومییەکانی پێش ڕاپەڕیندا بووە گرنگ ئەوەیە تەقەت کردبێتو بزانی چۆن پەنجە بەپەلەپیتەکەدا دەنێی. ڕێگەیەکی تری دەوڵەمەندبوون ئەوەیە خزمێکت مەسئول بێت، جاگەر مەسئولی گەورەبێت بۆتۆ باشترە، گەر ئەوەش نەبوو خزمێکی ترت ئاغا، یاخود سەرۆك عەشیرەت بێت، گەر باوکت





بنەماڵەیەکی ناسراوو خانەدانو وەجاخ زادەی هەبێت ئەوە هەر زۆرباشە. چونکە ئەوانە هەمووی بۆتۆ دەبنە پاڵپشتو لەهەر کوێ بتەوێ زەویت دەدەنێو تەندەرت بۆ دەردەچێننو پڕۆژەی سەقەتی پڕ لەپارەی ئەم خاكو ئاوەت دەخەنە بەردەست، وەك چۆن بانکی ڕافیدەین چوار ساڵ بۆ زەوییەك گەڕان لەسەر شەقامی سالم بیکەنە بینای بانکەکەیان کەچی نەیاندانێو وتیان نییە، بەڵام زەویان لەسەر هەمان شەقامو لەناوجەرگەی شاردا داوەتە برادەرێك بەحساب پێشمەرگەی کۆنەو ئێستا ئەویش تەنیا ژێر زەمینەکەی داوەتە بانکی ڕافیدەین بە(55)وەرقەی سەد دۆلاری بڕۆ بەخێرهاتی حکومەت، دیموکراسیو خزمەتکردنی خەڵك هەروادەبێت، لەدنیادا بووە بانکی حکومی کرێچی خەڵکێك بێت کە تەنیا چەند ساڵێك پێشمەرگایەتییەکی بێوەی کردووە.؟

ڕێگەیەکی تری بوون بەسەرمایەدار دەنگە واتا وەك بولبول بۆ حزبو ڕۆڵەکانی حزب بخوێنێ زەکەریا لەپێش هەڵبژاردنەکاندا لەهەولێر ئاهەنگێکی گێڕا لەپڕ لەگەرمەی گۆرانی سەقەتکردندا هاواری دەکرد دەنگ بدە بە(حەفسەدو سی بیرتان نەچێت) زەکەریا خۆی لەگێلی دەدات گەرنا دەزانێ کەئەم دوو حزبە ئەم میللەتەیان توشی ئاڵۆشو گولی کردووە بەسیاسەتە سەقەتەکانی خۆیان. بەڵام ئەوباش دەزانێ حەفسەدو سی پارەی خستۆتە بەردەمو زەوی داوەتێو ئەویش دەیکاتە (پاك سیتی)و دواتر هەر شووقەیەکی بەدوو سەد هەزار دۆلار دەفرۆشێت، بۆئەوەی دەوڵەمەند بیت دەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان گۆرانیت وتبێ، هەرنەبێ نووزەیەك بەگەروتا هاتبێتە خوار، بەڵام بەهەڵە تێنەکەوی لەمەشیاندا دیسانەوە پێویستت بەمەسئولو ئاغاو سەرۆك عەشیرەت هەر دەبێت چونکە لەبنەڕەتدا حکومەتەکەمان حکومەتی ئاغاو کوێخاو سەرۆك عەشیرەتە.

*لەژمارە(147)ی ڕۆژنامەی ڕۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە 2006/4/30بڵاوبۆتەوە.

## کێ شایانی دادگاییکردنە؟

پازدە ساڵە بەناوی حکومەتی کوردی‌و کوردایەتی‌و نیشتمان پەروەرییەوە خەڵکی کورد دەڕوتێننەوەو وەك مێشولەی مەلاریا خوێنمان دەمژن‌و تائێستاش نەیانتوانیوە بچوکترین پێداویستی ئەم خەڵکە دابینکەن‌و کەچی شەوانەش لەشاشەی تیڤییەکانەوە یەك دنیا منەت بەسەر خەڵکدا دەکەن‌و دەڵێن ئێمە ئێوەمان لەڕۆژە ڕەشەکاندا پاراست! کەچی لەسەروەختی ئەنفالیشدا هەر ئەوان نەیانهێشت ئەو خەڵکە گوندەکان چۆڵکەن‌و روو لەشارەکان کەن‌و لەدەستی ڕەشی بەعس رزگاریان بێت‌و لەنوگرە سەلمان‌و عەرعەر بەزیندویی نەکرێنە چاڵەوە. پازدە ساڵە هەرچی گومرگ‌و سەرانەی ئەم وڵاتەیە دەچێتە گیرفانە قوڵەکانی ئەمانی نیشتمان پەروەرو خاوەن حکومەتەوەو کەسیش لێی نەپرسیون ئەرێ ئێوە ئەو پارەیە چیلێدەکەن‌و وەك دەشیخۆن لانیکەم شەڕی لەسەر مەکەن.! پازدە ساڵە ئەمانە ناوجەرگی ئەم خەڵکەیان ڕەشکردۆتەوەو هەر ساڵەو بەبیانوویەك‌و هەر مانگەو بەدەردێکەوە دەیتلێننەوەو وایلێدەکەن گەندەڵی‌و فەسادی تابینەقاقا ڕۆچووی ئەمانی بیرچێتەوەو حسابیان لەگەڵ نەکات. ئەمانە ساڵێك مریشکی کلاو لارو ساڵێك غازی ملباریکی ئێرانی‌و ساڵێك بەنزینی پڕ لەئاوی وەك جەلی بەخەڵك دەفرۆشنەوەو بەهەموو شێوەیەك زوڵم لەخەڵك دەکەن‌و شەوانە تاریکی بەسەر تەواوی کوردستاندا پەخش دەکەن‌و تەنیا کاتی هەواڵە پڕ لەدرۆو دەلەسەکانیان کارەبای خەڵك دەدەنەوە.

پازدە ساڵە بەناوی دیموکراسییەت‌و حکومەتکردنەوە دەستتان وەرداوەتە بچوکترین کاروباری ئینسان‌و بۆهەر پیشەو کارێك





سەندیکایەکی پڕلەجاسووس‌و ئەندامی خۆیان دامەزراندووەو وایان کردووە دەبێت بۆچوونە سەرئاوو خەوتن لەگەڵ ژنی خۆشتدا پرس بەوان بکەیت، دواجار هەموو ئەوانەش رژێمێکی تۆتالیتاری دیکتاتۆری هاوشێوەی سەدام‌و حکومەتە ستالینییەکانی سەردەمی شەڕی سارد بەرهەم دێنێ‌و ئەوسا لەسەر دەستی حکومەتی کوردی ئەنفال دەکرێین نەك حکومەتێکی عەرەبی یاخود عەجەمی‌و تورکی. باشە لێرەدا کێ شایانی لێپێچینەوەو دادگاییکردنە ئەوانەی سەروەت‌و سامانی ئەم خەڵکە بەفیڕۆدەدەن‌و شاپان‌و ڕاپانی پێوە دەکەن یاخود ئەوانە ستونێك یان وتارۆکەیەك لەرۆژنامەیەکدا بڵاودەکەنەوەو باس لەگەندەڵی بەرپرسێك دەکەن.؟ دەبێ کێ دادگاییکرێت ئەوانەی سی ساڵە بەناوی کوردایەتییەوە کورد دەکوژن یاخود ئەوانەی پازدە ساڵە بەناوی حکومەتکردنەوە خەڵك دەڕووتێننەوە؟ یان ئەوانەی ستونێك یان نوسینێك لە رۆژنامەیەکدا بڵاو دەکەنەوە؟ بەڕاست گەر بڕیارە بەو دادگا مەتاتییەی رۆژنامەنوسی پێدادگاییدەکەن لێپێچینەوە لەخەڵك بکەن دەبا دادگاییەکە هەموو کوردستان بگرێتەوەو سەرەتاش لەفەرماندەی بەرەکانی جەنگی کورد کوژییەوە دەستپێبکرێت تادەگاتە سەر وەزیرە قومارچی‌و بەڕێوەبەرە گشتییە گەندەڵەکانی حکومەتی کوردی، ئەوسا ساغدەبێتەوە کێ ئەم وڵاتەی خۆشدەوێ‌و کێش رقی لێیەتی‌و کێش دەیەوێ بەناوی دیموکراسی‌و بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەتەوە گەورەترین درۆ لەگەڵ ئەم خەڵکە لەزەلکاو جێماوەدا بکات.

*لەژمارە(32)ی رۆژنانەی رۆژین لەڕۆژی دووشەممە 2006/5/8 بڵاوبۆتەوە.

## خەمەكانی گەنج

ماوەیەکە قسەی زۆر لەسەر گەنج دەکرێت، گەنج لەلایەن دەسەڵاتەوە حسابی بۆ ناکرێت‌و پەراوێز خراوە، گەنج بێکارەو لەدوای دەرچوونی لەزانکۆو پەیمانگاو شوێنەکانی تر دانامەزرێت‌و گەنج لەم وڵاتەدا ژیانێکی پڕ چەرمە سەرییانە دەژی‌و زۆر قسەیتریش. بەڵام ئەم قسانە بۆکێ دەکرێت‌و کێ ئامادەیە گوێ لەقسەگەلێکی لەوبابەتە بگرێت‌و بەشوێن چارەسەریدا بگەڕێت بۆی.؟ ئەم قسانەی کەوەك رەخنەیەك گەنج ئاراستەی دەسەڵات‌و بەرپرسانی کوردی دەکات، چەندە دەسەڵات تێیدا تاوانبارە هێندەش گەنج خۆی تاوانبارە تێیدا، یان دروستتر دەکرێ بڵێین چەند دەسەڵات بەرپرسە لە پەراوێز خستنی گەنج‌و لێنەپرسینەوەی دەهێندەش گەنج خۆی بەرپرسە لەو پەراوێز خستن‌و حساب بۆ نەکردنە.

گەنج کێیەو دەبێت چیبکات‌و چی بۆبکرێت. ئەمە ئەو پرسیارەیە دەکرێت گەنجانی ئێمە لەخۆیانی بکەن.؟ گەنج لەڕووی بایلۆژییەوە ئەو قۆناغەی ژیانی مرۆڤە بەنێرو مێوە کە زۆرترین وزەی ژیانی تێدایەو دەکرێت خۆی لەسەر بنیات بنێ، گەنج دەبێت وەك تاكێك خۆی دروستکات‌و دیسان بەپێی قەبارەو توانای خۆی خزمەتێکی هەر چەند بچوکیش بێت بەوڵاتەکەی بگەیەنێت، دواتر دەبێت وڵاتیش یاخود دەوڵەتیش خزمەتی گەنج بکات‌و هەرنەبێت سەرەتاییترین مافەکانی بۆ دابینکات.

بەڵام لەم وڵاتەی ئێمەدا گەنج بۆتە دووبەش بەشێکی زۆری لەخزمەتی ئەو دەسەڵاتەدایە کە هۆی سەرەکی بەدبەختییەکانییەتی‌و بەشە بچوکەکەیشی لەبەر پەڕاگەندەیی‌و لێکترازانی خۆی هیچی بۆ ناکرێت،





ئالێرە تێدەگەین کەبۆچی دەسەڵات بایەخ بەگەنجەکان نادات، چونکە بەشە زۆرەکەی گەنجی ئێمە لەڕێکخراوەکانی خوێندکاران‌و قوتابیان‌و ئیتر باقی رێکخراوەکانی تردا کە دەسەڵات لەژێر ناوی تردا دروستیکردوون کۆبوونەتەوەو لەموناسەبەو یادەکانی حزب‌و سەرکردە کۆچکردوەکانیاندا دەیان هێننە سەر شەقامەکان‌و باس لەشەهامەتی دەسەڵات دەکەن، بۆیە دەسەڵاتیش بەو جۆرە رەفتار دەکات‌و زۆر بێباکە لەبێکاری‌و بێبەشی گەنج.

لێرەیشەوە گەنجی ئێمە حسابی بۆ ناکرێت‌و دەبێت دوو ساڵ چاوەڕوانی خانوویەکی زۆر بچووك‌و بێ بچوکترین کەسەری ماڵ بکات تا دەزگیرانەکەی دەگوازێتەوەو دەبێتە خاوەن ماڵ‌و میوان. تائەو کاتەی گەنجی ئێمەش دوای حزبەکان‌و شەهیدەکانیان کەوێت‌و ببێتە چەپڵەلێدەری سەرکردەکان هیچی بۆ ناکرێت‌و هیچیش فێرنابێت‌و هەموو ژیانی یەکسان دەبێت بەسفر.

## گەنجو ئیرادە

کەباسی گەنج دەکرێت یەکسەر ئیرادە دێتە بەرچاو، واتا گەنج بەو پێیەی تونای جەستەیی زۆرەو هێشتا لەهەرەتی تەمەندایە ئیرادەی زۆر بەهێزە. دەتوانێ زۆر کاربکات کەخەڵکی بەتەمەنو بەساڵاچوو بۆی ناکرێت، دەتوانێ ڕێڕەوی مێژوو وەرسوڕێنێ، شۆڕشەکان هەڵگیرسێنێو رابەرایەتییان بکات، هەموو سەرکردەکانی دنیا لەتەمەنی گەنجییەوە دەستیان داوەتە خەباتو بوونەتە ئەوەی ئەمڕۆ نەك سەرکردایەتی وڵاتێك بەڵکو زۆر جار سەرکردایەتی جیهانێك بکەن. هەموو سەرکردەو بەرپرسەکانی ئەمڕۆی کوردستان سەرەتا لەگەنجییەوە دەستیان پێکردووەو ئێستاش کەگەیشتونەتە دەسەڵاتو تەمەنیان بەرەو سەر ڕۆییوە باوەڕیان بەتوانای گەنج نەماوەو پەراوێزیان خستووە. بەڵام هەمان ئەو سەرکردەو بەرپرسانەی ئێمە باوەڕیان بەوە ماوەو داکۆکیشی لێدەکەن ئەو گەنجەی کەمنداڵی خۆیانە دەسەڵاتی هەبێتو بەپرسیاری شوێنێك جا حزبی بێت یان حکومی بگرێتە ئەستۆی، ماوەیەك لەمەوبەرو لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەندام مەکتەب سیاسی لایەنێك وتبووی دەبێت کوڕەکەم بۆبکەنە ئەندام پەڕلەمانی عێراق لەبەغداد گەرنا بەشداری هەڵبژاردن ناکەم.

گەنجی ئێمە بێئیرادەکراوەو سەرکز ماوەتەوە لەبەردەم هەر زوڵمو زۆرێکی بەرپرسە پیرەکاندا، نە شوێنێکی بۆ ماوەتەوە کاتەکانی تێدا بەسەر بەرێت، نەدەتوانێ بەپاسپۆرتێکەوە بچێتە وڵاتێکی ترو، نەدەتوانێ لەناو خۆی کوردستانو عێراقیشدا بەتەواوی بگەڕێتو هەر نەبێت ئەم جوگرافیا نەعلەتییە شارەزابێت. ئەوەیشی کەلەناو ڕێکخراوو دامەزراوە





بەناو سەربەخۆو ئەهلییەکانی حزبەکاندا جێگەی خۆی کردۆتەوە هەر کوڕی ئەو حزبەیەو ناتوانێ لەبڕیارو یاساو ڕێسای پیرەکان دەرچێتو شتێك بکات بەگشتی گوزارشت بێت لەخولیاکانی خۆیی خزمەتێك بێت بەکۆمەڵگە. کاتێکیش کەگەج خاوەنی خۆی نەبێو کوڕی حزبێك بێت هەڵبەت ئیرادەی نییەو ناتوانێ توانای خۆی بخاتە کار لەهیچ بوارێکی ژیاندا، کوا ئەو داهێنانو دەستکەوتانەی ئەو ڕێکخراوە گەنجو خوێندکاریو قوتابییانەی کەسەر بەحزبەکانو هەزاران گەنجیان لەخۆیان کۆکردۆتەوە.؟ کام گەنج توانیوێتی لەو ڕێکخراوانەوە ببێتە کەسێکی چالاكو راوەستاو لەبەرامبەر سیاسەتی خوارو خێچی حزبەکانی کوردستان.؟

بۆیە دەکرێ بڵێین گەنج کاتێك گەنجەو دەتوانێ توناکانی بخاتە کارو ئیرادەی بەهێزبێت کەخۆی خاوەنی خۆی بێتو نەبێتە پاشکۆی ئەم حزبو ئەو حزب، کاتێك دەتوانێ بانگەشەی حزمەتکردنی کۆمەڵگەو توێژەکەی خۆی بکات کەتەواو سەربەخۆ بێتو ئیرادەی بەدەست خۆیەوە بێت نەك کوڕی حزب بێتو لەسەر بنەمای ماستاوکردنو خزمایەتی مەسئولێك لەحزبێك یاخود ڕێکخراوێکی هاوشێوەی ڕێکخراوە بێکارەکانی کوردستاندا شوێنێکی بەرکەوتبێت.

*لەژمارە(6)ی گۆڤاری گەنج لەنیسانی 2006بڵاوبۆتەوە.

## ئەوماستە مووەکی تێدایە

لەم ڕۆژانەی پێشوودا هەواڵێکی ترسناك‌و لەهەمانکاتدا سەیرو سەمەرە بڵاوبۆوە، ئەویش ڕاکردنی پێنج ریش گۆرەوی تیرۆرست لەقەڵای پڕ لەبەڵای (سوسێ)وە، ئیتر خودا دەیزانێ بەرەو کوێ چوون‌و ئێستا لەکوێ سەروپێ‌و چای دیشلەمە نۆشی گیان دەکەن. واتا پێنج لەو تاوانبارانەی ناوەڕاست‌و باشووری عێراقییان هێناوەتە زەلزەلەو کردویانەتە دۆزەخ لەو قەڵاسەخت‌و عاسییەی دەستکردی دیکتاتۆر هەڵاتوون. ئەو قەڵایە چەندی لەزەوییەوە بەرەو ئاسمان هەڵچووە ئەوەندەشی لەژێر خاکدایە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕاکردن‌و هەڵاتن لەو قەڵایە ئەوەندە کارێکی دژوارە کەئیتر بواری بیرلێکردنەوەی هەرنییە. بەڵام کە هەواڵێکی لەو جۆرە ڕاماندەچڵەکێنێ دەبێت بپرسین ئەو تیرۆرستانە چۆن هەڵاتن؟ لەکاتێکدا جگەلەو هەموو پێشمەرگە پاسەوانە سەدان سەربازو تانکی ئەمریکی پاسەوانی قەڵاکەن‌و دەوری قەڵاکەش هەر هەمووی بەتەلی دڕکاوی گیراوە.

لێرەوە گومان دەکرێت کەئەو تیرۆرستانە چاو ساغێکیان هەبووە وەکی (برێی ئەم ماستە مووەکی تێدابێت) چونکە هەر لەم ڕۆژانەدا لەناحییەی (بەنی سەعدی) بەعقوبەش لەکاتی گواستنەوەی سی‌و شەش(36) تیرۆرستدا کە هێزەکانی پۆلیسی عێراق گرتبوونی حەفت(7) تیرۆرستیان توانیان خۆیان دەربازکەن‌و بچنەوە ناوتیرۆرستەکانی تر کەهاتبوونە سەر ڕێگەی هێزەکانی ئەمریکا. تۆبڵێی ئەمریکا نەیەوێ ئارامی ئەم ناوچەیەش بشێوێنێ‌و خەمی نەوت‌و غازو تەواوی شتەکانیتر لەبیر خەڵك بەرێتەوەو خەمی تیرۆرستانمان بەسەرا بدات‌و ترسێکی گەورە لەدڵی





خەڵکدا بچێنێت. چەند مانگێك پێش ئێستاش لەناوچەی (بان مەقان)ی کەرکوك خەڵك بینیبوی کە کۆپتەرەکانی ئەمریکا فەردەیان فڕێداوەتە خواری‌و دوایی دەرکەوتووە تەقەمەنی بووە بۆ تیرۆرستەکانیان هەڵداوەو کاتێکیش خەڵك چوونەتەسەر شوێنەکە بینیویانە دەبڵ کابینەیەك باریکردووەو لێیداوە ڕۆییوەو نەش هێڵراوە خەڵك لەڕاستییەکان بزانێت‌و دوو حکومەتی کوردیش ڕوونکردنەوەیان نەدایە خەڵك.

دیسانەوە دەکرێ بپرسین ئەرێ بەڕاست لەگەرمەی شەڕەکانی ناوخۆدا بۆ ڕۆژێك نەمان بیست گیراوێکی یەکێتی یاخود پارتی لەناو زیندانەکانی ئەو دوو حزبە هەڵبێت.؟ بۆ نەمانبیست زیندانێك بڕوخێت‌و گیراوەکانی ڕاکەن؟ بۆ نەمانبیست لەکاتی گواستنەوەی گیراوی لایەنی نەیاردا حزبەکەی تر بچنە سەر ڕێگەیان‌و گیراوەکانیان ئازادکەن؟ ئەمانەو دەیان گومان‌و پرسیاریتر لەوەی کەڕاکردن‌و دەربازبوونی ئەو پێنج تیرۆرستە لەو قەڵا سەختە بێ مەڵامەت نییەو خەڵکیش هەقی خۆیەتی بترسێت‌و بشپرسێت چونکە ئەم خەڵکە ئەوەندەی گرفت‌و خەم کەمنییە ئەوەیشی بێتەسەرو شەو بەئیسراحەت خەوی لێنەکەوێت.

*لەژمارە(148)ی ڕۆژنامەی ڕۆژی گەل لەڕۆژی یەکشەممە 2006/5/14 بڵاوبۆتەوە.

## سلێمانی دەستەخوشکی پیس و پۆخڵی

ماوەیەکی زۆرە هەرجارەو دەبیستین کەسلێمانی بۆتە دەستەخوشکی شارێکی ئەمریکی یاخود ئەوروپی، ماوەیەك دەستەخشکی شاری نیویۆرك بوو، ماوەیەکیتر دەستە خوشکی شاری مانچستەری بەریتانی، ئیتر بەمشێوەیە هەرچی شاری ئاوەدان و پێشکەوتوو جوانی وڵاتانی دنیایە بوونە دەستەخوشکی ئەم شاری سلێمانییەی کەلەکاتژمێر یەکی شەودا سەراپا تاریکی دایدەپۆشێت و لەچلەی هاویندا بۆ تۆزێك هەوای فێنك و قومێك ئاوی سارد کوێراییت دادێت. بەڵام رەنگە ئێمە لەمانای پشتی دێڕەکانی ئەو هەواڵە کەللە تەزێنە نەگەیشتبین چونکە پێدەچێت ئەو دەستە خوشکییەی شاری سلێمانی و شارە جوانەکانی دنیا بەشیری قوتوو بێت و ئەو شیرەش لەنیدۆ ئەسڵە فەڕەنسییەکە نەچێت، گەرنا دەبوو ئەو خوشکە تەڕپۆش و جوانپۆشانەی وڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپا هەندێك شارستانییەت و روناکی و پێشکەوتن و خاوێنیان بەشی سلێمانی دابا، بۆئەوەی ئێستا ئێمە لەپەنای گلەییکردن لەوانەوە باسی پۆخڵی ئەم شارە نەکەین، جاگوێبگرەو بخوێنەرەوە.

ئێواران لەشەقامی مەولەوی پیاسەیەکی لامسەرلایی بکەو کەگەیشتیتە سەر پردەکە لەبەردەم سەمونخانەکە تۆزێك ئەملاتر زۆر وریابە بۆ ئەوەی نەکەویتە ئەو چاڵە زێرابەی کەوەك کانی بەهار لەسەر قیرەکە تەقیوەو زیاتر لەدووساڵە وایەو رۆژێکیش ئەوانەی کەباسی دەستە خوشکەکانی سلێمانی دەکەن نەچوونە سەری و چاکی بکەن، جائەوەشت بیرنەچێت لوتت بگریت چونکە بۆنی سەگی تۆپیوی لێدێت، ئەمە ناوجەرگەی شارەو



جەبار سابیر... خەڵک و دەسەڵات

دەکرێ پێیبڵێین دڵی سلێمانی بۆگەنیکردووە. دواتر گەر بۆتکراو بۆگەنی ئەو زێرابە بەریدای بەرەو فلکەی ئاسکەکە سەرکەوەو لەوێوە بڕۆرە کۆڵانەکانی بەردەمو پشت و پێشەوەی ئامادەیی سەلاحەدینی کوڕان و ئەو حەزارەتە گەورەیەی ئەم شاری سلێمانییە ببینە، دوو ساڵ زیاترە ئەو کۆڵانە تەبەقە هێلکە ئاسایانەیان لەڕەگەوە هەڵوەشاندووە بەمەبەستی قیرو چیمەنتۆکردنی کەچی تائێستا نەچوونەتەوە بەلایداو لەم شەوانەشدا عومدەی مانچستەرم بینی دەیوت بەحکومەتی هەرێم بڵێ شارەکەی ئێمە لەڕیزی دەستە خوشکەکانی سلێمانیدا لابەرێت چونکە ئەو کۆڵانانەی کانی ئاسکان سەنتەری شارن و دوورن لەهەر ئاوەدانی و دەست پیاهێنانێك و ئەو خەڵکەش بەزستان قوڕوچڵپاوو بەهاوینیش تەپوتۆز هەراسانی کردوون.

دیسان گوێبگرەو ببینە لەم رۆژانەدا لەبەردەم ماڵی سەرۆکی حومەتەوە تێدەپەڕیتم بینیم ماڵێکی ئەوبەریان نازانم بۆری ئاوبوو یاخود شتیتر بەدرێژایی بیست مەترێت چاڵیان بۆ هەڵکەندبوو خەریکیبوون، نیو کاتژمێرم پێنەچوو لەوسەر گەڕامەوە بۆرییەکەیشیان دانابوو خەریکی چیمەنتۆ کردنەوەی چاڵەکە بوون، تۆ سەریرکە کۆڵانەکانی کانی ئاسکان رۆژانە سەدان کەسی پێدا رەتدەبن و دوو ساڵە کاولبووە، بەردەم ماڵی سەرۆکی حکومەتیش تەنیا ئۆتۆمبێلی پێدا دەڕوات و مومکین نییە بۆ ماوەی یەك کاتژمێریش چاڵێك لەوناوەدا جێگەی بێتەوە.
سڵاولەشاری سلێمانی و لەدەستەخوشکەکانی و لەو هەموو پیس و پۆخڵی و چاڵی و چۆڵییەی تێیدایە.

*لەژمارە(116)رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی پێنج شەممە 2006/5/18 بڵاوبۆتەوە.

## سوپاس بۆ ئەو هەموو شوقەیە

هەقە ئیتر لەمەودوا گەنجی ئەم وڵاتە لەبری هوتافدان دژی حکومەتو باسکردنی گەندەڵییەکانی، هوتاف بۆ دڵسۆزی حکومەت بکێشنو بەشانو باڵی کارو بارە باشەکانیدا هەڵبدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتەو خزمەتکردنی گەنجو پیرو منداڵی، ئەی ئەوەنییە هەزاران شوقەیان لەڕاپەڕینو زێڕینۆكو قەزاو ناحییەکانی دەوروبەری سلێمانیو شارەکانی تردا دروستکردووەو بەنیازن وەك ناوساجی بیستو حەفتی رەمەزان بەسەر گەنجە تازە هاوسەرگراتووەکاندا دابەشیکەنو گەردنی خۆیشیو باوکیشی ئازاد کەن. ئەوەنییە لەهەولێری پایتەخت هەزاران خانوو باڵەخانەیان لەناو شاری خەونەکانو نازسیتیو چەند شوێنێکتریش دروستکردووەو بەتەمان بیدەنە ئێمەی گەوج ببورن(گەنج)و لەکۆڵ بۆڵەبۆڵی خاوەن خانوومان کەنەوەو چیتر لەڕەزالەتدا نەژین. لەکاتی نوسینی ئەم چەند دێڕەدابووم کەچی برادەرێکم وتی کوڕە ئەوەتۆ وڕێنە دەکەی شوقە دابەشکردنیو چیو خزمەتی چی.! وتم بۆ چی؟ وتی ئەیتۆ بەهەموو عەقڵتەوە بڕوا دەکەی ئەم حکومەتە خزمەتی خەڵك بکاتو هەروا لەخۆڕایی شووقە بداتە هاوڵاتیان؟ کاکی خۆم ئەو شووقانە نرخی هەردانەیەکیان لەسەر رووبەرێکی شەست مەتری بە سێ دەفتەرو نیو دۆلارە واتا سێ سەدو پەنجا وەرەقەی سەد دۆلاری.

دواتر یەك شتت پێبڵێم ئەوەی شاری خەونەکان بەقەولی ئێرانییەکان ئەسڵەن بۆت نییە خەونیشی پێوە ببینی نەك تێیدا دانیشی، چونکە ئەوە لەسەرەتاوە بۆ بەرپرسو خەڵکە سەرمایەدارەکە دروستکراوەو بۆئەوەیە لەناو خەڵکی هەژارو رەشوڕووتدا دەریانبێننو





بیانخەنە بەهەشتێکەوە، چوون دەزانن دراوسێیەتی هەژارو نەدار هەر گرفتو دەردو بەڵای لێدەکەوێتەوە؟ پاشان ئەوەی (ناز سیتی)و (پاك سیتی)یەکەی شاری هەولێرو سلێمانی کەگوایا دەڵێن خاوەنەکەی زەکەریای گۆرانیبێژە، بەڵام دوو پڕۆژەی پارتیو یەکێتییەو، هێشتا تەواو نەبووە نرخی هەر شوقەیەکی گەیشتۆتە بیست دەفتەر دۆلار. ئەوەی کۆمپانیای نەوزادیش بۆهەر شوقەیەکی سێ دەفتەر دۆلاری تێدەچێتو دەبێت لەماوەی ساڵێكو شەش مانگیشدا پارەکەی دابین کەیت، جا توخوا کەسێك لەماوەی ساڵێكو شەش مانگدا سێ دەفتەر دۆلاری قەرز بۆ بدرێتەوە بەدانیشتنی ئەم وڵاتە دۆزەخ ئاسایە رازی دەبێت؟ کەدەبێت بەتەباخی نەوت چێشت لێبنێیو تا سەرو پێیەکت بۆ دەکوڵێنێ هەزار ناشوکریت توشدەکات، ئەمە چییە وەڵڵا غازنییە، بۆ نییە؟ حکومەتی کوردی دەیزانێ، ئێوە کەناتوانن ژیان بۆ خەڵك دابین کەن لانیکەم منەتیشمان بەسەردا مەکەن؟ یەك ساڵی رێکە ئێوە باسی شوقە دابەشکردن دەکەن، کاتێکیش هاتە سەرئەوەی دابەشیکەن نرخێکتان لەسەر داناوە کە تەنیا خەڵکی سەرمایەدارو چینی بەرپرسانو منداڵەکانیان دەتوانن دەرەقەتی بێن.

ئەوەشمان بیرنەچێت گرفتی ئەم خەڵکە تەنیا شوقە نییە ئەوەندەی ژیانێکی ئینسانییانەی دەوێت، ژیانێك کەتێیدا پەکی لەسەر هیچ نەکەوێت، وەك چۆن بەرپرسەکانو زۆرێك لەکارمەندە باڵاکانی حکومەت لەلایەن حکومەتەوە ئەو ژیانەیان بۆیان دابینکراوە.

*لەژمارە(33)ی رۆژنامەی رۆژین لەڕۆژی یەك شەممە2006/6/18بڵاوبۆتەوە.

## هیوایەتی مەسئولەکان

کاتی خۆی و لەشۆڕشی سەردەمی شاخدا لەمێرگەپان یەکێك لەمەسئولەکان هیوایەتی شفتی ساردبووە، بەجۆرێك شەیدای بووە پێشمەرگەی لەسەر شووتی سارد پڕچنێوکردووە، ئەگێڕنەوە ئەو مەسئولە وتویەتی ئەو شووتییە ئەکەمە ئاوەکەوە گەرهاتوو لەساردیدا نەتەقی و شەققەی نەهات ئەوا دەبێت ئەو پێشمەرگەیەی هێناویەتی دارکارییەکی باشبکرێت. یەکێکی تریان لەکاتی خەوتنی پێشمەرگەکانیدا دووپشکی دەکردە ژێر بەتانییەکەیەوەو بەدیارییەوە دەوەستاو چەپڵەی لێدەداو دەیوت ئەرەوەڵلا پێوەیدا، ئەرەوەڵلا پێوەیدا، تادووپشکی رق هەستاو دەگەیشتە سەر گۆشتی روت و نەرمی پێشمەرگەی قارەمان و چزەی لێهەڵدەستان و لەشیرین خەو رایدەپەڕان. مەسئولێکی دوای راپەڕین و خەباتی سەرشەقامی قیری پانیش دەزانم هیوایەتی کۆمپانیایە، یەکێکی تر هیوایەتی کچی جوانەو لەهەر فەرمانگەیەك یەك دوانێکی هەیەو یەك تۆڕی فراوانی خستۆتە گەڕ بۆ کۆکردنەوەی کچی جوان و جووت بوون لەگەڵیاندا، ئەم مەسئولە پێیوایە جاران باوی گرتنی رەبایەو فەوجو مقەڕسرییەو شتی لەو بابەتەبوو ئێستاش سەردەمی گرتن مەمکی تورت و رەق و دەست لەملانێی زۆرترین ژن و کچی بەژن زراڤە، بەجۆرێك وەك هارونە رەشید بۆ سەرکەوتن بەپلیکانەدا دەیەوێت دەست بەمەمکەوە بگرێت.

مەسئولێکی تر دەزانم هیوایەتی ترومبیلە تەنانەت لەم ماوەیەی پێشوودا هاولاتییەك لەئەوروپاوە تازەترین مۆدێلی ترومبیلی هێناوە کەچی ئەو پیاوەکانی ناردووە لەئیبراهیم خەلیل لێیان سەندووەو وتویانە





ئەمە بۆ فلانە کەس، تۆچیت ئەم ترومبیلە جوانەت پێبێت دەبێت مەسئولەکەی ئێمە یەکەم کەسبێت لەکوردستاندا ئەم ترومبیلەی هەبێت، ئای رەحمەت لەعودەی کوڕی دیکتاتۆرو گۆڕەکەی پڕبێت لەنور، خۆ ئەویش هەر وایدەکردو بەو جۆرە خەڵکی ئیهانە دەکرد. کاکی هەندەرانیش نەیکردبووە نامەردی و پەنای بۆمەسئولێکی دەست رۆیشتووی ئەملا هێنابوو گورج چووبوو بەهانایەوەو لێیان سەندبوونەوە چونکە وتبویان شەڕی یەکێتی و پارتی دروستدەکەینەوە گەربێت و ئەو ترومبیلەمان نەدەنەوە. بەرپرسێکی تر هەیە زۆر تامەزرۆی جگەرەو قاوەو مەشروبە بەجۆرێك هەموو مانگێك زیاتر لەنیو دەفتەر دۆلار خەرجی ئەو تورەهاتانەیەتی، یەکێکی تر هەیە هیوایەتی دیدارو چاوپێکەوتنی تیڤی و رۆژنامەگەرییەو پارەئەداتە بێژەری هەر بەرنامەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی ئەوەندە قسەبکات و بپرێسێت مێشکی سەری کاکی بێژەرو ئێمەی گوێگریش بەرداتەوە.

مەسئولێکی تر دەناسم لەم شاری سلێمانییەوە ناردویێتی لەتورکیاوە کەوانتەرێکی بۆ بێت، تۆبڵێی ئەو کەوانتەرە چی بێت لەتورکیاوە بێت بۆ ئێرە؟ رەنگە هی ماڵی سوڵتان سلێمانی قانونی بێت و تورکەکان بیانەوێت ئەو میراتەی خەلافەتی عوسمانیش لەولاتەکەیاندا نەهێڵن، یاخود ئەشێت کەوانتەرەکەی ئەتاتورك بێت و سەرکردەکانی ئەمڕۆی دەوڵەتی تورك چاویان بەرایی نەدات بیبینن بۆیە دەیفرۆشنەوە، ئەزانن بۆچی ئەم قسانە دەکەم چونکە نرخی ئەو کەوانتەرە ئەوەندە خەیاڵییە کەئینسان کەردەبێت بەدەست لێکدانەوەو بیرکردنەوە لەنرخەکەی، چونکە بەچوار دەفتەر دۆلار کەوانتەریان بۆ کابرای بەرپرس کڕیوەو گەیاندویانەتە سلێمانی.

*لەژمارە(149)ی رۆژنامەی رۆژی گەل لەرۆژی یەك شەممە 2006/5/28 بلاوبۆتەوە.

## چیرۆکی شەو و رۆژێك

دەمت خواردەبێت ئەوەندە دەکڕوزێیتەوەو دەلاڵێیتەوە، هەزار دووعاو نزادەکەی بەڵکم ئەمەخوایە کورد شتێکی بەشتێکببێ، ئەچی دەسنوێژ دەگریت و دەتەوەێ پەنجا رکات نوێژ بۆ سەرکەوتنی کورد بۆخودای خۆت بکەیت، لەپڕ ئاوەکەت چۆڕبڕ دەبێ، بەلوعەکە جڕتێکت بۆلێدەدات و دەستدەکات بەقرخوهوڕو، ئیتر دەبێت بەدیار هاتنەوەی ئاوەوە رەشایی چاوت بێتە دەرەوە، هەرئەکڕوزێیتەوە بەڵکم ئەمە خوایە ئاومان بێتەوە...! دوای تۆزێك خەیاڵ دەتباتەوە جاحکومەتی کوردی نەتوانێ ئاو بۆخەڵکەکەی دابینکات ئیتر چی لەحکومەت و دەوڵەت و تەڕەماش و تەڕەساز بکەم. ئیتر بەدەستی پیسەوە دەتەوێ بەدیار سەتەلایتەکەوە خۆت سەرقاڵکەیت و تۆڵەی ئەوبێ ئاوییە لەوکەیتەوە، ئەوەندەی دەگۆڕیت و شتێکت دەستناکەوێ بەری دڵت بگرێ، لەپڕ بەمەرامی خۆت دەگەیت و کچێکی ناسك دەیەوێ خۆیبگۆڕێ و لەگەڵ کوڕێکدا خەتخەتێنبکات، زرم پێت وایە ئەم دنیایە بیابانێکی رەشەو ئەسڵەن واهەستدەکەیت چاوهەرنییە، دەروازەیەك لەجەستەی ئینساندا نییە دەرەوەی خۆی لێوەببینێ. تومەس حکومەتی هەرێمەو بەوشەوە کارەبای (تێبڕیوین) ببورە لێیبڕیوین ئەمە بەخاتری ئەوەی بەوشەوە شەیتانی نەبیت.

بڕانی ئاوو قڕانی کارەبا بەخەیاڵ دەتباتەوە سەردەمی بەردو دەتەوێ چنگ بەبەردێکی تیژدا بکەیت و ورگی خۆتی پێبدڕی و نەهێڵی تەیموری لەنگ بەشمشێرێك ورگت رادا، کەچی مۆبایلە ناموبارەکەکەت دێبەدەستتەوەو دێیتەوە سەردەمی شارستانی و روونـاکی مۆبایلەکەت هەندێك دڵت دەداتەوەو دەتەوێ زەنگ بۆ کوڕەکەی پورت لێبەیت و بێت





بەترومبێلەکەی برۆنە بەردەم بارەگای خوداو پێی بڵێی خودا ئێمە ئینسان نەبووین ئاوا لاوازو بێدەسەڵاتتکردین و بەودەردەمان ئەبەیت، کەچی دەنگە ناسکەکەی کچەکەی ئاسیا دەڵێ ببورە باڵانسەکەت بەشی حیکایەتەکەت ناکات، شەق هاندەکەت دەکێشی بەدیوارەکەدا. ئەتەوێ لەداخانا بڕۆی بۆماڵی باوکت، لەپەلەپەلی و بێزاری خۆتا مامەڵە لەگەڵ کاکی شۆفێردا ناکەیت کەچی لەبەردەم ماڵی باوکت دەڵێ (سێ هەزار) خەریکە لەپێستەکەی خۆتدەچیتە دەرەوەو جنێویکی مزر ئاراستەی یەکەمین کورد دەکەیت کەئەو هەموو مەسئولە دزو درۆزن و بێویژدانەی بۆئەم کوردە خستۆتەوە،

دەچیتە ماڵێ باوکت دوای سڵاوکردن چاوت بەرۆژنامەیەك دەکەوێت، ریپۆرتاژێك لەلاپەڕە شەشدا سەرنجت رادەکێشێ نەوت فرۆشێك دەڵی لەماڵی مەسئولێکی سەربەحزبی دەسەڵاتداردا (دە)بەرمیل نەوتم کڕیوە، یەکەمجاریش نییە بیکڕم بەڵکو هەردوو رۆژجارێك (دە)بەرمیل لەومەسئولە دەکڕم، جاران پێشمەرگە تەقلەی بەفیل لێئەدا بەڵام ئێستا تەقلە بەنەوت و بەنزین و بایعی خەڵك لێدەدەن، خەیاڵ دەتباتەوە برادەرێك کارەبەدەستێکی بەرزی حکومەتی هەربێنەیە، وتی وەڵا ئەو ئۆردووگا سەکەنیانەی بەنیازن لەسیتەك و زڕگوێزو تابین دروستیکەن و ئەزمەی سەکەنی پێنەهێڵ، دابەشیشکراو تاقە یەك خێزانی کرێچی بەرینەکەوت و تەنانەت یەك لەو کەسانە بەرپرسێکە کەشوقەی بەرکەوتووە وتبووی نامەێ جا(سیتەك) کەی شوێنی بنیادەمە لێی دانیشێت، ئای لەعنەت لەوەی کەجوگرافیای ئەم کوردستانە نەگبەتەی دۆزییەوە، بۆتە کەلاکی تۆپیوو هەرچی قەل و داڵە تێیبەربوون و ئێسکەکەشی دەکڕێننەوە. لەپڕ کارەبای ماڵێ باوکیشت دەبڕێ و خەوێکی خۆش دەتباتەوە، تۆش بویتە مەسئول و بەشوێن نەوت فرۆشێکدا دەگەڕێی رۆژی بیست بەرمیل نەوتت بۆ بفرۆشێت.

## سەیرانگای دووکان

پار ئەم وەختە سەردانێکی شاری قەڵادزەم کردوو ئەو شارە کەمخزمەت و رەنگ زەردەم بەچاوی خۆم بینی، کەهێندەی پێش دەرگەی ماڵە مەسئولێك کاری بۆنەکراوە. شاری قەڵادزە یەکەین قورباتنی دەستی رژێمی بەعس بوو، هەڵبەت چوون بۆ ئەو شارە بەدووکاندا تێدەپەڕێت، سەیرانگای دووکان، ئەو شوێنەی سالآنە بەهۆی دروستکردنی کارەباو ناردنی ئاوی خورادن بۆ سلێمانی و سەروەتی ماسی و بەهۆی خەڵکی لەشار بێزارو گەشتیارەوە چەندین ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆحکومەتی هەرێمی کوردستان و گیرفانە قووڵەکانی بەرپرسان بەرهەم دەهێنێت و خۆشی لەتەپوو تۆزدا خنکاوەو قوڕو چڵپاوی زستانان هەراسانی کردووە. کەبەسەنتەری سەیرانگای دووکاندا تێپەڕیتم شەقامە سەرەکییەکەم بینی لەڕەگەوە هەڵکەندرابوو ئەوەندەی چاڵ تێدابوو لەژمارەی بەرپرس و وەزیرەکانی کورد زیاتر، شەقامەکە کتومت تەبەقی هێلکەی قاز. چەندین ئۆتۆمبیلی شارەوانیشم بینی خەریکی تێکدانی زیاتری بوون، دڵم خۆشبوو وتم تۆبڵێی بەوخێرایی و گڕوتیینەی هەڵیدەکەنن و تێکی دەدەن بەهەمان شەوق و زەوقیشەوە چاکیبکەنن و قیرتاوی بکەنەوە؟

ساڵێك تێپەڕی و گروپی شێخ زانا ئاشکرابوو، خەڵکی کەلار راپەڕیتن و، خەڵکی ئاکرێ بەنزینخانەیەکیان گڕتێبەرداو، خەڵکی دووکانیش داوای گۆڕینی قائیمقامیان کردو، خەڵکی هەڵەبجەش مەزارەکەیان سووتاند. کەچی من لەهەمان وەختی ساڵی پاردا لەبەد بەختی حکومەتی هەرێم بەسەیرانگای دووکاندا تێپەڕیتم بۆشاری کۆیەی خاوەن زانکۆو (کولێرەی





پەنجە کێش) بینینم نەك ئەو چاڵی و چۆڵی و تەپوتۆزەی دووکان چاکنەکراوەتەوەو شەقامەکەی قیرتاو نەکراوە بەڵکو لەساڵی پار خراوترە، رەنگە ئەمەش لەبەر ئەو پەندە کوردییە بێت کەدەڵێ ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار. باشە حکومەت بیانووی بۆ هەر ناوچەو شارو شارۆچکەیەکی تری کوردستان هەبێت و بڵێت پارەمان بەدەستەوە نییە بۆ چاککردنی گرفتەکانی هەق نییەو بیانیان پێنیە بۆ سەیرانگای دووکان وابڵێن، باشە میوانێکی بیانی بێتە ئەوێ و ببێتە میوانی کۆشکەکەی سەرکۆمارو بەو تەپوتۆزو خۆڵەدا بڕوات دواتر چی بەئێوە دەڵێت.؟

ئەو هەموو پارەیەی سالآنە بەسەیرنگای دووکان پەیدادەکرێت بەشی ئاوەدانکردنەوەی دووسەد شوێنی وەك دووکان ناکات؟ ئەو پارەو پولە دەچێتە گیرفانی کێوەو کێ دەیخوات، رەوایە شەقامێکی نیو کیلۆمەتری بەدووساڵ قیرتاو نەکرێت.؟ تاوانی ئەو خەڵکە چییە ئەو هەموو قوڕو چڵپاوەی زستانان و ئەو حەمکە تەپوتۆزەی هاوینان قبوڵکەن.؟ تەنیا لەبەرهێندەی حکومەتەکەمان ساوایەو لەشیر نەبڕایتەوە.؟ یاخود شتیترەو ئێمەی نەفام نایزانین.!؟

*لەژمارە(117)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی هەینی 2006/6/9بڵاوبۆتەوە.

## ژیانی ئینسان لێرە

تەمەنی ئینسان چییە؟ زۆر بڕوات دەگاتە سەد ساڵ ئەویش لەشەست بەدواوە گلۆڵەی دەکەوێتە لێژی‌و توانای هیچی نامێنێت‌و دەرزییەکەی دەشکێت‌و چاوەڕێی روحم‌و بەزەیی دەوەرو بەرەکەیەتی بەتایبەت لەم وڵاتە پەلوپۆشکاوەی خۆماندا کەگەنجەکەیشی هاوشێوەی پیرەکەی هەر بێدەسەڵات‌و لاوازە لەبەردەم مەسەلەکانی ژیاندا. ماوەی سیو پینج ساڵ چاوەڕێی روخانی (سەدام حسێن)مانکرد، ماوەی سیو پێنج ساڵ شۆڕش لەدوای شۆڕش هەڵمان گیرساندوو کەچی رۆژ بەڕۆژ باری شانمان قورستربوو، تەمەنمان نیوەی رۆی لەگەڵ زۆرداری‌و سەگ‌و سەگبابی سەدام‌و داروده‌وستەکەی، نیوەکەی تری تەمەنیشمان لەگەڵ حکومەتی کوردی‌و شەڕی براکوژی‌و مەسئولی دزو درۆزندا بەڕێکردو بڕۆ بەخێرهاتی.

لەساڵی نەوەدو یەکەوە نیوەی تەمەنی ئەم خەڵکە راکردن بووە بەشوێن نەوت‌و سەرەگرتن بووە لەبەردەم بەنزینخانەکاندا بۆ وەرگرتنی بیست لیتر بەنزینی پڕ لەئاوی رەبولعالەمین، ئەم خەڵکە رۆنی پڕ لەپیو پەتاتەی خواردو، ئاردی پڕ لەنۆك‌و گەنمەشامی خواردو، گۆشتی کەرو سەگی تۆپیویان بەگۆشتی گوێرەکەو گۆشتی داڵە کەرخۆرەیان بەگۆشتی مریشك پێ فرۆشتەوەو بەردەوام لەئاودەستیماڵەکانیاندا خۆیان دەشۆن؟، ئێ باشە تەمەن چیتری لێمایەوە کەبەکەڵکی ژیان بێت.؟ تەنیا ئەوەندە نەبێت کەچەند جارێك بەقسەی لوس خەڵەتاندنیان‌و بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بردیانن‌و لەسەر شەقامەکان بەهۆی ئەنجامە بەناو سەرکەوتووەکانەوە هەڵیان پەڕاندن.





خەڵکی ئێمە لەوەتەی هەیە بەشوێن ئەوەوەیە لەڕادیۆکانەوە هەواڵێکی دەست کەوێت کە میحنەتەکانی لەکۆڵ کاتەوە، لەڕادیۆی سیڕاوە هێناوێتی تاگەیشتۆتە سەر نوێترین رادیۆکانی ئەمڕۆ، لەڕادیۆی شاخەوە هێناوێتی‌و وەك دەبینین ئەمڕۆش لەناو شارەکاندا بیست تاسی وێستگەی رادیۆیی هەیەو کەچی خەڵکەکەی ئێمە هێشتا ئەو هەواڵەی هەر دەست نەکەوتووە کۆتایی بەنەهامەتییەکانی بێنێ. ئەم خەڵکە لەوەتەی دروستبووە بەشوێن دوو هۆدەی ئاساییدا دەگەڕێت تیایدا بسرەوێت‌و گوێی لەبۆڵەبۆڵی خاوەن خانوو نەبێت، کەچی دوای دروستکردنی هەزاران خانووبەرەو بینای بەرزی چەند نهۆمی هێشتا ئەم خەڵکەی ئێمە هەر دەگەڕێت‌و پێشناچێت بۆ چەندین ساڵیتر ئەو ئاواتەی بێتەدی.

ئەوە تەمەنی ژیانی ئیسنانە لەم وڵات‌و کۆمەڵگەیەدا، کەلەهەر لایەکەوە لێکی بدەیتەوەو سەیریکەیت نە پشوودانی تێدایە نەهەناسەو شادمانی ئیتر خەڵك چۆن باوەڕی بەبەهاو مەسەلە نیشتمانی‌و مرۆییەکان بمێنێت کەژیان تەنیا بۆ ئەوانەیە تەنیا بۆ ورگ‌و غەریزەکانیان دەژین‌و خەڵکی تریش بۆ دۆزەخ.

*لەژمارە(118)ی رۆژنامەی پارێزگاتران لەڕۆژی چوار شەممە 2006/6/21 بڵاوبۆتەوە.

## تـــەعە

تەعە پێی وابوو کەپێڵاوی تازەی کڕی‌و لەپێیکرد ئیتر لەڕاکردندا خێرادەبێت‌و کەس نایگرێتەوە، ئەو سادەو ساکار بیری دەکردەوەو دواجار بەو سادەو ساکارییەی خۆیشی گەیشتە ئەوروپا، بەڵام دواتر لەوێ تێگەیشت کەئینسان هەر چییەك بکات هەر لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوەو دواجار مەرگ دەیباتەوە. تەعە نمونەی کۆمەڵگە شێواوەکەی خۆیبوو ئەو کۆمەڵگەیەی لەوەختی روخانی سەدامدا پێیوابوو ئیتر دنیا دەبێتە (شامی کاپوور) ببورە شامی شەریف‌و کورد لەبری دەوڵەتێك حەوتی بۆ دروستدەبێت. بەڵام ئێستا کۆمەڵگەی کوردیش وەك تەعە تێگەیشتووە نەك هەر دەوڵەت دیارنییە بەڵکو بارودۆخمان لەجاران گەلێك خراپترەو پێموایە سەردەمی سەدام خەڵك زۆر باشتر دەژیا، لەچیمان کەمبوو ئەو نەوتی دەناردو ئەمان دەیاندزی‌و ئەو خۆراکی بایعەکەی دەناردو ئەمان دەیاندزی، ئەو غازی دەناردو ئەمان لەهوانە دەیانشاردەوە. سەدام دوژمنی خوێنەخۆری کوردو بەشەرییەت بوو بەگشتی، بۆیە زوڵمەکەی ئەو بزووتنی تێدادروست دەکردی‌و هانی دەدای کەوەك شاخ بەنیشتمانەکەتەوە بنوسێی‌و هەرگیز نەتوانی جێی بێڵی، بەڵام زوڵمەکەی حکومەتی کورد هەم بزووتنت تێدادەکوژێت هەم وات لێدەکات دوای قسەکەی ماغۆتی رەحمەتی کەویت کەدەیوت تەنیا پێڵاوەکانم بەنیشتمانمەوە دەبەستێتەوە.

وەك بینیمان ئەوەی لەیەك مانگی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردیدا وڵاتی بەجێدەهێشت‌و نیشتمانەکەی دەکردە جانتایەکەوەو هەتا دەیتوانی رایدەکرد نەلەئاوی ئیجە دەترسا نەلەڕەقبونەوەی ناو بەفری سنورەکان، هێندەی هەموو ئەو کەسانەیە کەلەماوەی دەسەڵاتی رەش‌و





داپڵۆسێنەری بەعسدا ئەم وڵاتەیان جێهێشتووە. شەڕی ناوخۆ ژیانی لەخەڵك هەراسانکردبوو بۆیە تەعەو هەزارانی وەکو ئەو ئەم وڵاتەیان کردە عەلاگەیەکی دەبڵەوەو سەری خۆیان هەڵگرت‌و هەیانە لەوێ ناوی منداڵەکەیشی بەکوردی نەناوە. لەئێستاشدا رەوێکی تری لەسەرخۆ لەداخی گرانی‌و بێسەرو بەری ئەم وڵاتەو نەبوونی خانوو شوێنی نیشتەجێبوون دەستی پێکردۆتەوەو وابڕوا بەرپرس‌و سەرکردەکانیش دەڕۆنەوە چونکە ئیتر کەس نابێت حوکمی بکەن‌و سووتەمەنی بەگران پێبفرۆشنەوەو لەژێر باری زۆرداری‌و کەڵەگایی خۆیاندا بیچەوسێننەوەو خۆیانی بەسەردا رابدەن.

کۆمەڵگە نییە لەدنیادا هێندەی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە خاوبێت، هەموو ئەمەش حکومەتی کوردی وایکردووە، ئاخر حکومەتێك بەتەنگ ژیانی خەڵکەوە نەیات‌و ژیانێکی شایستە بۆ ئینسان دابین نەکات هەڵبەت کۆمەڵگە بەم جۆرە خاودەبێتەوە. حکومەتێك چوار بەرپرسی زیرەك‌و چوار وەزیری تەکنۆکراتی نەبێت، حاڵی لەمە باشتر نابێت، پازدە ساڵە حکومەتمان هەیەو تائێستا یەك وەزیرو بەرپرس لەسەر دزی‌و گەندەڵی دادگایی نەکراون‌و لەپۆستەکانیان رووتنەکراونەوە، تۆبڵێی دزی‌و گەندەڵی لەم حکومەتەدا نەبێت.؟ هەڵبەت ئەوە پرسیارێکی زۆر گێلانەیەو هەردوو سەرکردەکەش باشیدەزانن، ئیتر نازانم خۆیان بێئاگا دەکەن یاخود پێیان وایە کەئەوانیان تڕۆکرد ئیتر کەسیتێریان دەست ناکەوێت کاریان بۆ بکات.

*لەژمارە(150)ی رۆژنامەی رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە 2006/6/11بڵاوبۆتەوە.

## ئێوە بەتەمای چین؟

دەمێکە بۆتە خولیام کەتاقە پرسیارێکی زۆر سادەو ساکار لەسەرکردایەتی کورد بکەم بەتایبەت ئەوانەی حکومەتیان بەدەستەوەیەو هێندەی هەموو کیشوەری ئەفریقا پارەو پولیان هەیە. پرسیارەکە زۆر سادەیە، وەك ئەو برنجو شلە سادەیەی کرێکارێکی داماو رۆژ تائێوارەی پێ بەرێدەکات، سادە وەك ئەو ترومبیلانەی ئێوە سواری دەبن‌و، سادە وەك ژیانی سادەو ساکاری هەموو کوڕو کچەکانی خۆتان. بەڕێزان پرسیارەکەم ئەوەیە ئێوە دەتانەوێ کەی خزمەتی خەڵك بکەن‌و چۆن خزمەتی بکەن.؟ باشە پازدە ساڵ زۆرنییە بۆ ئەوەی حکومەتێك ئاستی خزمەتو دڵسۆزی بۆ خەڵكو جەماوەرەکەی دەربڕێتو پێشانمان بدات چەندە دڵسۆزو خزمەتگوزارییانە؟ باشە پازدە ساڵ زۆرنییە بۆ ئەوەی ئێوە بتوانن ژێرخانی ئابووری وڵات چاککەن‌و چاڵی‌و چۆڵی‌و تاسەو ماسەو هەناسە لەشەقامەکانی ئەم وڵاتە ببڕن.؟

باشە ئێوە دەتانەوێ کەی تۆڕەکانی کارەباو ئاوو تەلیفۆناتی ئەم وڵاتە وەك جاران لێبکەنەوە؟ ئێوە تاکەی بەنیازن لەچلەی هاوین‌و چلەی زستاندا کارەباو ئاو لەخەڵك ببڕن.؟ ئێوە بەنیازن کەی خەڵك لەکوڵ بۆڵەبۆڵی خاوەن خانوو کەنەوە؟ بەنیازن کەی ئەو ئۆردووە سەربازییەی خۆتان لەشارەکانەوە بەرنە دەشتەکان؟ بەنیازن کەی سووتەمەنی بەهەرزان بۆ خەڵك دابینکەن‌و چیتر بەگران پێی نەفرۆشنەوە؟ بەنیازن کەی واز لەبازاڕو بازرگانیتان بێنن‌و دەست لەگومرگو سەرانەتان هەڵگرن لەسەر خەڵك؟ چونکە هەموومان دەزانین ئەو پارەیەی بەزەریبەو گومرگو سەرانە لەخەڵکی وەردەگرن ناچێتەوە گیرفان‌و خزمەتی خەڵكو خۆتان بۆتێرکردنی ئارەزوەکانتان بەکاری دێنن.





ئێمە دەزانین سەردەمی بەعس لەسەدا پێنجی میزانییەی بۆ هەموو عێراق خەرج دەکردوو خەڵکیش زۆر تێروپڕبوو، بەڵام بەقەولی خۆتان بەعس ئازادی خەڵکی زەوت کردبوو. ئەدی ئێوە لەسەدا حەڤدەی داهاتی عێراقتان بەدەستەوەنییەو ئەو هەموو گومرگەش لەخەڵك وەردەگرن‌و پشتی بنیادەم دەشکێنن بەزەریبەو کەچی وەك دەبینن خەڵك ئێستا لەهەموو کات پەرێشانترە بەدەست ناعەدالەتی ئێوەوەو لەهەموو کات موحتاجترە بۆ سوتەمەنی‌و کارەباو ئاوو تەواوی پێداویستییەکانی ژیان‌و سەرباری ئەوەش (دە)یان خێزان هەڵوەشاونەتەوەو زۆریتریش بەرەو هەڵوەشانەوە دەچن ئەمەچییە لەم سەردەمەدا خانوو نییە خەڵك تێیدا دانیشێت. دیسانەوە بەقەولی خۆتان ئێوە ئازادیتان داوەتە خەڵكو زۆر لەبەعس باشترن، گەلی برا من بەناوی خەڵکەوە گەر رێگەم بدەن پێتان دەڵێم هەموو ئازادییەکانی ئێمە بۆخۆتان، بەڵام ئەو ژیانەمان بۆ فەراهەم کەن کەبۆخۆتان‌و کوڕو کچو خزمو ناسیاوەکانتان دابینکردووە. ئەوەشتان بیر نەچێت من حەز بەبەبینینی سەرکردەیەك ناکەم کەلەخەمی خەڵکەکەیدا نەبێت، بەڵام گەر رۆژێك دەگەیشتمە بەردەمتان لێم دەپرسین بەڕێزان ئێوە بەتەمای چین‌و کەیدەتانەوێ خزمەتی ئێمەی خەڵکی کورد بکەن.

*لەژمارە(151)ی رۆژنامەی رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە2006/6/25 بڵاوبۆتەوە.

## گەر درۆو دزی مەستی دەکردن

ماوەیـەکی زۆرە بـیر لـەدێڕە شـیعرێکی (خیـام) دەکەمـەوە کەبـەر لـە سـەدان سالٚ وتـوێتی، لەکاتێکـدا کەپێدەچێت کۆمەڵگـەو خـەڵكو پادشاو ئیمپراتۆرو دەسەڵاتداران زۆر لەئێستا پـاکترو ئاشتیخوازترو مرۆڤدۆستتر بووبن. (گەر درۆو دزی مەستی دەکردن/ مەردێکم دەویست بڵێت وشیارم) لەوەختێکدا کەڕەنگە ئینسان هێشتا فێری دزیو درۆکردنی لەم چەشنەی ئێستا نـەبووبێت. ئـەو دێڕەی خیام بۆ ئـەمڕۆو بۆ ئـەم کۆمەڵگەیـەو ئـەم حکومـەتو دەسـەڵاتەی ئێمـە تـەواو راسـتەو گـەر بەقسەکەی خیـام بوایـە ئێـستا زۆر خۆشـدەبوو، چـونکە، کـەس هێنـدەی بەرپرسـە حکـومیو حزبییـەکانی ئـەم وڵاتـەی ئێمـە درۆناکـاتو سـەنعەتکارێکی کارامـە نییـە لەدرۆکردنـدا، درۆکردنێکـی زۆر بێئابڕووانـە، کـەهیچ سـنورو لەمپـەرێك لەبـەردەم درۆکردنەکەیـدا ناهێڵێتـەوە. ئـەوکاتیش هـەموویانمان دەبـینی لەسـەر شـەقامەکان لەنگـەریان تێکدەچـوو رۆژانـە دەیـان ئۆتومبێلیـان وەردەگەڕاو دەیانیشیان خۆیان دەکێشا بـەدیوارو شۆستەو عـەموودەکانی سەرشەقامەکاندا.

لەسـاڵی نـەوەدو چـوارو لـەو وەختـەوەی شـەڕی کـورد کوژیـان لەشاخەکانەوە هێنایـە ناوشارەکانەوە سـەدانجار گوێمـان لێبـوو بـەڵێنیان بـەم خەڵکـەدا کـەئیتر شـەڕی کـورد کـوژی ناکـەنـەوەو خزمـەتی ئـەم خەڵکـە دەکەن. بەڵام درۆیانکرد، لەساڵی نەوەدو شەشەوە کە حکومـەتیان کردۆتـە دوو کـەرتی نایەکـسانەوەو خـەڵکی کوردیـان تووشـی دەیـان گـرفتی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایـەتی کـردووە تائێـستا سـەدانجار رایانگەیانـد کەدەبنـە بنیـادەمو جیاوازییـەکانیان چارەسـەر دەکـەن، دەیـانو سـەدانجار مانـشێتی رۆژنامـەکانی کوردسـتانی نـوێو خـەباتو برایـەتی بەقسەکانی





ئـەوان لەمـەڕ یەکگرتنـەوەی حکومـەتی هـەرێم رازایـەوەو تائێـستا یـەك وشـەیان لـەو قـسانە جێبەجێنـەکردووە. دەیـان جـار لەکەناڵـە لۆکـاڵیو ئاسمانییەکانیانەوە بەدەنگو رەنگ سوێندی شەرەفیان بۆ خـەڵك خوارد کەڕێکدەکـەونو یـەك حکومـەت پێکـدێنن، سـەدان جـار مەراسـیمیان بـۆ سازداو خەڵکی ناوخۆو بیانیشیان بۆ داوەتکردو کەچی درۆیان فەرموو.

دواجاریش کەهەوڵەدەن قەناعەتمان پێبکەن بەوەی کەبەڕاستی هـەموو کێشەکانی نێوانیان لەبەر خاتری ئێمە چارەسەرکردووە، کەچی لـەبواری کرداریـدا تائێـستا هـیچ لەمەسـەلەکان نـەگۆڕاوەو دیارنییـە. ئـەوەی کەئـەم گومانـەش دەکاتـە یـەقینێکی تـەواو دانـانی ئـەو ژمـارە زۆرەی وەزیـرە لەکابینـە یەکگرتووەکـەدا کەهێنـدەی هـەموو وڵاتـین چـین وەزیرمـان هەیـە(42)وەزریـر بـۆ سـێ شـاری زۆر بـچووكو نزیکـەی چـوار ملیـۆن دانیـشتوان. ئەمـەش ئەوەدەگەیـەنێ ئەوەنـدە هـەوڵی رازیکردنـی یـەکتر دەدەن نیو ئەوەنـدە هـەوڵی رازیکردنـی خـەڵکی کـورد نـادەن، دواتـر خـەڵك چـی لەحکومـەتی یـەکگرتووە ئـەو هـەموو وەزیـرە بکـات کەبەهـەموویان نـاتوانن بتڵێـك غـازی بـاش بـۆ یـەك مـاڵ دابینکـەن. لەکاتێکـدا مووچـەی وەزیرێك مانگی لانیکەم نیو دەفتەر دۆلارە.

*لەژمارە(98)ی رۆژنمەی بەرگری لەمایسی 2006دا بڵاوبۆتەوە.

## یادەوەری‌و مادەوەری

لەیەکێ لەژمارەکانی سیخورمەدا نوسرابوو بیرە وەرییوەکان واتا ئەو بیرانەی وەریون، جائەمە بۆ گاڵتەجاڕی بەکارهاتووەو بەو مانای ئەوەی بیرەوەری دەنوسێتەوە، بیرەکانی وەریون. ئەم جۆرە لەنوسین لەدنیادا زۆرترین بایەخی پێدەدرێت‌و زۆرترین خوێنەری لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە. کەچی وەك باقی شتەکانی ترمان لێرە ئەم نوسینەش بۆتە گاڵتەجاڕو پەندی زەمانە لای بەرپرسەکانی کورد، ئەوەی خوێنەدواریش نییەو هەڕی لەبڕ ناکاتەوە ئێستا جانتایەکی دیبلۆماسی هەڵدەگرێ‌و یەك دەرزەن قەڵەم جاڤ پارکەرو شیفەری جاران دەخاتە گیرفانییەوەو بەشەوو بەڕۆژ دەرگا لەسەر میوان‌و موڕاجیع دادەخات‌و دەڵێ سەرقاڵی نوسینەوەی بیرەوەرییەکانم، کەلێی دەپرسن بۆ هێندە تەنك دەردەکەوی دەڵێ وەڵڵا چیبڵێم خەریکی نوسینەوەی یادەوەریەکانی سەردەمی خەباتی شاخم دەڵێم بەشکم نەوەی نوێ سوودێکی لێوەرگرێت، کەچی نەوەی نوێش کاتێك لەلای کتێب فرۆشەکان بیرەوەریوەکانی ئەو دەبینن یەك جڕتی بۆ دەکێشن. نەوەی نوێ بیرەوەری ئێوەی لۆچییە کەلێوان لێوە لەشەڕی براکوژی‌و چاڵ هەڵکەندن بۆیەکتری.

بیرەوەری یەکێکم خوێندەوە باسی ئەوەدەکات چۆن لەکاتی برسێتی‌و تینوێتیدا داویانە بەسەر خەڵکی گوندە هەژارەکانداو بەزۆری زۆرداری نان‌و ئاویان لێسەندون‌و کەچی ئێستاش لەسەردەمی شارو خەباتی شەقامی قیری پاندا خۆیان لەو خەڵکە هەژارنشینەی گوندەکان دەبوێرن‌و بەسکرتێرە نازدارەکەی دەڵێ گەر ئەو جامانە بەسەرو عەباڕەشە پیس‌و چڵکنانە هاتن بڵێ گەورەم چووە بۆ هەندەران بۆ چارەسەری نەخۆشی‌و





یەك مانگی تەواوی پێدەچێت. یەکێکی تریان دەڵێ جارێکیان زۆرم برسی بوو چوومە زەرەعاتی گوند نشینێکەوە بینیم چەند فەردەیەك خەیاری داناوە منیش پڕم پیاکرد یەك فەردە خەیارم بردو خواردم، کاکی بەرپرس ئەو کات یەك فەردە خەیاری هەژارێکی خواردووە کەدەبێت بەچ رەزالەتێك ئەو فەردە خەیارەی بەرهەمهێنابێ‌و تاکەی بۆی گەڕابێت‌و نەیزانیبێت کە ئەم بەرپرسە بەڕێزە خواردوێتی، ئەو کات فەردەیە خەیارو ئەمڕۆش چەند فەردەیەك دۆلار، ئەمانە هەر بەفەردە فێرن. بژی بیرەوەری.

لەبیرەوەری بەرپرسێکی تردا کەئەسڵەن خوێندەواری نییە باس لەوەدەکات کە فلاَنە ژن چەندە قارەمان بووە لەشارەوە بەردەوام هاوکاری پێشمەرگەی کردووەو پێشمەرگەش چەندە رێزیان لێیگرتووە، کەچی دوای بڵاوبونەوەی بیرەوەریوەکانی، ژنە لێی هاتە دەنگ‌و ئابروی تکاندو ئەوەندە شەرمەزاریکرد کابرا چووە سەر پلێت‌و گەر یەك زەڕڕە شعوری هەبوایە دەبوو بچوایەتەوە ئەو شوێنەی کاتی خۆی پێشمەرگایەتی تێدا کردووە، بەڵام ئەم جارەیان بەدێوانەیی نەك بەپێشمەرگایەتی. بەداخەوە ئەمانە ئەوەندە وشەو ناوی پێشمەرگەیان ناشیرین‌و دوزێو کردووە دەبێت بۆئەوەی تۆزێك حورمەت بۆ ئەو هەموو شەهیدو پێشمەرگە قارەمانە بگێڕینەوە کەئێستا دانیشتوون‌و سەروەتی ئەم خەڵکەیان بۆ خۆیان زەوت نەکردووە، بۆ وشەیەك بگەڕێن‌و بەباڵای ئەو تێکۆشەرانەدا بیبڕین‌و لەمەو دوا بەو ناوەی ترەوە بانگیان کەین نەك بەناوی پێشمەرگەوە.

*لەژمارە(99)ی رۆژنامەی بەرگری لەتەمموزی 2006 بڵاوبۆتەوە.

## کارەبا

ماوەی چەند ساڵێکە چاودێری یەکشت دەکەم ئەویش ئەوەیە کەهەر کاتێك حکومەت بڕیاری چاککردنی شتێك بدات خراپی دەکات (بەزمانێکی بازاڕی خاسی مەکە باخراو نەوێت)ئەمەش بۆ هۆکارگەلێکی زۆر دەگەڕێتەوە لەوانە حکومەت کادری تەکنیکی نییە، خەمی خەڵکی نەکردۆتە خەمی خۆی، ناشییەوێ یەك دینار لەو پارەو پولە بلۆککراوانەی حکومەت و حزب بۆ خەڵك و گرفتەکانی خەڵك بەفیڕۆبدات. بەڵام دەکرێ پرسیارێکیش بکەم باشە بۆچی لەبۆنەکانداو بەتایبەت لەیەکی شەشی یادی یەکێتی نیشتمانیدا کارەبا چ عەیبی نییە.؟ دواتر دەبوو بەقەولی حکومەت لەدوای یەکی شەشەوە کارەبا رۆژانە شازدە کاتژمێر هەبێت بەڵام چەند رۆژێك بەردەوام بوو ئیتر لەپێش یەکی شەش کەمتریش بۆوە، ئەمە بۆ وایە دیارە بێدەنگی و سەلامەت ویستی خەڵك وایکردووە، گەرنا دەبوو ئێستا هەرچی بەرپرس و وەزیرو گزیری ئەم حکومەت و وڵاتەیە لەلایەن خەڵکەوە شاربەدەرو وڵات بەدەرکرانایا. سەدو یازدە ئەندام پەرلەمان و چل و حەوت وەزیرو نزیکەی پەنجا شەست بریکارو زیاتر لەدوو هەزار مودیرعام و هەزاران مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی و زۆر کەڵەگای تریش، مەبەستم کەڵەگاکەی (قادر سەرچناری) هاوڕێم نییە مەبەستم ئەو کەڵەگایانەیە کە سواری سەری ئەم خەڵکە بوون. کەچی بەهەموویان ناتوانن کارەبای سێ شار دابین کەن، ئەی باشە بۆ ناڕۆن و لەکۆڵ ئەم خەڵکەبنەوە.

شەوی بیست و هەشت لەسەر بیست و نۆی شەشە لەشکری گەرما بەپاڵپشتی لەشکری دژە کارەبای حکومەتی هەرێم هێرشێکی وای کردە سەر ئەم شارە خەڵك هەمووی تە سلیم بوو تەواوی فانیلەی عەلاگەو جلەکانی ژێرەویان کردبەدارێکەوەو لەبەرامبەر ئەو دوو لەشکرەدا





بەرزیانکردەوەو تەسلیم بوون، ئاخر گەرماو بێکارەبایی حەشرێکی بەم خەڵکە کرد دەبوو بۆ بەیانی چوار جار حکومەت بڕوخایا کەچی بەرد هاتە دەنگ و خەڵك نەهاتە دەنگ. تۆبڵێی ئەم خەڵکە دووعای رەشی لێکرابێت یان هێشتا رۆمانسییەتی خەمی لەدەست چوونی دەستکەوتەکانی راپەڕین و ملهوڕی سەدام بەرینەداوە. بەڵام لەپڕ برادەرێك زەنگی بۆدام و وتی ئەوە لەکوێی؟ لەکەلار.! زوو وەرەوە واخەڵك لەسلێمانی خەریکە بۆ چۆڕێ کارەبا حکومەت دەڕوخێنێ. شەو کاتژمێر نۆو نیو گەیشتمەوە سلێمانی وەكساڵانی هەشتاکان سلێمانی رێك لەشووشەیەکی مەڕمەڕ دەچوو یاخود لەخەرمانێك مرواری و با بڵاویکردبێتەوە. ئاوهایە هێزی خەڵك ، دەتوانێ کارەبای بەردەوام لەحکومەت وەرگرێت و تۆربایینەکانیش هیچیان لێنەیات. بالێرەدا یەك پرسیاری سادە لەحکومەت و عەقڵە پڕ حیکمەتەکانی بکەین ئایا هەر ئەو کارەبایە نەبوو کەشەوی پێشوو لەئێوارەوە تابەیانی دوو سەعاتی تەواوتان بۆ خەڵك دابین نەکرد، بەڵام ئەوشەوی دواتر تابەیانی و کاتژمێر دە هەبوو. ئەم ماستە موی تێدایە یان گوریس؟؟ ئەمە سووکایەتییە بەم خەڵکە نەکارەبا عەیبی هەیە و نەسووتەمەنی قاتییەو نەوڵات بەدەست قەیرانەوە دەناڵێنێ. وڵات بەدەست حکومەتی بێدەربەست و بەرپرسی دزو وەزیری نەخوێندەوارەوە دەناڵێنێ و خودای گەورەش دادی ناپرسێت.

بەڵام رەنگە ئیتر خەڵك خەوی غەفڵەت بەریدابێت و لەمەودوا ژیانێکی بوێت وەك ژیانی بەرپرسەکانی کورد، وەك ژیانی خاوەن شکۆکانی سەری رەش و قەڵاچۆلان، وەك ژیانی ئەو پێشمەرگە کۆنانەی خۆیان بیرچۆتەوەو گوزەرنامەیەکی ئەوروپییان پێیەو پازدە ساڵە کارەباو ئاویان نەبڕاوەو گەرماو سەرما لێینەداون و رۆژێك بۆ بەنزین و نەوت وەرگرتن لەسەرەدا نەوەستاون. ژیانمان دەوێت ژیان ئەی ئەوانەی ژیانتان لێکردوینەتە دۆزەخ، کاتی ئەوە هاتووە ئێمە ژیان لەئێوە بکەینە دۆزەخ؟

*لەژمارە(102)ی رۆژنامەی بەرگری لە ئەیلولی 2006 بڵاوبۆتەوە.

## کابینەی پێنجەم

پۆلیسێکی هاوڕێم هەیە زۆر دڵسۆزی حکومەتی هەرێمو دەستکەوتەکانی راپەڕینە، هەمیشە کەمن رەخنە دەگرمو سوکە گللەییەك دەکەم ئەو دەڵێ تۆ ناهەقی دەکەیتو راست ناڵێی، باغازو نەوتو بەنزینو کارەباو ئاویش نەبێت گرنگ ئەوەیە حکومەتەکە هی خۆمانە.! راستەکات حکومەت لەهەموو ئەو شتانە گرنگترە کەئەمڕۆ خەڵك بەدەستییەوە دەناڵێنن، چونکە حکومەت خۆی هۆکاری نەبوونی هەموو ئەوشتانەیە. ئەم برادەرە پۆلیسەم سی ساڵە هەر پۆلیسەو روتبەکەی بەرز نەبۆتەوە بۆچی وایە.؟ ئێ دیارە نەخزمی پێشمەرگەی کۆنو بەرپرسەو نەکوڕی دیاری بنەماڵەیەکی دیاری لەوێنەی ئاغاو کوێخایە، گەر بڕیاربێت جەولەی تری شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێ من دڵنیام ئەو پۆلیسەش راپێچ دەکەنو لەکەپکی حەمەد ئاغا دەیکەنە قوربانی یەك گوللە، بۆ کەم کوڕی هەژاری لەو شێوەیەیان کردە قوربانی گوللە.

ئەم پۆلیسەی هاوڕێم ماوەیەکە چۆکی داداوە بۆ قسەو گللەییەکانی منو دەڵێ تۆ راستەکەیت ئەم کابینەی پێنجە زۆر فاشیلە.! چونکە تائێستا هیچی دیار نییەو هەرچی فەرمانگەو وەزارەتو بەڕێوە بەرێتییەکانە دوولەتی کردوونو یەکلاییان ناکاتەوە. فاشیلە چونکە هەرقسەدەکاتو جێبەجێیناکات. بۆیە منیش ناچارم لیستی تایبەتمەندییە باشەکانی کابینەی پێنجی بۆ بنوسم بەڵکو ئەمە خوایە شیفای بدات. ئەم کابینەی پێنجە وەك دوا مۆدێلی مۆنیکاو پاترۆڵ سەقف سلایدە، ئەوەندە شوێنەکەی خۆشە هەتاهەتایە هەژارێك رێی تێناکەوێت، ئەم کابینەی پێنجە وەك قانع دەفەرموێ ئاوی حەیاتە. ئەم کابینەی پێنجە





چلو حەوت وەزیرو دەیان جێگرو رێگری وەزیرو سەدان بەڕێوەبەری گشتی هەیە.

ئەم کابینەی پێنجە قسە زۆر دەکاتو کردەوەی زۆرکەمە، ئەم کابینەی پێنجە رقی لەخەڵکی هەژارەو شاری خەونەکان دروستدەکات، وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان بەهەمان مووچەی خۆیانەوە خانەنشین دەکات. ئەم کابیەی پێنجە وەك ژمارە پێنج خڕەو زەحمەتە لەبازنەکەی خۆی زیاتر ببینێ، واتا هەر ئەو کۆمەڵە بەرپرسو وەزیرو خەڵکە دەربارییە دەبینێ کەبەدەوەرییەوەن. کەئەم لیستەم بۆ برادەرە پۆلیسەکەم خوێندەوە، لەو کاتەدا وتیان بابچینە لای بەڕێوەبەر ئەمڕۆ دوا رۆژی دەوامییەتیو ماڵئاوایی دەکات. چوینە ژورەکەی بەڕێوەبەرو دوای قسەباسێکی کورت گەردنی یەکترمان ئازادکردو ئیتر وەك هەمیشە بیبسیو پاقلاوە هاتەوە مەیدان، ئەویشمان خواردو ماڵئاوا، کەچوومەوە خوارەوە هاوڕێ پۆلیسەکەم وەستابوو وەختبوو دەمی ئاوی دەکرد بۆ پاقلاوەیەك کەچی بۆیان نەهێنابوو، بەرلەوەی قسەبکەم وتی وەڵلاهی ئەمجارەش تۆ راستەکەیت خۆ ئەو هەموو پاقلاوەو بیبسییەیان خوارد یەك دانەیان بۆمن نەهێنایە خوارەوە، وتم ئەی چۆن تۆ شایانی ئەوەی، چونکە کاری تۆ تەنیا موناقەشەکردنی بێمانای خەڵکەو بەرگری کردنە لەوانەی خوێنت وەك شەربەتی مێوژ بەبێ قەسەب دەمژن.

*لەژمارە(119)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی چوارشەممە2006/7/5بڵاوبۆتەوە

## جەمال رینگۆ

وائەزانم دوێنێ بوو، ساڵی هەشتاو حەوت و هەشتاو هەشتی سەدەی رابردوو دواتریش رۆژانە لەشەقامی مەولەوییەوە بڕۆیشتمایە بەردەوام لەئاست بازاڕی سەعە تاکۆیی(سەعید تەها کۆیی) دەبوو (جەمال رینگۆ) هەر ببینم، ئەو هەمیشە چڵکن و پیس و پۆخڵ و مێش تێوروکاو، بەحاڵ چاوێکی دەیبینی و بەگۆچانێکەوە لەسەر شۆستەکە تەخت لێیدەکەوت و بۆگەنی ئەوەندە ئیقلیم گیربوو رۆژە رێیەك دەڕۆی، جارجاریش کەتوڕە دەبوو جنێوێکی مزری دەدا. دەیانوت جەمال رینگۆ پیاوانی بەعس و تەوارییە کوردەکانی ئەودەمی سلێمانی کەخۆیان بەگوندە دەزانی و ئەمڕۆیش هەندێکیان لەجاران باشتر دەخۆن و خۆیان رادەدەن چاویان کوێرکردووە، بۆیە زۆرجار دەمبینی میکزەمینییەکی تەواوری یاخود ئەمنەکان لەئاستی دەوەستان و دەیانوت رینگۆ (جەلال تاڵەبانی) کێیە.؟ ئەویش گورج دەی فەرموو تاڵەبانی ئەم چاوەمە! ئاماژەی بۆچاوی راستی دەکر.! دیسان دەیان پرسی رینگۆ (مەسعود بەرزانی) کێیە.؟ بەرزانی ئەم چاوەی تریانمە! ئاماژەی بەچاوی چەپی دەکرا منی منالْ بۆیەکەمجار ناوی بارزانیم لەدەمی ئەو پیاوەوە بیست. رینگۆ ئەوکات لەهەمووان کوردتر و نەترس تربوو، بۆیە پڕبەدەمی هاواری دەکرد لە(هینی.. دایکی) هەمووتان بەم پێشمەرگە لەئێوە پیاوترە.!

راپەرین هات و پیشمەرگە تێکەڵی خەڵکی شاربوونەوەو ئەو تەواری و ئەمن و جاش و گەندە بەعسییە کوردانەش بونە قارەمانی گەل و شۆڕش و رینگۆش دەنگ و رەنگی نەماو تەواوبوو، ئیتر خەڵکیش بەپێچەوانەی رینگۆوە کەلەبەرچاوی بەعس خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە دەردەبڕی لەهەوای ئازادی و دوور لەچاوی بەعس بەشان و باڵای پێشمەرگەو





سەرکردەکانیاندا هەڵداو، دواتریش هەموومان نائومێدو دڵشکاو گەڕاینەوە بەردەم خەم و مەینەتییەکانی خۆمان و کەسیش لەدادمان ناپرسێت.

ماوەی چەند مانگێکە رینگۆ لەهەمان شوێنی ساڵانی هەشتادا دەبینرێت و هەندێکجار کەدەگەمە بەردەمی وادەزانم هەر زەمانی بەعسەو چاو بۆ ئەمن و تەوارییەکان دەگێڕم، رینگۆ هەروەکو جاران، بۆگەن و پیس و پۆخڵ و چڵکن، بۆتە هێلانەی مێش و مەگەزو لەسەر جنێودانەکانی بەردەوامە، بەڵام ئەوەی دەبینرێ ئەوەیە کەڕینگۆش وەك ئێمە بۆی دەرکەوتووە خەمی خۆمان هەر بەکۆڵی خۆمانەوەیە بۆیە ئێستا ناوی بەعسی بیرچۆتەوەو جنێو بەکوردو سەرکردەکانی دەدات و سەرباری ئەوەش چاوەکەی تریش ناوەتە بانی و ئێستا کوێرو سەرگەردان دێت و دەچێت و کەس لەحاڵی ناپرسێت. دەکرێ بپرسین بۆچی حکومەتی هەرێم شێتخانەیەك ناکاتەوە بۆ کۆکردنەوەو لەخۆگرتنی ئەم جۆرە مرۆڤانەی کەکۆمەڵگە لەپەراوێزی ناون و بەرەو شێتی بردوون؟ باشە دروستکردنی شێتخانەیەك و خەرجی مانگانەی هێندە زۆرە وا کارێکی لەوجۆرە ناکەن.؟ ژمارەی شێتەکان هێندەی ژمارەی ئەندام مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی بچوکترین حزب نابێت، بۆچی کۆیان ناکەنەوەو خزمەتێکی مرۆڤانەیان بکەن؟ ئەوەشمان بیرنەچێت کەجەستەی ئەو مرۆڤانە بۆتە لانەی بەکتریاو ڤایرۆسی زیان بەخش. دواتر ئەوە چارەنوسێکە دور نییە سەرکردەکانی ئەم وڵاتەش رۆژێك لەڕۆژان بەو دەردەبچن.

*لەژمارە(28)ی رۆژنامەی ئاوێنە لەڕۆژی2006/7/18 بڵاوبۆتەوە.

## چوار (گۆشە)قوڕنە

ڕۆژی پێنج شەممە شەشی ئەم مانگە چوومە ڕانییە بۆ گێڕانی کۆڕێك، لەپاسەکەدا پیاوێکی گەدەو گیپاڵ زل کەوتە جنێودان و سوکایەتی پێکردن بەو هاوڵاتییە هەژارو بێدەرەتان و بێ ئاوو کارەباو سووتەمەنییانەی کەهەفتەی ڕابردوو لەچوار قوڕنە هەڵیان کوتایە سەر فەرمانگەی کارەباو ویستیان داخی بەرپرسی دزو درۆزن و بێ کارەبایی بەو ئامێرانە بڕێژن و گڕی تێبەردەن. کابرا ئەیوت کاکی برا ئاسنە واڵەو عامودی ڕەق و تەق چیبکات کەکارەبا نییە، پازدە ساڵە ئەم وڵاتە گەورە دەبێت و کارەبا هەر کارەباکەی جارانە، ڕاستەکات پازدە ساڵە گیرفانی حکومەت و حزب و دزو جەردەکانی پارەی ئەم وڵاتەی تێدەچێت و کەچی کارەباکەش هەر وەکو خۆیەتی، ئاو هەر وەکو خۆیەتی، سووتەمەنی هەرنییە. کابرای زلەش هەر بەرگری لەحکومەت دەکردو دەیوت دەستی حکومەت خۆشبێت ئەو پازدە گەنجەی گرتووە، چونکە ئەوانەو بەعسییەکان جیاوازییان نییە، لای ئەمیش ئەوەی داوای مافێکی سەرەتایی خۆی بکات بەبەعسی حساب دەکرێت.

ڕاستی ڕووداوەکە ئەوەیە کەلەسەرەتای ئەم مانگەدا کۆمەڵێك گەنج لەداخی بێ کارەبایی و گەرمای ئەم دۆزەخی هاوینەو لەداخی ئەوەش کە حکومەت ڕێك لەکاتژمێر حەوتی ئێوارەو یازدەی شەو کە دوو کات بوون بۆ پێشاندانی یارییەکانی جامی جیهانی ئەمساڵ کارەبای دەبڕی و هەندێك جار تا کارەبا دەهاتە بیرت دەچۆوە کە هاندەری کوێ بویت و چەپڵەت بۆ کێ لێداوە. ئەو گەنجانەی چوار گۆشە(قوڕنە) چوونەتە بەردەم فەرمانگەی کارەباو وتویانە فەرمانگەیەکی کارەبا نەتوانێ





کارەبامان بۆ دابینکات دەیسوتێنین، ئێ ڕاستەکەن گەر فەرمانگەی کارەبا بێت دەبێ کارەبای تێدابێت و گەر واش نییە دایخەن و بڕۆنە ماڵەوە. ئەمەش وەك ناڕەزاییەك ئەگین، ئەوان لەوە تێدەگەن ئەو فەرمانگەیە تاوانبار نییە بەڵکو ئەوەی تەحەکوم بەسەر فەرمانگەکەوە دەکات تاوانبارە، بەڵام خۆ چوار قوڕنە هیچ دامەزراوەیەکی حزبی وەك مەڵبەندو لقی لێنییە تابەسەر بەرپرسەکانیدا بیتەپێنن بۆیە پەلاماری ئاسنەواڵەیان داوە وەك کابرا دەیوت.

بەڵام ئەمە تاسەر بۆ حکومەت و حزبی کوردی دەچێتە سەر لەبری وەڵامدانەوەی داخوازی خەڵك بیانگرێت و بیانخاتە ئاسایشە باستیل ئاساکانی خۆیەوە.؟ ئایا دەکرێت هەموو داواکردنی مافێك بەخوێن و زیندانی کردن و تێهەڵدان دوای بێت و خەڵکیش دەست بەتاڵ بگەڕێتەوە؟ ئایا ڕەوایە وەڵامێکی شیاوی خەڵك نادەنەوە بۆ چارەسەرکردنی بێ کارەباو بێ ئاوی و بێ سووتەمەنیی و بەرهەمەکانی.؟ ئێوە بەنیازن تاهەزار ساڵیتر حوکمی ئێمەی ڕەشۆك بکەن و لەتینوێتی و لەگەرماو سەرمادا غەرقمانکەن.؟ ئێوە لەوە تێناگەن کەڕۆژێك دێت وەك هەزاران دیکتاتۆرو سەرکردەو بەرپرسی ملهوڕی گەل و نەتەوەکانی تر ماڵەکانتان لێبکرێتە دۆزەخ و بۆتان بکرێتە گۆڕستان.

*لەژمارە(152)ی ڕۆژنامەی ڕۆژی گەل لەڕۆژی یەکشەممە2006/7/9بڵاوبۆتەوە.

## کۆمپانیای نەوزاد

نزیکەی شەش مانگ دەبێت کرێنشین‌و بێخانەو لانەکانی ئەم شارە ئاهێکیان بەبەردا هاتۆتەوە، ئەویش بەهۆی هەوڵەکانی کۆمپانیای (نەوزاد)ەوە بۆ دروستکردنی پێنج هەزار خانوو بەبڕە پارەیەکی کەم‌و بەقیستی نزیکەی دووساڵ. ئەم هەوڵەی کۆمپانیای نەوازاد راستە بۆ قازانجەو بازرگانی پێدەکات بەڵام لەئەمڕۆی ئەم وڵاتەدا هێندەی غەزای بەدر خێرەو پاداشتی دەدرێتەوە. چونکە بەقەولی خۆی واتا خاوەنی کۆمپانیاکە هەر خانوویەك هەزار دۆلاری قازانج تێدایە بۆ ئەو واتا دە وەرەقە. خەڵك زۆر مەمنون بوو، فۆڕم پڕکرایەوەو حکومەتیش بۆ ئەوەی تۆزێ ڕەزای تاڵی خۆی لەبەر چاوی خەڵك شیرین کاتەوە سەرەتا زۆر بەشان‌و باڵیا هەڵیانداو وتیان هاوکاری هەموو دەوڵەمەندو پارەدارێك دەکەین کاری لەو جۆرە بکات. بەڵام دواتر دەرکەوت درۆیان فەرموو، نەك هاوکاریان نەکرد بەڵکو ڕێگریشیان بۆ دروستکرد.

حکومەت سەرەتا بڕیاریدا زەوییەکەی بەبەلاش بدات، بەڵام دواتر پاشگەزبۆتەوەو داوای پارە دەکات وەك ئەو زەوییە لەو شاخ‌و کێوەی پێشمەرگایەتیان لێکردووە بەکۆڵ هێنابێتیان بۆیە داوای پارەیەکی زۆر دەکەن لەخودی کۆمپانیاکەو ئەویش دەڵێ گەر پارەی زەوییەکە بدەم ئەو کات دەبێت لەسەر خەڵك گرانی کەم‌و دواتر کەسیش بەو پارە زۆرە خانووی ناوێت. سەرەتا بڕیاربوو حزب‌و حکومەت دەست وەرنەدەنە کارەکە بۆئەوەی ئەمجارە تەنیا خەڵکی موستەهەق سوود مەندبێت بەڵام دواتر هەر حزبەو داوای بەشی خۆی کرد بۆ پێشمەرگە کۆنەکانی، باشە پێشمەرگەی کۆن بوو بەچی هەر نەبڕایەوە، باشە کورد ئەوەندەی پێشمەرگە هەبوو؟ بێگومان کورد ئەوەندەی پێشمەرگە هەبووایە کەئێستا زەوی‌و خانوو





پۆستی وەزیری‌و بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن‌و خۆیان بەسەر ئەم خەڵکەدا رائەدەن هەرگیز تەمەنی حکومەتی بەعس نەدەگەیشتە سی‌و پێنج ساڵ‌و ئەنفال‌و هەڵەبجەش روویان نەدەدا.

دواجار پرۆژە خێرخوازییەکەی کۆمپانیای نەوزاد جوانەمەرگبوو فەشەلی هێناو بووە قوربانی حکومەتە ساواکەی هەرێم‌و پێشمەرگە کۆنەکانی کوردستان، ئەمەش لەبەردوو هۆی سەرەکی یەکەمیان ئەوەیە کەلەسەرەتاوە وتمان داوای پارەی زەوییەکان دەکەن دووەمیان ئەوەیە کە دەڵێن گوایا یەکێتی نیشتمانی خاوەن حکومەتی هەرێم داوای پێنج سەد خانووی کردووە بۆ پێشمەرگە کۆنەکانی، کەچی برادەرێکم هەیە پێشمەرگەی کۆنە دەڵێ ساڵێك پێش راپەڕین هەموو حزبە کوردستانییەکان خاوەنی حەفت سەد پێشمەرگە بوون‌و گەر سەدام کوەیتی نەگرتایە زۆربەی وازیان لەپێشمەرگایەتی دەهێنا. لێرەوە تێدەگەین ئەم حکومەت نەقازانجی خەڵکی دەوێت نەئیسراحەت‌و ئارامی بۆ خەڵك، حکومەت دەیەوێ خەڵك لەڕەزالەت‌و سەرگەردانیدا بێت تاهەمیشە پاروویەکی چەوربن بۆ ئامانج‌و مەبەستەتەکانی، بەتایبەت بۆ چەکدارکردنیان، خەڵك تێرپڕو خانووی خۆی هەبێت حکومەیت هەرێمێکی بۆچییە کەبۆتە بار بەسەرییەوە.

*لەژمارە(120)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی چوار شەممە 2006/7/19بڵاوبۆتەوە.

## ئێوە نازانن چیمان دەوێ.؟

ماوە، ماوە سەرکردەکانی کورد دەکەونە خۆیان‌و بەناوشارەکان‌و وەك راگەیاندنەکانی خۆیان دەڵێن بەناو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا دەگەڕێن‌و بەناو گوێیان لێدەگرن، تابزانن خەڵك گرفت‌و کێشەکانی چییەو چۆن دەکرێ بۆیان چارەسەرکەن کەهەرگیز نایکەن. جارێ دەبێت لەسەرتاوە لەو چەمکی چین‌و توێژە تێبگەین کەئەوان لەگەڵیدا دادەنیشن‌و گوێ لەسکالاکانیان دەگرن، (ئەمە گەر بڕیاربێت چین‌و توێژ چەمك بێت) دواتر بێینە سەر باسی ئەوەی ئەو چین‌و توێژە کێن‌و تاچەند چارەسەری گرفت‌و کێشەکانیان لۆدەکەن. ئەو چین‌و توێژەی سەرکردەکانی ئێمە لەگەڵیدا دادەنیشن‌و گوێیان لێدەگرن کۆمەڵە خەڵکێکن یان سەر بەخۆیانن یاخود پێوەدەبن‌و دەچن گوێیان لێدەگرن، بەر لەوەی بشگەنە لای سەرکردەی بەڕێز کۆمەڵێك خەڵکی ماستاو چی‌و سەر بەحزبەکان هەندێك ئامۆژگاریان دەکەن تا لەوێ شتێك نەڵێن سەرکردە توڕەبێت‌و دواتر لێپێچینەوەو لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی لق‌و مەڵبەندەکاندا بکرێت‌و نانبڕاوبن، دەبێت پرسیارو رەخنە زۆرکەم ئاراستەی سەرۆك بکرێت‌و زۆر بەئەتەکێتیش قسەبکرێت. دەبێ هەمیشە ئەوە بوترێت کەخەڵك تێروپڕەو کۆڵانەکان پڕن لەپاشماوەی خواردن‌و سەگ‌و پشیلەکانی ئەم وڵاتەش رۆژی سەد جار سوپاسی کوردایەتی دەکەن کەئەو نیعمەتەی بەسەردا باراندون. نابێت بوترێت خەڵك بێ ئاوو کارەبایەو چوار شەو بۆ بیست لیتر بەنزین لەبەردەم بانزینخانەکاندا دەوەستن. نابێت باسی ئەوەبکەن کە خەڵکێکی ئاسایی چوار تاپێنج دەوام‌و پیشەی هەیە بەخاتری ئەوەی سەری مانگ کرێی خانووەکەی پێبدرێت.





ئێستا لەوە تێگەیشتین چین‌و توێژ کێیە کەسەرکردەکانی کورد گوێی لێدەگرن، کاتی ئەوە هاتووە بزانین تاچەند گوێ بەقسەکانی ئەواندەدرێت، هەر بەڕۆیشتنە دەرەوەیان لەهۆڵەکە ئەوانەی ئەو چین‌و توێژانەیان بردۆتە بەردەم سەرۆکی فەرماندە خەڵاتێکی باش دەکرێن لەپاداشتی ئەوەی کە سەرۆکیان بریندارنەکردووەو کەس پرسیارێکی ناخۆشی بەڕوی سەرۆکدا نەداوە. سەرۆکیش زۆر مورتاحەو دەڵێت بەڕاستی وەك رۆژنامەو راگەیاندنەکانی خۆمان دەڵێن ئەو خەڵکە گێرە شێوێنن کە لەکەلارو ئاکرێ‌و هەڵەبجە راپەڕیتن‌و بانزینخانەو فەرمانگەی حکومی‌و مەزارەکەی هەڵەبجەیان سووتاندووە، هەر بەڕاستی تابوری پێنجەم‌و ئاژاوەچی‌و دەستی دەرەکین. ئێستا کاتی ئەوە هاتییە یەك پرسیار بکەین؟ ئەرێ بەڕاست مومکینە سەرکردەکانی کورد نەزانن گرفتی ئەو خەڵکە چییە؟ تۆبڵێی ئاگایان لەبێ کارەبایی‌و بێ ئاوی‌و بێ نەوت‌و بەنزینی‌و هەموو(بێکانی) تر نەبێت؟ تۆبڵێی ئەوە نەزانن کەماڵە بەرپرسێك هەیە (نۆزدە) سپلیتی بەماڵەکەیدا بڵاو کردۆتەوەو ئاو دەستەکەیشی بەریکەوتووە، کەچی ماڵیش هەیە نەك هەر ئامرازی فێنککەرەوەی نییە بەڵکو جار هەیە بەدوو شەو لەبەر چراو بەتاریکی نانەکەیان دەخۆن. بڵێی ئاگایان لەوە نەبێت کە بەرپرسێك مانگانە چەند دەفتەر دۆلار بۆ (مێبازی)و بەزمو رەزمی خۆی بەفیڕۆ دەدات‌و فەرمانبەرێکی داماویش کە دەرچووی زانکۆیە مانگی سەدو پەنجاو حەوت هەزاری بەبڕیاری ئەمریکا بۆ بڕدراوەتەوە نەك خێری باوکی حکومەتی هەرێم. ئیتر بۆچی زەحمەت دەکێشن گوێ لەو چین‌و توێژانە دەگرن.

*لەژمارە(153)ی رۆژی گەل لەرۆژی یەك شەممە 2006/7/23بڵاوبۆتەوە.

## گفتوگۆ

ئەم وتی: باشە پازدە ساڵە ئەم حکومەتە هەر دەڵێ ساوامو گەورە نابێت، بەبڕوای تۆ کاتی ئەوە نەهاتووە لەشیری ببڕینەوەو بینێرینە مەکتەبێ؟ ئەو وتی کاکە بەر لەهەر شتێك پازدەساڵ نابێت، بەڵکو سێ ساڵە چونکە لەدوای رووخانی حکومەتی بەعسەوە ئێمە بووینەتە حکومەت، دواتریش ئەم حکومەتە وەك ماڵێك وایە، تۆ بڕوانە ماڵێك لەسەرچنارەوە بەرەو عەربەت بگوێزەرەوە حەتمەن پەرداخ دەشکێ، سەلاجە غازی تێدا نامێنێ، مریشك هێلکەی لەباردەچێت، ئیتر بەم شێوەیە ماڵ گواستنەوە هەمیشە بەبێ زەرەرو زیان تێپەڕ نابێتو ناگاتە شوێنی خۆی. ئەیچۆن ئێمەیش لە(زەڵێو قاسمە رەش)ەوە ماڵمان بارکردووە بۆ سلێمانیو دواتر بۆ بەغدادیش ئیتر ئەتەوێ هیچ نەشکێو کەموکوڕی لەهاوردنی ماڵەکەدا هیچ نەبێت، ئەوە خەیاڵە بابم خەیاڵ، ئێمە هەروا حکومەتیمان پێدەکرێت هەر وەختێك لەئێمە باشترت دیتەوە جوابم لێبگێڕەوە. تۆزێ گەروی پاککردەوەو دیسانەوە بەردەوام بوو، جائەوەشت بیرنەچێت ئێمە خاوەنی یەك رووبار خوێنی شەهیدانین، بەزۆر خۆمان بەسەر ئەم میللەتەدا نەسەپاندووە، نەت بینی ئەو خەڵکە چۆن بۆمان هەڵدەپەڕنو دەنگمان بۆ دەدەن؟

ئەم وتی: ئاستی سەرۆکی حکومەت چۆن بێت ئاستی کارمەندێکی پلە نزمی حکومەتەکەیشی هەروا دەبێت، بەواتای دەبێت باشیو خزمەتگوزاری حکومەتو سەرۆکەکەی لەکارمەندو خەڵکە ئاساییەکەشدا رەنگبداتەوە، بەڵام وەك دەبینی ئەم حکومەتە کارمەندێکی پلە نزمو سەرۆكو ئەنجومەنی وەزیرانەکەیشی هەمان هەستی بەپرسیارێتیو





هەمان بێمنەتییان بەرامبەر خەڵك هەیە. ئەو خوێن زایە چاویو قژی وەك تەلی دڕکاوی لێهاتو وەختبو پەڕکەم لێیبدات، کاکە ئەوە ئەوپەڕی بێوژدانییە، تۆ سەیرکە ئایا هەرگیز نەت بینیوە پیاوێکی مەشروب خۆرو قومارچی کوڕێکی زۆرباشو بەڕێزی هەبێت؟ یاخود قەت نەتبینیوە پیاوێکی زۆرباشو بەقەدرو حورمەتو نوێژکەر کوڕێکی زۆر سەرسەریو بێ حورمەتو لاسارو قومارچیو فیعلچی هەبێت؟ ها ئەمانەت نەبینیوە؟ ئێ حکومەتیش هەروایە وەك خێزانێك چۆن کوڕی باشو کچی باشیان هەیە، هەمان شێوە کوڕی خراپو کچی خراپیشیان هەیە. ئەی تۆ ئەتەوێ هەموو کارمەندەو وەزیرەکانی حکومەت هەمان ئاستیان هەبێتو وەك یەك باشو خراپبن. ئەوە دەست ناکەوێت بابم، هەرگیز دەستناکەوێت، بۆی مەگەڕێ گەر بۆمان هات خۆم تەلیفۆنت لۆ دەکەمەوە. ئەم بەبێ ئەمێدی وتی: ئێ ئێ ئەم حکومەتەو کاربەدەستەکانی خەڵکی لەم بابەتەیان هەیە بۆیە هەمیشە بڕوبیانوویان پێیە بۆ کەموکوڕیو گەندەڵییەکانیان.. بەڕێزان ئەم قسانەی سەرەوە گفتوگۆی نێوان پیاوێکی ئاساییو پیاوێکی حکومەتبوو لەپاسێکی هێڵی سەرچناردا، بۆیە کاتێك پاسەکە گەیشتە ئەو وێستگەیەی پیاوە ئاساییەکە دەیوست، هاواریکرد دابەزین هەیە دابەزین.

*لەژمارە(156)ی رۆژی گەل لەڕۆژی یەکشەممە 2006/9/3بڵاوبۆتەوە.

## دەستکەوتەکانی حکومەتی یەکگرتوو

ڕەنگە ئەم حکومەتە یەکگرتووەی کەدوای چەندین ساڵ دوولەتی یەکی گرتۆتەوە دەستکەوتو بەرهەمی زۆری هەبێت، چونکە خوێن یەك دنیا گەنجی خواردەوە لەشەڕی ناوخۆدا، بەڵام دەبێت ئێمە هێندەی حەزرەتی ئەیوب سەبرو تەحەمولمان هەبێت تا ئەو هەموو بەرهەمی یەکگرتنە بەچاوی خۆمان ببینینو لەبەرەکەی بخۆین. دەبێت ئێمە وەك کابرایەکی تەوێڵەو بیارەیی حەوت ساڵ بەدیار دارگوێزی باڵای حکومەتی یەکگرتووی کوردییەوە دانیشین تادێتە بەرهەمو هەندێك گوێزمان بۆ دەگرێ. بەڵام دەکرێ هەروا بەسەرپێیوە هەندێك لەو بەرهەمو دەستکەوتانە بژمێرین کەتائێستا دیاریانداوەو دەبینرێنو دەکرێت جێگەی باس بێت، ئەی ئەوە حکومەتی ئێمە نییە هەڵبەت دەبێت بەشانو باڵاشیدا هەڵبدەین. یەکەم دەستکەوتی حکومەتی هەرێم گرانبوونی نەوتە بەم چلەی هاوینە بەجۆرێم بەرمیلی بۆتە سەد دۆلار، لەم ماوەیەشدا کابرایەکی کەرکوکی بەدەنگی بەرز وتی (ئۆخەی) وتم چی بووە خاڵە؟ وتی وەڵڵا ئەخیرەن لەشاری سلێمانی دوو بەرمیل نەوتم کڕی یەکی بەسەدو چل هەزار، خۆ دوومانگە لەکەرکوك دەگەڕێم دەستم ناکەوێت، شەرمەزارییە بۆ شۆڕشی کورد، خەڵکی کەرکوك دێتە سلێمانی بۆ کڕینی نەوت. دەستکەوتێکی تری ئەوەیە کەدەبێت دوو شەوو دوو ڕۆژ بۆ بیست لیتر بەنزین بوەستیتو دواجار کابرای بەنزینخانەش دەڵێ وەڵڵا نەماوە.

یەکێ تر لەدەستکەوتەکانی حکو مەتی یەکگرتوو بڕینی کارەباکەی ئەدیسۆنە لەکوشندەی گەرمای شەوو ڕۆژدا، بۆ نمونە تۆ لەماڵەوە دانیشتووی لەبەر هەوای موبەریدە یا گەر هەبوو سپلێت قسە بۆ





میوانەکانت دەکەیتو باسی دەستکەوتەکانی حکومەتی یەکگرتوویان لۆ دەکەیت لەپڕ کارەباکەت لێدەبڕنو تایەك سەعاتو نیوی ڕێك بۆت هەڵناکەنەوە، یان لەکاتێکدا سەیری یارییەکانی جامی جیانیت دەکرد، یاخود فیلمێکی زۆر ڕۆمانسی یالە بەردەم گۆڵەکە یاخود لەگەرمەی ماچو دەستبازی هەر دوو عاشقو مەعشوقەکەدا زرمەت لێهەڵدەستێننو شەوکوێرت دەکەن. دەستکەوتێکی زۆر گرنگی حکومەتی یەکگرتوو ئەوەیە کەئیتر خەڵك دانامەزرێو بۆ هەر هەوڵێکی دامەزراندن دەبێت چوارجار بچییە هەولێرو بێیتەوەو دواجار بێزار دەبێتو نەعلەت لەدامەزراندنو مووچەی مانگانەش دەکەیت.

دەستکەوتی هەرە گرنگو پڕبایەخی ئەم حکومەتە ئەو هەموو وەزیرە چاپوکو چالاکەیە، چلو حەفت وەزیر تۆ بڕوانە دەبێت چی بۆ ئەم خەڵکە بکەنو چەند دڵسۆز بن، حکومەتەکەی کۆماری گەلی چین کەڕابەرایەتی ملیارێكو پێنج سەد ملیۆن ئینسان دەکات هێندەی ئێمە وەزیری نییەو هێندەی ئێمەیش حاڵی خراپ نییە. سەرباری ئەوەش لەمانگی رابردوودا هەر وەزیرێكو یەك مۆنیکاو یەك دنیا دەفتەر دۆلاریان دراوەتێ، بەخاتری ئەوەی شتێك نەڵێن لەدژی حکومەتی یەکگرتوو نەچنە بەرەی گەلەوە. ناکرێ ئێمە خۆمان هیلاککەین بۆ ژماردنی دەستکەوتەکانی حکومەتی یەکگرتوو، بۆیە دەکرێ بەڕێزت دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە خۆت ماندووکەیتو بچیت دەستکەوتەکانی حکومەتی یەکگرتوو بژمێریت.

*لەژمارە(100) ڕۆژنامەی بەرگری لەتەمموزی 2006 بلاوبۆتەوە.

## ئەزمەی سەکەن و ئەزمەی سەرکردەکان

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە سلێمانی و یەک هەفتەی لەکاتی زێڕینی خۆی تەرخانکرد بۆ چین و توێژە ماستاو چی و لێخۆرەکانی یەکێتی و پارتی لەشاری سلێمانی و یەک دنیا بەڵێن و پەیمانی لەکردن نەهاتووی بەخەڵکدا، سەرۆک گەڕایەوە هەولێرو لەگۆڤاری گوڵاندا یەکێک لەوتارە زێڕینەکانی دابەزی و لەوێدا بەخەتی رەش و درشت و وەک عینوان فەرعی نوسرابوو (دەبێت تایەک ساڵی تر خەڵکێک نەمێنێت کەلەخانووی خراپدا بژی) ئەمە قسەی سەرۆک بارزانییەو بۆیەش گەورەکراوە تادەرکەوێت کەسەرۆک چەند جدییە لەکارکردن و بەتەنگەوەچوونی خەڵکی ئەم وڵاتە. رەنگە تائێرە ئاسایی بێت چونکە سەرکردەکانی ئێمە بەردەوام قسە دەکەن و هەرقسەدەکەن و بۆ تاقە جارێکیش قسەکان ناخەنە بواری پراکتیکیەوە، چونکە خەڵک بەخانوی خراپیش رازییەو ئێوە لۆی ناکەن. لێرەوە قسەی پیاوێکی ئینگلیزم بیر دەکەوێتەوە گەر بەهەڵەدا نەچووبم، ئەو پیاوە دەڵێت (مرۆڤ بریتیی نییە لەو قسانەی دەیانکات بەڵکو بریتییە لە کردەوەکانی)

من دڵنیام نەک تایەک ساڵی تر بەڵکو تایەک سەدەی ترو تائەو کاتەی پارتی و یەکێتی وەک دوو حزبی بەیەک نامۆ و بەخەڵک نامۆ ئەم وڵاتە بەڕیوەبەرن و حکومەت بۆ خۆیان قۆرخکەن نەگرفتی نیشتە جێبوون چارەسەر دەکرێت نە تەواوی گرفتەکانی ترو ئەوەش روونەلام کە رۆژ بەرۆژ خەڵک توڕەتر دەبێت لەو دووحزبە، چونکە نەکارەبا هەیە نەئاو هەیە نەشوێنی دانیشتن، نەئارامی و دڵنیای و بەکورتی ژیان هەرنییە، ئیتر تەسریحی لەو شێوەیەش یەک پول ناکات، ئیتر ئێمە لۆکە لەگوێچکەمان دەخنین بۆ ئەوەی گوێمان لەو هەموو بەڵێنە زۆرەی ئێوە نەبێت تالانیکەم





هیوا دارمان نەکەن و دواتر هەر قسە بێت و قسەی رۆتیش وەک (ئەحمەد موختار) فەرموویەتی ناچێتە گیرفانەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی یەک سەرکردەی کورد ئامادەنییە یەک ساڵ لەموچەو نەسرییەو ئەملاولاکانی خۆشبێت و پارەکەی بۆ خەڵک دابین کات، خەڵک ئەوە باشدەزانێ کە سەرکردەمان هەیە ئەوەندە دەستبلاوە مانگانە خەرجییەکەی دەگاتە یەک ملیۆن دۆلارو هیچیشی بۆ ئەم خەڵکە خەرج ناکرێت.

گرفتی نیشتەجێبوون و تەواوی گرفتەکانی تریش بەڕاگەیاندن و وتارێکی سەرپێیانە چارەسەر نابن تائەو کاتەی ئێوە بەڕاستی نەکەونە خزمەتی ئەم خەڵکەوەو ئەوەی لەبارەگاو میواندارییەکانتان و ئەوانەشی کە بۆ حەماقەتەکانی حزب و لەلای لوبنانی دەنێرن نەیخەنە خزمەتی خەڵکەوە، حزبوڵلایەک تیرۆرست بۆ عێراق دەنێریٚ و رقی دنیای لەکوردو مەسەلە رەواکەی و فیدراڵییە پێشنیارکراوە کەشیەتی کەچی ئێوەش پارەی بۆ دەنێرن. بۆ؟ دیارە بۆ رازیکردنی دڵی عەرەبەو عەرەبیش گاڵتەی تەواوی بەو دۆستایەتییە کورد نایات.

*لەژمارە(121)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەرۆژی شەممە 2006/8/5 بڵاوبۆتەوە.

## گەر من حکومەت بام

گەر من حکومەت بام ئالەم چلەی هاوینەدا هەر کەسێك چوار بەتانیو دوو لێفەم دەدایەو پێم دەوت دەبێ شەو بیدەی بەخۆتا تا بۆن کرۆزت ئاسمان پڕکات، چونکە ئێمە لەسەردەمی پێشمەرگایەتیدا گەرمای زۆرمان چەشتووە بۆئەوەی ئێوەش لەوە تێبگەن کە ئێمە ئێستا بۆچی ئەوەندە ئەخۆین‌و حساب بۆ خەڵك ناکەین. گەر من حکومەت بام بەم چلەی هاوینە بۆیەك چرکەش کارەباو ئاوم نەدەدایە خەڵك چونکە ئێمە لەو شاخ‌و کێوانە نەکارەبامان هەبوو نەئاوی بەلوعە. گەر من حکومەت بام نەم دەهێشت هیچ شۆفێرێك بەوەستانی سێ شەو لەبەردەم بانزینخانەکاندا بەنزین وەرگرێت‌و دەبوو یەك مانگ خەڵکم بۆ بیست لیتر بانزین بوەستاندایە. ئەمەش لەبەر ئەوەی شانی خەڵك هەڵیدەگرێت‌و قبوڵی دەکات، چونکە من ماڵە مەسئلێك دەزانم لەو دیو ئەزمڕەوە یەك کۆشکی گەورەی بنیاتناوەو یەك محاویلەی تایبەتی کارەبایان بۆ داناوە.

گەر من حکومەت بام لەکوشندەی سەرمای زستاندا یەك لیتر نەوتم دەگەیاندە سەد دۆلار، تاخەڵك لەسەرماندا رەق بێتەوەو بچێتە گۆڕی ئەژدادییەوە، گەر من حکومەت بام هەموو ساڵێك سێ تا چوار هەڵبژاردنم دەکرد تاخەڵك وەك مێگەلە مەڕو رەشە وڵاخ دوای بۆڕە بۆڕی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانمان کەون بۆ دەنگدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو دواتریش هەر شارەوانییەکەی ساڵی دوو هەزار ئەم شارە پڕکات لەچاڵی‌و چۆڵی. گەر من حکومەت بام یەك کیلۆ گۆشتی حەیوان‌و مریشکم دەگەیاندە بیست دۆلارو بیتاقەی دوکتۆریشم دەگەیاندە پەنجا دۆلار بۆ ئەوەی خەڵك لەبێ گۆشتیدا شەو کوێر بێت‌و یەکسەر نەخۆشیش رەوانەی





ئەو دنیای کات. گەر من حکومەت بام لەبری چل‌و حەوت وەزیر چل‌و حەوت هەزار وەزیرم دادەنا تا پاداشتی هەموو فەوجە خەفیفەو مستەشارو تەواوری‌و رەفیق حزبییەکانیش بدەمەوە چونکە ئەوان زۆر کورد پەروەر بوون گوناهە پلەی وەزیری یاخود مدیر عامییان نەدرێتێ.

گەر من حکومەت بام زۆر شتیتریشم دەکرد بەڵام ئەوەی وەك ئەولەویاتی کارەکانم دەمکرد ئەوە دەبوو کە هەموو شەوێك دوو پۆلیسم بۆ هەر ماڵێك دەناردو یەکی تێڵایەکم دەدانێ‌و دەمووت هەموو ئەندامانی خێزانەکانیان دارکارییبکەن تا خەویان لێدەکەوێت، ئەوەندەم ئەم تێڵاکارییە دووبارە دەکردەوە تا لەوە تێبگەم جامی سەبری ئەم خەڵکە کەی پڕ دەبێت‌و کەی لێم یاخی دەبێت‌و راوم دەنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم، دواتر شتێکی تریشم دەکر هەموو بەیانیانێك رێگەم بەهەموو پیاوانی ئەم وڵاتە دەگرت‌و پێم دەوتن وەرن بزانم ئەمشەو چەندتان کردووە باجەکەی بدەن! چونکە ئێوە لەسایەی دەسەڵات‌و دڵنیایی مەملەکەتی ئێمەدا ئەوەندە دەپەڕن بوونەتە کەروێشك.

*لەژمارە(154)رۆژی گەل لەرۆژی یەك شەممە2006/8/6بڵاوبۆتەوە.

## ئێمە مەغۆلین یان حکومەت؟

ماوەیەکە زنجیرەیەك خۆپیشاندان شارۆچکەکانی کوردستانی گرتۆتەوەو وەك دەزانین رۆژی یەك شەممە سلێمانیش هاتە سەرشەقامەکان‌و وەك ئەو شارۆچکانە هاواری لەبێدادی‌و نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان کردو دواتر نەك هەر گوێیان لێنەگیرا بەڵکو سیٚ کۆستەریان لێپڕکردن‌و بەرەو باستیلەکەی (کانی گۆمە)یان بردن. ئەوەی هەست پێدەکرا نارێکوپێکی بەخۆپیشاندانەکەوە دیاربوو، واتا بێبەرنامەبوو وەك چۆن حکومەت بێبەرنامەیەو هیچی بەسەر هیچەوە نییە، بەرنامە لەگەڵ حکومەتێکدا تاووتوێدەکرێت کەخۆی خاوەنی بەرنامە بێت، هەربۆیە ئاساییە خۆپیشاندانەکانی ئێمەی بێبەش لەهەر پێداویستییەکی سەرەتایی ژیان بێبەرنامەو نارێکوپێك بێت. بەڵام ئاسایی نییە حکومەتێك بێبەرنامەبێت‌و وەڵامێکی سادەی خەڵك نەداتەوە. ئایا حکومەت زمانی کوردی نازانیٚ یان ئێمە بەزمانی مەغۆلی داوای ئاوو کارەباو سوتەمەنی‌و شوێنی دانیشتن‌و خەوتن دەکەین.؟ باشە دزی کەی تەواو دەبێت؟ گەندەڵی کەی تەواو دەبێت کۆمپانیاو کۆشکی بەرزو کێڵگەی کشتوکاڵی مەسئولەکان کەی تەواو دەبێت.؟ ئەو پارەو پولەی لەم وڵاتەدایەو سەرباری ئەوەش ئەوەیشی بەباج‌و خەراج‌و سەرانەش لەخەڵکی وەردەگرن بەشی دزییەکەی ئێوەیش‌و بەشی ژیانە کوللە مەرگییەکەی ئێمەیش دەکات‌و سەروپێی زیادە، بەڵام بۆ نایکەن دیارە ئەمەیان سوکایەتییەکی تەواوە بەخەڵك‌و هیچ پاساوێکیش هەڵناگرێت.

ئەوەی سەرنج راکێشە کەناڵەکانی یەکێتی‌و پارتی هەمیشە هەوڵەدەن لەگەورەیی‌و پیرۆزی خۆپیشاندانەکان کەمکەنەوەو وابڵاویدەکەنەوە کە هەر دووسەد کەسێك بوون لەسلێمانی هاتنە سەرشەقامەکان لەکاتێکدا





گەر چاوی بەرژەوەندی ببینیٚ ئەوەی لەسلێمانی کۆبۆوەو هاتە سەر شەقامەکان سیٚ چوار هەزار گەنج دەبوون، ئەو گەنجانەی بێمنەتن لەکوردایەتی‌و ژیانی شایان بەگەنجانەی خۆیان دەوێت، دواتر ئەوەشمان بیرنەچێت ئەوانە نوێنەری هاوارەکانی خەڵکی شاربوون لەدەست دزی مەسئولەکان‌و نەبوونی کارەباو ئاوو سوتەمەنی‌و خانوویەك کە رازو نیازەکانی ئینسان وەشێریٚ. ئەوەی گرنگە لێرەدا بزانریٚ‌و هەستی پێبکریٚ ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد خۆی نەبان کردووەو نایەوێت لەو پرسیارە سادەیەی ئەم خەڵکە تێبگات کەئیتر لەتەحەمولدا نەماوە رێز لەقارەمانەکانی دوێنیٚ‌و دزو جەردەکانی ئەمڕۆبگرێت، خەڵك چی لەپێشمەرگەیەك بکات کە تادوێنیٚ سنگی بەگوللەوە دەناو ئەمڕۆش سنگی ناوە بەسەروەت‌و سامانی ئەم میللەتەوەو شاپان‌و راپانی پێوە دەکات‌و ئامادەنییە یەك قروش بۆ خەڵك خەرج کات، حکومەت ناتوانیٚ سوتەمەنی بەگران بکڕێت‌و بەهەرزان بیداتەوە خەڵك؟ حکومەت ناتوانیٚ لەبری تونێڵ‌و کۆپتەری کشتوکاڵی (10) وێستگەی کارەبایی دوو سەد میگاواتی بۆ هەموو کوردستان بکڕێت؟ حکومەت ناتوانیٚ لەهەر گەڕەکێك‌و بیرێکی ئیرتیوازی لێبداو ئاوی پاك بۆ خەڵك دابین کات.؟ هەڵبەت دەتوانیٚ بەڵام بۆ نایکات دەبێت هەر دوو سەرکردەی گەورە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوەو منیش دەچم بەلای کاری خۆمەوە.

*لەژمارە(122)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەرۆژی شەممە2006/8/16بڵاوبۆتەوە.

## باخەڵك جلی پۆلیس لەبەركەن

لەخۆپیشاندانەكانی ئەم یەك دوو هەفتەیەدا زیاتر لەسەد هاوڵاتی لەلایەن ئاسایشەوە گیراونو باسەندیكای رۆژنامەنوسانیش سیر بخواتو زورنا بژەنیٚ، چونكە زۆرینەی گیراوەكان رۆژنامەنوسنو هەندێكیان سەروسۆراخشیان نییە. خەڵك بۆچی دەگیریٚ؟ لەبەرهێندەی خۆپیشاندانی كردووە، بۆچی خۆپیشاندانی كردووە؟ لەبەرئەوەی وەك بەشەر ناژیو وەك بەشەر حسابی لۆناكریٚو دەیەویٚ بچێتەوە ریزەی بەشەرو حسابی بۆ بكریٚت، بەشەر كێیەو چۆن دەژی؟ بەشەر مانای مرۆڤایەتیت پارێزراو بێتو لەهیچت كەم نەبێتو كۆمەڵێك ورگ زلو تەنگە قەوی بەناوی پێشمەرگەی كۆنو كوردایەتییەوە نەت چەوسێننەوە. لەهەموو خۆپیشاندانەكانی ئەم ماوەیەدا پۆلیس رۆڵی تەماشاچی بینیوەو ئاسایشیش بەجلوبەرگی سڤیلەوە چوونەتە ناو خەڵكەوەو لەناكاو داویانە بەسەر خەڵكداو چەندی بۆیانكرابێت خەڵكیان گرتووە، ئەمەش پرۆڤەی حكومەتە بۆ سەركوتكردنی نەیارەكانی، چونكە ئەم حكومەتەی ئێمە بەنیازە بارودۆخی لەوە خراوتر تووشی ئەم خەڵكە بكات بۆیە لەئێستاوە لەسەری سەر بزێو دەداتو بەچاكو خراپ خەڵك دەگریٚو رەشبگیر دەكات.

لێرەوە من پێشنیارێك دەدەمە حكومەت تا كارئاسانی زیاتری بۆبكرێت، دەكریٚ لەمەودوا خەڵك جلوبەرگی ئاسایشو پۆلیس لەبەركەنو پۆلیسو ئاسایشیش جلوبەرگی خەڵك واتا مەدەنی، ئەمەش بەخاتری ئەوەی كە لەبارودۆخێكی لەوشێوەیەدا تێكەڵ نەبنو حكومەت بزانیٚ كیٚ دەگریٚ، چونكە ئەوە دەزانین كەئەم حكومەتەی ئێمە حەزی لەئازاردانی خەڵك نییەو دڵی لۆیان دەسوتیٚ. ئەمەش بۆیە دەڵێین چونكە لەدنیادا هەروابووە





هەمیشە جلوبەرگی مەدەنیو سەربای جیاوازبووە، بەتایبەت لەكاتی خۆپیشاندانو لەوڵاتی دیموكراتیدا، ئیٚ خۆ حكومەتی هەرێمیش بانگەشەی دیموكراتییەتێكی عەیار بیستو چار دەكات. دواتر هەقە سلێمانی پالاس بكرێتە كامپی سەربازی چونكە رۆژی خۆپیشاندانەكان حەوشەی پشتەوەی پڕكرا لەمنداڵو گەنجی دەستو چاو بەستراوو یەك دوانێكیكیش بەتفەنگەوە لەسەر سەریان وەستابوونو پێیان وابوو كارلۆس مونعمی تیرۆرستی نێو دەوڵەتییان دەستگیركردووە. تۆسەیری ئەو قارەمانێتییە لەگەڵ خەڵكەكەدا هوتافیان دژی حكومەت دەداو لەپڕیش دوو دوو هەڵیان دەكوتایە سەر گەنجێكو بەشەقو بۆكس بۆ ناو كۆستەرەكانیان دەبردن.

چارەسەری خۆپیشاندانو رێپێوانی خەڵكی ناڕازی بەوە ناكرێت چەند گەنجێك قۆڵبەست كەیتو بیبەیتە كانی گۆمەو نەهێڵی كەسوكاریان لەهەواڵیان بزانن، ئەوە رقی خەڵك ئەستورتر دەكاتو ....... ، ئەوە حكومەتو حزبن، ئاسایشو پۆلیس بەردەنە گیانی خەڵكو خۆشیان نەبان دەكەن. ئەوە حكومەتە لەبەردەم قەیرانەكاندا دۆش داماوەو ناتوانیٚ راستییەكان ببینیٚو قبوڵی بكات، بەڵام ئەمە تاسەر دەبێت؟ هەڵبەت نەخێر.

*لەژمارە(155)ی رۆژی گەل لەڕۆژی 2006/8/20بڵاوبۆتەوە.

## پڕیکەو بڕۆ

ئەمە قسەی یەك لەپیاوەکانی ئاسایشی سلێمانی بوو بەجلوبەرگی مەدەنییەوە کەوتبووە ناو خۆپیشانەکەی سلێمانی‌و لەکاتی گەیشتنی سێ پاسی کۆستەردا بۆ بەردەم حەسیب ساڵح کاکی ئاسایش وتی پڕیکەن‌و بڕۆن. بەتێڵاو شەق کەوتنە گیانی خەڵکی مەدەنی، هەر کەسێك بەمۆبیلیش وێنەی بگرتایە بەر هەڵمەتی ڕەشبگیری دەکەوت، ئاسایشی سلێمانی خەڵکی خۆپیشاندەری بە مێگەلە مەڕو بزن دەزانی‌و کۆستەری لێپڕدەکردن. سەیرکەوە لەوەدایە ئەو ئاسایشەی خەڵکیش دەگرێت وەك هەر هاوڵاتییەکی مەدەنی دەبێت بێ ئاوو کارەبایی بچێژێ‌و یەك هەفتە لەسڕی بەنزینندا بوەستێت. یەکێتی‌و پارتی بوونەتە گاڵتەچی خەڵك‌و کەچی هێشتا پێیان شەرم نییە باس لەدەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم‌و کابینەی پێنجەم دەکەن ئەو کابینەیەی تەنیا مووچەی خەیاڵی دەداتە وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکانی. یەکێتی‌و پارتی دەڵێی لەئەستێرەیەکی ترەوە هاتوون‌و لەزمانی ئەم خەڵکە ماندووە ناگەن، ئێوە نازانن چیمان دەوێت‌و بۆ چی واشێت‌و هاربووین‌و پەلامارتان دەدەین. ئێمە نەوت‌و بەنزین‌و ئاوو کارەباو شوێنی خەوتن‌و ژیانمان دەوێت، ژیان ئێوە تێناگەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە شەقی خەڵك قۆناغتان پێبەرێتە شوێنێکی ترو تێتان گەیەنێت چیمان دەوێت.

ئەم دوو حزبەی ئێمە پێدەچێت لەکاتی ڕووخانی سەدام‌و شکاندنی پەیکەرەکانی‌و دڕاندنی ڕەسمەکانیدا لێرەنەبووبن‌و لەتیڤیشەوە ئەو پیاوە داخ لەداڵەی گەڕەکی سەورەی بەغدایان نە دیبێ چۆن دشداشەکەی هەڵدایەوەو ویستی بیکات بەدەمی سەدامدا، گەر ئەوەیان بینیبێ هەڵبەت





لەوەتێدەگەن کە ئەو لەشکرە زۆرو زەبەندەی سەدام لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا چی بۆننەکرا تۆ بڵێی ئەمان لۆیان بەکرێت؟ هەڵبەت نەخێرو سەریان داوێتی لەبەرد. ئێوە دزی دەکەن بیکەن، ژن بازی دەکەن بیکەن، کۆمپانیا دائەنێن داینێن، هەرچی دەکەن بیکەن چوونکە ماندووبوون لەوشاخانە، بەڵام تکایە خزمەتی خەڵکیش بکەن. لەسەدا هەڤدەی داهاتی عێراق بۆ کوردستانە ئەی کوا.؟ سەدام لەسەدا پێنجی بۆ هەموو عێراق خەرج دەکردو کەسیش نەبوو ڕۆژێك بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری‌و پێداویستی ژیان دژی سەدام بێتە سەر شەقامەکان. تەنیا ئەو پرسیارە لەخۆتان بکەن بۆ هێندەی لای خەڵك ناشیرین بوون؟

## نۆسەران و هونەرمەندان لای سەرۆك چییان وت

دواجار سەرۆك تەشریفی هێنایە سلێمانی‌و لوتفی فەرموو کەئەو لەشکرە زۆرو بۆرەی نوسەران‌و هونەرمەندان ببینێ‌و بزانێ گرفتیان چییەو چۆن دەکرێت بۆیان چارەسەر برکرێت‌و چیتر وەك پیرەژنی دۆڕژاو بۆڵەبۆڵ نەکەن‌و رەخنە نەگرن. من نەچوومە دیداری سەرۆك‌و دوو رۆژ دوای دیدارەکەیش زانیم کەنوسەران‌و هونەرمەندانی داوەت کردووە بۆ گفتۆگۆکردن، ئەمەش نامۆنییەو زۆر ئاساییە بەلامەوە چونکە ئەوانەی کەچوونەتە لای سەرۆك یان (یەکێتی یا پارتی)ن ئیتر ئاوبێنەو دەست بشۆ، هەر چەند ئەمڕۆ ئاویش بەڕادەیەك کەمبۆتەوە دەبێت لەبەلوعەکە بپاڕێیتەوەو نیو کاتژمێر دەستی پیابێنێ تا ئاوی دێتەوە. دواتر بشمزانیبا هەر نەدەچووم چونکە گرفت‌و کێشەکانی ئەم وڵاتە نەك هەر هی نوسەران‌و هونەرمەندان بەڵکو تەواوی بوارەکان‌و چین‌و توێژەکان لەگرێژەنە دەرچوون‌و نەك بەتەنیا سەرۆکێك بەڵکو بەهەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی چارەسەر ناکرێت‌و ئیتر هەرهەوڵێك بێسوودە، درەنگە، درەنگ. ئەوەی بەبێوەژنی دەیکەن بەکچی بتان کردایە.

جاگوێبگرن بزانن ئەو بەناو نوسەرو هونەرمەندانە چیان گۆتووە، یەکێکیان بەهەزار فەلاکەت هەستابوو وتبووی جەنابی سەرۆك من بیست‌و سێ ساڵە خەریکی نوسینم‌و تائێستاش مووچەکەم هەر تەنیا حەفت سەدو پەنجا هەزار دینارە، سەرنج بدەن(یانەی قەڵەم مانگی حەفت سەدو پەنجا هەزار وەردەگرێت) بابچینەوە سەرقسەی کابرای نوسەر وتبووی سەرۆك هەر ئەو مووچە کەمەم هەیەو تائێستاش زەویم وەرنەگرتووەو زۆریش ئیهانەکراوم. یەکێکی تریان بەناو دنیادیدەو جوگرافیناس‌و زۆر





شتیتریشە هەستابوو وتبووی من هاوڕێی رۆژانی خەباتی بارزانی نەمرم خۆت باش دەزانی، یەك داواکاریم هەیە ئەویش ئەوەیە لەفیلمی (بارزانی) نەمردا رۆڵی بارزانی بدەی بە(ت.....) کەهونەرمەندێکی بەئەزموونەو هەندێك شێوەیشی لە ئەو نەمرە دەچێت.! یەکێ تریان وتبووی جەنابی سەرۆك من هونەرمەندێکی میللیم‌و نەلە هەولێر بواری ئاهەنگ گێڕانم دەدەن‌و نەلەسلێمانی، کەچی لەبەدبەختی ئەو بەرپرسێك وتبووی خواتبێ ئەم ماوەیە دوو ئاهەنگ چووم لەهەردووکیدا تۆ گۆرانیت دەوت.

ئەمە حاڵی ئەو بەناو نوسەرو هونەرمەندانەیە، بەیەك فیکە لەدەوری سەرۆکەکان کۆ دەبنەوەو تەنیا گرفتیشیان مووچەو زەوی وەرنەگرتنەو ئیتر خەڵك لەبێ ئاویدا دەخنێ لەتینواو بەیەك هەفتە خۆی بۆ ناشۆرێت‌و گەڕو گول دەبێت‌و لەبەر دووکەڵی چرا چاوی کوێر دەبێت‌و یەك هەفتە بۆ بیست لیتر بەنزین لەبەردەم بەنزینخانەیەکدا شەو رۆژدەکاتەوەو مانگی سێ وەرقەو چوار وەرقە دەدات بەکرێ خانوو، سێ تا چوار دەوامی بۆ دەکات چاوی دەرێ‌و سەرۆك خۆش بێت‌و نوسەران‌و هونەرمەندان قەڵەمیان بەبڕشت بێت.

*لەژمارە(101)ی رۆژنامەی بەرگری لەئەیلولی 2006 بڵاوبۆتەوە.

## پاسپۆرت

لـەمانگی دووەوە خـەریکی دەرکردنـی پاسـپۆرتێکم تائێـستاش ئـەو سەری دیارنییە، لەهـەموو وڵاتێکدا حکومـەت خـۆی وادەکات هاوڵاتیان خاوەنی پاسپۆرتی خۆیان بن، کەچی لێرە حکومـەت وادەکات پاسـپۆرت ببێتە گیای نەمری‌و دەست هیچ کەسێك نەکەوێـت جگـە دارو دەسـتکەی خۆیان. مێشکی سەری خەڵکیان بەرداوەتەوە ئەوەندە باسـی پاسـپۆرت‌و ئەو دەسـتکەوتە شارسـتانییە دەکـەن، کەچـی بەساڵێك کارەکـە بـۆ خـەڵك رایناکـە، هـەزار ئەمـسەرو ئەوسـەری ئاسایـشت پێدەکـەن، پاسـپۆرتەکە بەخۆڕاییە ئەمان بیست‌و پێنج هەزار دینارت لێدەسێنن‌و هێشتاش هـەر بـۆت ناکـەن، ئێـستا گـەر بیـست‌و پێـنج هەزارەکـەم بدەنـەوە نـەك هـە ر نامـەوێ بـەڵکو وردو هاڕیـشی دەکـەم، پاسـۆرتێك کـە ئەسـڵەن سـەفەری پێناکرێ لەبەر خراپی بـارودۆخ کەهـەر ئـەمان بەرپرسـن لێـی ئـەو هـەموو منەتـەی بۆچییە.؟ دواتـر مـن سـوور دەزانـم ئـەو بیـست‌و پێـنج هـەزارەش دەچێتــە گیرفــانی مەســئولەکانەوە بۆیــە ســوورم لەســەر دەرکردنــی پاسپۆرتەکە. دواکـەوتنی دەرنـەکردنی پاسـپۆرتەکانیش وەك حکومـەت دەڵێ بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کا بەنیازن ئەو جۆرەیان پێبگات کـە بـەکوردی لێـی نوسـراوە، بـەڵام ئـەوە کەیـدەگات دەبـێ حکومـەت وەڵامبداتـەوە. ماوەیەك لەمەوبەریش بڕیارێك دەرچووەو بەپێی بڕیارەکە هاوڵاتی خوار تەمەنی بیست‌و شەش ساڵ پاسپۆرتی بۆ ناکرێت بەبیانوی ئەوەی رێگـە لەکۆچی لاوان بگرن، چوون دەزانن لاوان بەم بارودۆخە ئابورییـە خـراپ‌و داتەپیوەی ئەم وڵاتە رازینین‌و دەڕۆن، لاوێـك چـی لـەوڵاتێك بکـات هـەموو شــتێکی بەحزبایەتییــەکی بێمانــا ســواغدرابێت تەنانــەت دەرکردنــی





پاسپۆریتێکیش، وڵاتێك شوێنێکی تێدانییە بۆ کوڕێك یاکچێکی لاو کە ئیسراحەتێکی تێدابکات ئێتر بوون‌و نەبوونی بۆ چی باشە.

ئەوەی ئەمانی ترساندووە لەوەی بڕیارێکی لەو شێوەیە دەرکـەن تـەنیا یەك شتە ئەویش ترسی ئەمانە لەوەی لاوەکان لەئەوروپا بڵێن کوردستان نائارامـەو گرانـی‌و قاتوقڕی‌و دزی‌و فزی بەرپرسـەکان خـەڵکی هەراسان کـردووە، کارەبـاو ئـاو قـاتیبوون، سـووتەمەنی هـەر دەسـتناکەوێ. ئـێ ئەمان لەمێژە کوردستانیان وەك بەهەشت پێشانی خـەڵکی دەرەوە داوە، خــەڵکی کوردیــان وەك تێروپڕتــرین گــەلی دنیــا ناســاندووەو وتویانــە وڵاتەکـەمان بـەحری نـەوت‌و سووتەمەنی‌و ئـاوو کارەبایـەو یـەك بـەرمیل نەوت‌و بەنزین بەچوار سەنتە واتا یەك خولەك قسەکردنی مۆبایل. ئیتر لەوێ بەدرۆ دەکەونـەوەو ئەوساش حـەیایان دەتکـێ بۆیـە بڕیارێکی لـەو شێوەیە دەردەکەن.

خـەڵك ئەناسـم لـەزەرفی یـەك هەفتـەدا پاسـپۆرتێکی دەرکـردووە تـەنیا لەبـەر ئـەوەی خـەڵکێك دەناسـێ‌و کاغـەزی خـەڵکێکی تـر دەبـاو دواتـر پاسپۆرتەکەی دەخەنە بەڕکییەوە، ئەمان نایانەوێ خەڵك بڕواتـە دەرەوەو چـاوی بکرێتــەوەو ژیــان ببــینێ، تــەنیا دەیانــەوێ خــەڵك بــەدیار ئــەو پێشکەوتنانەوە دانیشێ کە ئەمان بۆ خەڵکی بیـانی باسـدەکەن، میوانێك دەبەنـە سلێمانی پـاس‌و نـاهێڵن تیشکی خـۆر لێیبـات‌و لێناگـەڕێن یـەك دینار سەرفکات‌و هـەمووی لەخەزێنـەی میللـەت بـۆ خـەرجدەکەن‌و دواتـر بـەترومبیلی خۆیـان دەیگێـڕن، تـەنیا بۆئـەوەی راسـتییەکان وەك خـۆی نــەبینێ. کــام میوانــە ئــەم وڵاتــە زۆر بەپێــشکەوتوو خەڵکەکــەی بەخۆشگوزەران دەزانـێ بایـەك هەفتە بەتـەنیاو دوور لـە پیـاوانی حـزب‌و حکومەت لەمشارەدا بجوڵێ ئەوسا گوێ لەوەسفەکانی بگرە.

*لەژمارە(124)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی یەك شەممە 2006/9/17

## مەسەلەی باوەشێنەکە

پێموابێ لەدووی ناوەندی یاخود پێشترو لەقۆناغی ئامادەیشدا لەوانەی مێژوودا باس لەمەسەلەی باوەشێنەکە کراوە کەگوایا لەجەزائیر کۆنسوڵی فەڕەنسا نازانم باوەشێنی بەرکەوتووە یاخود باوەشێنی بەخەڵك کێشاوە ئێستاش هەر حاڵینەبووم‌و پێموایە کەسیش لەو مەسەلەیە حاڵی نەبووە. بەهەرحاڵ، من دەمەوێ لەپەنای ئەو بابەتەوە بڕۆمە سەر بابەتێکی تر ئەوەش مەسەلەی هەڵکردن‌و هەڵنەکردنی ئاڵای عێراقە لەکوردستان. بەتایبەت لەوەختێکی وادا کە کارەبا رۆژانە دەچێتە ئاوو سوتەمەنیش هەر دەست ناکەوێت‌و یەك بیست لیتر بەنزین گەیشتۆتە بیست دۆلار. ئەم بڕیارە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەرچوو بەماوەیەکی زۆرکەم وەك تۆپ لەعێراق‌و وەتەنی عەرەبیدا تەقییەوەو شیعەو سوننەی عێراقی کردە یەك لەدژی کورد. یەکێتی‌و پارتی تادەمی روخانی بەعسیش ماوە ماوە لەسەر هەڵکردنی ئاڵای عێراق مشتومڕیان بوو، کاتی خۆی (شێرکۆ بێکەس) وەزیری رۆشنبیری بوو لەسەر هەڵکردنی ئاڵای عێراق کەئەوکات پارتی پێی لەسەر دادەگرت دەستی لەکارکێشایەوەو تاساڵی دووهەزاریش لەهەموو دەڤەری پارتیدا ئەو ئاڵایە هەبووە، دواتر لای یەکێتیش بەهەمان شێوە هەڵکراوە.

بەبڕوای من گرفتەکە لەهەڵکردن‌و نەکردنی ئاڵاکەدا نییە ئەوەندەی گرفتەکە لەوەدایە کەلەم کات‌و ساتەدا ئەو بابەتە هەستیارە جگە لەفرۆشتنی کوردایەتی بەخەڵك شتێکی ترنییە! ئێمە لەهەزار گرفتی رۆژانەی تردا چەقیوین ئیتر ئاڵایەك چی بۆئێمە دەکات، دواتر ئێوە خۆتان بەبەشێکی لێك جیانەبووەوەی عێراق دەزان ئیتر بۆچی ئاڵاکەی قبوڵ ناکەن؟ بۆچی قاسم لەسەدام پیاوترو کورد دۆساتتر بوو ئێوە ئاڵاکەی





هەڵدەکەن؟ هەر ئێوەنەبوون دژی قاسم شۆڕشی ئەیلولتان بەرپاکرد؟ کوردایەتی ئەمڕۆ ئەوەنیە هەموو عەرەب بکەیتە دوژمن لەسەر ئاڵایەك بەڵکو کوردایەتی ئەوەیە دوو هۆدەو هەیوانێك بۆ بێ خانوویەك دابین کەیت‌و رۆژانە بیست لیتر بەنزین بەنرخێکی شیاو بۆ تاکسییەك دابین کەیت، لەسەر دزی‌و گەندەڵی چوار بەرپرس دارکاری کەیت.

ئەم میللەتە بەبەرییەوەنەماوە تکایە کێشەی تری بۆ دروست مەکەن، گەر ناتوان ژیانی بۆ دابین کەن هیچیتر مەیانکەنەوە بەگژ عەرەبدا چونکە جاری جاران نەماوە بەکلاشینکۆفێکی ژەنگاوییەوە بەرەنگاری حکومەت بیتەوەو بەرپرسەکانیشتان فێری ژیانی شارو باوەشی گەرمو پڕسۆزی ژن بوون لەبەر ئەوە کەس نییە شەڕتان لۆبکات‌و خۆشتان پاسپۆرتەکە هالەگیرفانتاندا منیش ئامادەنیم لەسەر وڵاتێك شەڕکەم کەئێوە بەرهەمەکەی بچننەوەو بیکەنە دیاری بۆ ماڵ‌و منداڵتان. ئەم هەڵڵایە کاتی خۆی لەسەر ئاڵای کوردستانیش کرا ماوەك پارتی هەڵکی نەدەکردو ماوەیەکیش یەکێتی هەرکاتێك لەهەولێر ئاڵاکە هەڵکرایا لەسلێمانی دادەگیراو هەر کاتێکش لەسلێمانی هەڵکرایا لەهەولێر دادەگیرایەوە، ئیتر بەم شێوەیە ئاڵاکەش ببوە لیبۆك بەدەست یەکێتی‌و پارتییەوە، ئێستاش دەیانەوێ کوردایەتتیمان پێ بفرۆشنەوە، بەڵام ئێمە کوردایەتییەکەی ئێوە بەیەك فلسی قەڵب ناکڕین، حاڵیبوون..................؟؟؟؟؟

*لەژمارە(157)ی رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە 2006/9/17 بڵاوبۆتەوە.

## بڕیارەکەی پارێزگار

هەر حکومەتێك کەوتە گرتن‌و راوە دوونان‌و نانبڕینی خەڵك، لەسەر داواکردنی مافێکی ئاسایی وەك بوونی ئاوو کارەباو شوێنی دانیشتن بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو دەنێتن، جابا تاسبیانیَ جاڕی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ بەخەڵك بفرۆشێتەوە. لەڕۆژی 2006/8/11و لەکاتی ناڕەزایی دەبڕینەکەی خەڵکی سلێمانی ئەوەی کەحکومەت ناوینا منداڵە ورکەو ئاژاوەچی‌و دەستی دەرەکی، کۆمەڵێك گەنج گیران‌و تۆمەتی گێرەشێوێن‌و ئاژاوەچییان درایە پاڵ‌و دواتر دوای هەشت رۆژو لەبەر توڕەیی خەڵك‌و ئیحراجبوونی دەسەڵات، ئازادکران‌و نەشتوانرا ئەو تۆمەتانەیان بەسەردا ساغکرێتەوە کەدرابووە پاڵیان. یەکێك لەوانەی گیرا برادەری من بوو، ئەو رۆژە من لەفەرمانگەکەی خۆمبووم زەنگی بۆدام وتی: وەرە لای سەرا چاوەڕێت دەکەم. چوومە پاسەوەو گەیشتمە لای سەرا بینیم برادەرەکەم لەگەڵ دوو مرووردا قسەی دەکرد، تاپاسەکە وەستاو هاتمە لای سەرا برادەرەکەم دیار نەبوو، دوای هەشت رۆژ لەئاسایشی سلێمانیەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە. لەویَ وتبوویان تۆ ئاژاوەچیت‌و ئەو هەرایە تۆ سەرپەرشتیت کردووە. منی دەبەنگ نەمزانیبو ئەو برادەرەم بەشیری قۆدی زڕبرای زەرقاوی‌و حەمزەی موهاجیرە.!

ئەو برادەرەم وتی لەحەوشەی ئاسایشی سلێمانیدا وتویانە ئەوەی کارمەندی حکومەتە جیابێتەوەو دوای جیابوونەوە یەکێك لەجوامێرەکانی ئاسایش قیژاندبوی بەسەریاندا(هەمووتان خائین‌و نمەك حەرامن چونکە هەر مانگیَ حەوتسەد تا هەشت سەد هەزار دینار لەحکومەت وەردەگرن، کەچی واش ئاژاوە دەنێنەوە) بۆ زانیاریتان ئەو برادەرەی من سەدو بیست





هەزار مووچەکەیەتی، کاکی ئاسایش وادەزانی پارەکە حزب‌و حکومەتەکەی ئەو بەکۆڵکێشی‌و سواڵ پەیدای دەکات‌و دەیداتە خەڵك. دوای گەڕانەوەی برادەرەکەم بۆ فەرمانگەکەی خۆی مووچەکەیان بیست رۆژ دواخست‌و دواتریش بڕیارێکی پارێزگاری سلێمانیان پێدەگات کەدەڵیَ ئەو کارمەندەی بەشداری ئەو گێرەشێوێنییەی کردووە (10) رۆژ قەتعە راتبی کەن. ئالێرەوە رووی جوانی ئەم حکومەتە دەردەکەوێت. ئاخر پارێزگار چ پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە؟ ئاسایش خۆی ئازادی کردووەو وازی لێهێناوە، دواتر ئاسایش نەیاتوانیوە بیسەلمێنیَ کە بەڕاستی ئەو کەسە ئاژاوەچییە یا بەکرێگیراوی وڵاتێکی تر.

باشە پارێزگار بۆ سنورێك بۆ گرانی ناوبازاڕو نرخی سووتەمەنی‌و کرێی خانوو دانانێت؟ ئایا ئەوانە کاری پارێزگارن یان نانبڕینی خەڵکێکی ئاسایی؟ ئەمە دیموکراسی‌و مافی بەشەرە حکومەتی کوردی پەیڕەوی دەکات یان دووبارەکردنەوەی مەهزەلەکانی ستالین‌و مۆسۆلۆنی؟ گەر بڕیارە هەویرەکەتان ئاوی زیاتر بکێشیَ تکایە پێمان بڵێن.؟ لەوەتەی پارێزگار بەدەنگی خەڵك لەو شوێنە دانراوە ئەمە یەکەمجارە بڕیارێکی جێبەجێبکرێت ئەویش دژی ئەو خەڵکەی کە بەناخێری گیانیان دەنگی خۆیان داوەتیَ، ئەی ئافەرین پارێزگار ئەوها دەبێت پارێزگاریکردن لەخەڵك.

*لەژمارە(158)ی رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە!/2006/10 بڵاوبۆتەوە.

## یەکرگتنەوە وادەبێ

ئەو ماوەیەی پێشوو کۆریای باشورو باکور بۆ بەرژەوەندی گشتی و لەبەرخاتری تکاو داوای خەڵکی ڕەشوڕوت یەکیان گرتەوەو کۆتاییان بەکێشەو گرفتی چەندین ساڵەیان هێناو بڕیاریاندا ئیتر بەڕاستی خزمەتی خەڵکی بکەن، چونکە ئەوان پێیان وایە خەڵکی شایانی ئەوەیە خزمەتی کرێ، کەپێموایە ئەمە سیاسەتێکی تازەیە کەئەوان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کەمیللەت شایانی خزمەتکردنە. بەڵام ئەوەی سەرنجی چاوگێڕانی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە تانهۆش لەبەری باکور ئەلفبێی (ئیبراهیم باڵدار)و لەبەری باشور ئەلف بێ تازەکەی مامۆستا (عەبدوڵڵا) دەخوێندرێ. جگەلەوەش بەچەندین کۆنترۆڵدا تێدەپەڕی گەر بتەوێ بچییە باشورو هەروەها لەوێشەوە بەهەمان شێوە چەندین کۆنترۆڵی تر دەتپشکنێ نەوەك لەبەری ئەوبەر خوانەکا ڤایرۆسی ئایدزو ئەنفلەوەنزای پەلەوەرت لەگەڵ خۆت هێنابێتەوە.

ئەوەی زۆر خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە لەم یەکگرتنەوەیەی هەردوو کۆریایەدا ئەوەیەی کەشتێك کەمتر لەحکومەتی چینی دراوسێیان وەزیریان هەیەو، پەڕلەمانێکی خەوخۆش و هەزاران مودیرعام، خەڵك پرسیاری ئەوەدەکا تۆ بڵێی ئەم هەموو وەزیرە چی بۆ ئەم دوو گەلە جیاوازەی هەردوو کۆریا بکەن، چونکە گرفتی سەرەکی هەردوو گەل ئەوەیە کەسواری پاس دەبن نازانن بڵێن لەکوێ دابەزین هەیە! لەبەر هێندەی تەواوی شەقام و کوچەکانی وڵات ناوی دوو شەهید یاخود دوو پاڵەوانی هەردوو حزبی خاوەن حکومەتی پێشووی لەسەرە، کەهەندێکیان





لەشەڕی جیابوونەوەی هەردوو کۆریادا گیانیان سپاردوو کرانە قوربانی یەك گلوولە بەقەولی فارس.

بەڵام ئەم یەکگرتنەوەیەی هەردوو کۆریا بۆ خەڵك بۆتە گەورەترین نەهامەتی و هەندێکجار لەدامو دەزگاکانی میریدا گوێت لێیە خەڵك ناڕەزایی دەردەبڕن و دەڵێن شاڵڵا حکومەت هەردوان بوایەو نەبوایەتە یەك چونکە خەڵك ئیشی ناڕوات، دەبێ بۆ دامەزراندنێك سەردانی پایتەختی کۆریای ئەوبەر بکەیت ئەمەش بۆ هاوڵاتییەکی کۆریای ئەمبەر زۆر قورسەو تێچوونی زۆری دەوێت سەرباری ئەوەش هەڵکوت هەڵکوت دەچییە بەردەم کاکی وەزیرو جەنابیشی زۆر بەهێمنی دەڵێ ئێستا من دەڕۆم بای باڵی خۆم بەم بەڵکو سبەی بێیتەوە ئەوسا ڕەنگە سەیرێکی ئەرزوحاڵەکەت بکەم.

ئەوەی لەم ناوەدا بۆتە گرفت بۆ هەردوو کۆریاکەو ئەو پەڕلەمان و حەمکە وەزیرەی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کە نازانن وێنەی کام سەرۆکیان فەرزکەن بەسەر هاوڵاتیان و دامودەزگاو خوێندنگەو شوێنە حکومییەکانی تردا، چونکە حزبی هەردوو حکومەتی پێشوو سورن لەسەر ئەوەی وێنەی سەرۆکی حزبەکەیان شیاوی ئەوەیە لەو شوێنانە هەڵواسرێت. بەڵام بۆ بەختەوەری و شادمانی میللەت پەڕلەمانە تازەکەی کۆریا دوای چەند دانیشتنێکی گەرموگوڕ ئەو مەسەلەیەی چارەسەرکردو بڕیاردرا لەمەودوا وێنەی هەر دوو سەرۆکی هەردوو حزبی خاوەن حکومەتی پێشو پێکەوە کۆلاجکرێت و لەو شوێنانە هەڵواسرێت. بەمجۆرە پەڕلەمان گەورەترین گرفتی بەردەم میللەتی چارەسەرکرد.

*لەژمارە(162)ی ڕۆژی گەل لەرۆژی یەکشەممە2006/11/12 بڵاوبۆتەوە.

**هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵە**

**بۆ عادل نادری لە (سنە)**

لەم شەوانەی رابردودا برابچوکەکەم وتی ئاسەیری ئەو گۆرانییە بکەو گـوێبگرە، دەنگێکـی زۆر خۆشـی هەیـە بـەڵام لەنزیکـەوە هونەرمەندەکـە پیشان ناداو نازانم ناوی چییە، کەناڵی ئاسمانی رۆژهەڵات بوو سەرنجمدا دەنگێکی پڕ جۆش، گەنجێك لەناو ئاپۆرایەکی خەڵك‌و لەسەر تەختەیـەکی شانۆی گەورە عالەمێکی هێنابووە جۆش‌و خرۆش، زۆر چاوەڕێمکرد هـەر نـەمزانی کێیـە، دواتـر بـیرم کەوتـەوە ئـەم دەنگـە لـەدەنگی(عـادل نـادری) دەچـێ، هونەرمەنـدێکی رۆح سـوکی شـاری سـنە، کـە لەسـاڵی(2004)دا لە(هەفتەی روناکبیری سنە لەسلێمانی) کە وەزارەتـی رۆشـنبیری سـازیکرد ناسیم‌و هـەر لـەو هەفتەیەشدا بەقـەولی خـۆی چـەند گۆرانییـەکی خوێنـد. لەکۆتایی گۆرانیەکەدا ناوەکە نوسراو (عادل نادری) خوێبوو، کەناسیم دڵ پڕ، هەم لەهونەر هەم لەکەفوکوڵی کوردایەتی، ئەو بریندارببوو، بەڵام دەوای برینەکـــەی چـــنگ نەدەکـــەوت بۆیـــە ئـــیتر بـــەگۆرانی ئـــەوەی دەیوســـت دەریدەبڕی.

نادری لەچەندین ڤیستیڤاڵی ولاتـی ئێراندا بەگۆرانی بەشداری کردبوو چەندجارێك خەڵاتیشی وەرگرتبوو لەپای دەنگە خۆشەکەیدا، ئەو پێی وتم کە لەم ماوەیەدا واتا لەکۆتایی (2004)دا یەکەمین بەرهەمی خـۆی لـەتوێی (cd)سیدییەکدا بڵاودەکاتەوە، بەڵام بەرهـەمەکەی نـادری هـەر بڵاونـەبۆوەو نەگەیشتە گـوێی بیسـەرانی گـۆرانی کـوردی، لـەمانگی شەشـی ئەمسـاڵدا سەردانێکی سنەم کردوو ئـەوەی دەمویست ببیـنم هونـەر مەنـدی پەیکـەر تـاش (هـادی زیائـەدینی)و هونەرمەنـدی شـێوەکار (ئەکبـەر مەنسـوری)و هونەرمەنـدی گـۆرانی بێـژ (عـادل نـادری) بـوو زیائـەدینی‌و مەنسـوریم





نـەبینی، کەسـیش شـوێن‌و جێگـەی نـادری پێنـەوتم، بەڕێکـەوت لەیـەکێك لەشەقامەکانی شاری سنەدا لەدوورەوە نادریم بینی، ئەو پشتی لـەمن بـوو بـەڵام ناسـیمەوە، بەرۆیـشتنە پـڕ داخوکەسـەرەکەیدا، بەجەسـتە غـەرقبوو لەتەپوتۆزەکەیدا ئەوم ناسییەوە.

بانگم لێکرد ئاوڕی دایەوە، چۆن دەمناسـی.؟ وتم تـۆ عـادل نـادری نیت ئـەوەی لەهەفتـەی رۆونـاکبیری سـنە لەسـلێمانی گۆرانیـت چـڕی‌و دواتـر لەگەشـتێکی سـەیرانگای دوکـان یـەکترمان ناسـی، نـادری بیریکەوتـەوەو دوای ئەحواڵ پرسین وتی بچینە ماڵـەوە، بـەڵام من پەلـەمبو تـەنیا هـەواڵی سـیدییەکەو کـارو کاسـبی‌و ژیـان‌و گـوزەرانیم پرسـی.؟ وتـی سـیدییەکە هێـشتا بـۆم بڵاونەکراوەتـەوەو کاسبیـشم دارفرۆشـیەوەو ژیانیـشم ئەوەیـە کەدەیبینی. نادری داری ئەفرۆشت‌و لـەتۆزو خـۆڵی داردا ئازای جەستەی رەنگی گۆڕابوو، دڵم پڕبوو بۆ دەنگ خۆشـێکی ئاوها ژیانێکی لـەو جـۆرە بگوزەرێنیّ؟ بەنادریم وت مامۆستا هـێمن دەڵـێ هونەرمەنـدو ژیـانی خـۆش مەحاڵە/ هونەرمەند رەنجەڕۆیە ژینی تاڵە/ تۆ بزا ئەوی ئەهلی هونـەر بـیّ/ دەبیّ یادەربەدەر یادەس بەسەربیّ.

*لەژمارە(4129)ی کوردستانی نوێ لەڕۆژی شەممە 2006/11/24 بڵاوبۆتەوە.

## حکومەت و بەرپرسەکانی بەشیان دوێت

لەدوای هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و رژانی پارەی زیاتر بەسەر حکومەتی کوردی و یەکێتی و پارتیدا لەناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی دوو پرۆژەی گەورە کەوتنەکار ئەوانیش دووسایدکردنی هەردوو شەقامی سلێمانی دوکان و عەربەت سلێمانی، ئەوەی دوکان کۆمپانیایەکی چینی و ئەوی عەربەت کۆمپانیایەکی تورکی خەریکیبوون، جیا لەکاولکردنی روبەرێکی زۆری ئەرزو ئاوو زەوی کشتوکاڵی خەڵکی هەژار تائێستا هیچ لەو دوو پرۆژەیە سەوز نەبووە. ماوەیەك لەمەوبەر لەپێنجوێنەوە بەرەو سلێمانی دەهاتمەوە گەیشتینە نزیك عەربەت برادەرێکی ناوماشێنەکە وتی کاکی شۆفێر بەڕاست دووسایدکردنی ئەم شەقامە چی بەسەر هات.؟ کاکی شۆفیر وتی ئەزانن چی لێهات.؟ وتم بەڵێ من دەزانم حەتمەن بەرپرسێکی رۆژانی سەختی کوردایەتی داوای بەشی لەکۆمپانیاکە کردووە. کاکی شۆفێر وتی بەڵێ فلانە مەسئول وتویێتی گەر پێنج ملیۆن دۆلارم نەدەنێ ناهێڵم بیکەن، تۆ سەیرکە کابرا خۆی بیرچۆتەوەو وایزانیوە بەرپرسی شەو ئاهەنگەکانی کەنداوە نەك بەرپرسی کورد، وایزانیوە داوای شەوێکی سوور لەگەڵ (نانسی عەجرەم)ی لێدەکەن نەك دووسایدکردنی ئەو شەقامە.! ئیتر کۆمپانیای تورکی وتبوی جا خۆمان چەندمان دەستەکەوێت پێنج ملیۆنی بدەینە جەنابت، بارگەو بنەیان کۆکردەوەو چوونەوە تورکیاو بڕیاریاندا ئیتر لەنەورۆزیشدا جلی کوردی لەبەر نەکەن.

چەند ساڵێك لەمەوبەریش یەکێ لەشارەوانییەکانی کوردستان بانگی چەند بۆیاخچییەکیان کردبوو دیوارەکانی ناوشاریان بۆ بۆیاخکات، کەسێك هەڵکوت هەڵکوت چووبووە شارەوانی و وتبوی باشترین بۆیاختان





بۆدەکەم بەگرنتی پێنج ساڵەوە، کابرای شارەوانی وتبوی ئەو قسە قۆڕانە بۆخۆتبکە کەچویتە ژوورەوە بڵێ بۆیاخێکتان لۆدەکەم گرنتی یەك هەفتەی نییە، من بۆتۆمە ئێمە گرنتی پێنج ساڵمان ناوێت، دەمانەوێ هەموو مانگێك جارێك بۆیاخی کەین و شتێکمان دەست کەوێت. ئەوەشت بیر نەچێت گەر بۆتۆ دەرچو دەبێت بەشی منیشی تێدابێت. ساڵی (1996) لەدوکانێکی مۆبیلیات لەشەقامی کاوە دانیشتبووم، پیاوێکی زل خۆیکرد بەدوکانداو دیاربوو خاوەن دوکانەکەو چەند پیاوێکی تریشی لێبوو دەیانناسی بەخێرهاتنیان کردوو، سەودای تاقمێك قەنەفەی کرد، دوای بێنەو بەردە بەشەش سەد دۆلار رێککەوتن، لەکاتی پڕکردنەوەی وەسڵەکەدا بەخاوەن دوکانەکەی وت هەشت سەد دۆلار بنوسە.! یەکێ لەدانیشتووەکان دیاربوو باش دەیناسی وتی کاکە تۆزێك ویژدانت هەبێت ئەم خەڵکە چاوی لەدەستی ئێوەیە.! کابراش بەدەنگێکی دلێر هاتە وەڵام و وتی کاکە من خوێنمداوەو ئێستاش دەبێ بەرهەمی ئەو خوێنەم بچنمەوە.

ساڵی پاریش یەکێ لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەی مشتەریاتی نارده بازاڕ تا ئامێری فۆتۆکۆپی و شتی لەو بابەتەی بۆ بکڕن، لیژنەکەش نەیکردبووە نامەردی و لەهەر ئامێرێك هەشتا دۆلاری خستبوە گیرفانە قوڵەکەیەوە، فەرمانگەیەکی بچوکیش کەسێکی ناردبوو پەرچەمی کوردستانی بۆ بکڕێت تا لەسەربانی بیناکە هەڵیواسێت کاکی کڕیاریش چوار هەزاری پێدابوو شەشی نوسیبوو... کوردستان یان گیرفان.

*لەژمارە(162) رۆژی گەل لەرۆژی یەکشەممە 2006/11/26 بلاوبۆتەوە.

## وتارەکەی سەرۆك

لەم ماوەیەی پێشوودا سەرۆك میدیای هەردوو حزبی گەورەی کۆکردەوەو کەوتە قسە بۆیان، من دڵنیابووم لەوەی سەرۆك لەخزمەتی دیموکراسی و کرانەوەدا نایەتە گۆ، بەڵام وتم بابزانم چی دەڵێت، سەرۆك زۆر تووڕەبوو لەنوسینی ڕۆژنامەکان بەتایبەت ئەو ڕۆژنامانەی حزبی نین و بە ڕۆژنامەنوسەکانی یەکێتی و پارتی دەوت ڕێگەمەدەن خەڵك، واتا ڕۆژنامەنوسانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی و ئەوانەی لەڕۆژنامە ئازادەکاندا دەنوسن موزایەدەتان بەسەرەوە بکەن و قسە بەیەکێتی و پارتی و حکوموتی یەکگرتوو بڵێن. (ئەو حکومەتەی شەوی دوو کاتژمێر کارەبا بۆ خەڵك دابین دەکات و لەو دوو کاژێرەشدا شەش جاری دەبڕیٚ) سەرۆك لەوە تێگەیشتووە ئیتر خەڵك لەوزەیدا نەماوە تەحەمولی خوارو خێچی و بێدەربەستییەکانی ئەوان بکات، بۆیە هاواری لێهەستاوەو دەیەویٚ بەفشاری حکومەت وابکات ئیتر ڕۆژنامەنوسان زاتی ئەوەنەکەن ڕەخنە لەحزب و حکومەتەکەیان بگرن. دەبوو سەرۆك زۆر کراوەترو دیموکراسییانەتر لەمەسەلەکان بدوایەو بیوتایە ئێوە خۆتان ڕەخنە لەحکومەت و حزب و بەرپرسەکانی بگرن و کەموکوڕییەکانیمان نیشاندەن بۆئەوەی بوار بۆ ئەوانی تر نەمێنێتەوە ڕەخنەمان لێبگرن، بەڵام سەرۆك واینەکردو بگرە هەڕەشەیشی کرد.!

پێدەچێت ئەم دوو حزبەی کوردستان سیاسەتیان گۆڕیبێت، جاران بەئاراستەی سڕینەوەی یەکتر کاریان دەکردو ئێستاش بەئاراستەی سڕینەوە خەڵکیتر کاردەکەن، ئێمەو مانان شێت و هارنەبوین قسە بەحکومەت دەڵێین و ڕەخنەی لێدەگرین، بەڵکو ئەوە حکومەت و یەکێتی و پارتین لێناگەڕێن ئێمە پشووبەین و بەردەوام بەکارو بارە بێسەرەو





بەرەکانیان و بەخزمەت نەکردنی خەڵکی وامان لێدەکەن بنوسین و لێفە لەسەر هەتیوان هەڵدەینەوە. دەبوو سەرۆك زۆر لوتفی لەهەمبەر ئێمەو مانان بنواندایە چونکە ئێمە هەمیشە دەڵێین پاشا ڕووتە، بەڵام دارو دەستەکەی خۆیان هەمیشە هاوار دەکەن پاشا ئەو بەرگە جوانە چییە لەبەرتاو لەکوێت کڕیوە.! ئەمەشزیانی گەورەی بەپاشا گەیاندووە.

ئەم وتارەی سەرۆك دوای ئەو تەنگاوکردنەی یەکێتی و پارتی و حکومەتەکەیان دێت بەوەی کە هەر دوو ڕۆژنامەی ئاوێنەو هاوڵاتی ناوی چەندین کەسیان ئاشکراکرد کە تانهۆش لەناو ڕێزەکانی ئەواندا پلەو پایەی باڵایان هەیەو سخوڕییان بۆ حکومەتی بەعس کردووە (وەی کەعەیبە) سەرۆك پێیناخۆشە کەچەندین ساڵە ئەو کەسانەیان وەك خزمەتکاری ئەم میللەتەو بەناوی ئەوەی چەندین ساڵە لەشاخ خەبات دەکەن بەرداوەتە گیانی خەڵك و ئێستاش دەرکەوتووە سخوڕ بوون، بۆیە ئاوها دەیەویٚ ئازادی سەرکوت و دەمکوت کات و کوردستان بگێڕێتەوە بۆ دواوە، بۆ ئەوکاتەی لەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل هەزاران کەسیان بەکوشتداو بەملیار پارەو پولی ئەم خەڵکەیان دابەگوللەو کەسیش نەیدەوێرا لەڕۆژنامەیەکدا قسەیەکیان پێبڵێت و ڕەخنەیەکیان لێبگرێت. بەڵام ئایا سەرۆك دەتوانیٚ وڵات بەرێتەوە ئەو سەردەمە.؟

*لەژمارە(159) ڕۆژی گەل لەڕۆژی 2006/10/15 بڵاوبۆتەوە.

## هاتەوە

زۆر کـەس گلـەی ئـەوە لـەزمانی کـوردی دەکـەن کـە هـەر وشـەیەك مانایەکی جیاواز لەو مانایەی هەیە کە ئاخێوەر بەکاری دەهێنیٚ لەدەمی ئاخاوتنـدا، بـەڵام ئەمـە حاڵـەتێکی دەروونییـەو خـودی ئاخێوەرەکـە دروستیدەکات بەوەی هەمیشە بەوریاییەوە وشەکە بەکار دەبات و دواتر دەڵیٚ عـەیب نـەبیٚ یـاخود بیلا مانـا، ئـەم دو وشـەیەی دوایـی وا لـەگوێگر یاخود وەرگر دەکەن بیر لەوشەکە بکاتە کە بۆچی ئاخێوەر دەڵیٚ بیلامانا، بەم پێیەبێت مانایەکی خراپـی هەیـەو یەکسەر بۆ مانا خراپەکە دەگـەڕیٚ. لەم رۆژانەدا لەکۆڵانێکەوە رۆیشتم ژنێك بـەژنێکی تری دەوت باشە ئێمە چوار رۆژە ئاومـان نەهاتۆتـەوە... خەریکـە تـەپوتۆز دەمـانخوات، کەچی ژنەکەی تر دەیوت وەڵلا ئێمە هەموو شەوێك چەند جارێك ئاومان تێتەوە. منـاڵێکی ساختەچـیش لـە دەرگاکـەوە سـەری هـەڵێناو وتـی دەسـت بەحەنەفییەکـەدا بێنن ئاوتـان دێتـەوە. ئـەم بـەزمو رەزمـەی زمـان سوچی سیاسـەتە چـونکە سیاسـەت تەحـەکومێکی زۆری بەسـەر زمانـەوە هەیـە، یـەکێتیو پـارتی زیـاتر لەدووسـەد وشـەیان لەبـەینی خۆیانـدا سـەقەت کردووەو پێیان وایـە ئۆستادی زمانی کوردین کۆمەڵـەی وڵاتـانی عـەرەب کراوەتە کۆمکاری عـەرەبو پـەیامنێر کراوەتـە نێردراوو کـەناڵی ئاسمانی کراوەتـە سـەتەلایتو مانگـا کراوەتـە چـێڵو کـاتی خۆیـشی لەدێگەڵـە بەرپرسـێك وتبـووی ئـەوەی لـەم پاسـەدایەو بـەمانگا نـاڵیٚ چـێڵ سـەر بەیەکێتییەو بادابەزیٚ.

بابچینەوە سەر بابەبەتەکەی خۆمان لەساڵیٚ شەستو سێوە کەعەول کـەریمیان کوشت تاچـەند مانگێکیش خـەڵك هـەردەیوت زەعیم دێتـەوەو زەعیمیش کرم تێیدابوو، کەجەوهـەر دۆدایفیشیان کوشت چیچانییەکان





دەیـانوت دۆدایـف زیندوبۆتـەوەو هـەربزا هاتـەوە. لـەدوای ئـەوەوە وتیـان جووتـە بـرا (سـەلام ئـەورەحمانو ) دێنـەوە، ئـەوەبوو سـەدام هـاتو هاتـە هاتی نەهێشت، دواتر کەراپەڕین کراو حکومەتی کوردی دروستبوو خەڵك هەردەیوت حکومەت یاخود بەعس دێتەوە کە بەعس رووخا خەڵك ترسی هەبوو جارێکیتر بێتەوە، بۆیە دەیانوت بەخوا بەعس دێتەوە. ئێستا ژیانی خەڵك لەسەر هاتنەوەو نەهاتنەوە وەستاوە، ئەمساڵ نەوت دێت یاخود نا، ئەمساڵ باران دێتەوە یاخود نا، بایەعکە بێتەوە باشە، پاشان هـەر ئێوارە دێت خەڵك هـاوار هـاواری لێهەڵدەستیٚ. کوڕم کارەبا نەهاتـەوە..؟ نەوەڵڵا باوکە جاتۆ بڵێی بێتەوە؟ ئائا کوڕم دێتـەوە، دایکە ئاو نەهاتـەوە؟ نەوەڵڵا رۆڵە بەخوا چوار پێنج رۆژە ئاومان نەهاتۆتەوە.

هەندێك وشە هـەن لەهـەموو زمانێکدا دەبنـە پـەنگ ئەوەنـدە بەکاردێنو خـەڵك رقـی لێیـان هەڵدەسـتیٚ، لـەزمانی کوردیـدا حـزبو حکومـەتو پەڕلەمانو، نەوت بەنزین، مۆلیدەو کارەباو ئاو، هاتەوە نەهاتەوە، ئەوەندە بەکار هاتوونو سودێکیان نەبووەو نایانبیٚ بۆیـە ناشیرین بوونو بوونەتە پەنگی زەمانەو وابڕوات چەند ساڵێکی تر بەکارنایـەنو ئیتر مورادیفی تر لەشوێنی ئەوان دروستدەبێت. کاتی شەڕی ناوخۆش پیاوێك بەرۆبێکەوە لەگـەڕەکی ئـازادی بـەیانی زوو چـووبووە نانەوایـەك بـۆ نـان وەرگـرتن بەسوکی بەژنێکی وتبوو ئەریٚ پارتی هاتـەوە یان یەکێتی، ژنـەش وتبـوی جاریٚ بڵـیٚ (بیلامانا) کابرا ئەم پرسیارە قوڕە چییە دەیکەی، لەدوێنێوە یەکی دووجار هاتوونەتەوەو دواتر رۆیونەتەوە.

*لەژمارە(160)ی رۆژی گەل لەرۆژی یەك شەممە 2006/10/29 بڵاوبۆتەوە.

## ئەو نەوتە نەوتی خەڵکە  نەك حکومەت!

نیو سەدەی خوێنی گەنجی ئەم کوردە لەپێناوی کەرکودا دەڕژێو کەچی ئێستاش ئەو ماڵەی کەچواری شەهید بووە لەهەموو کەس زیاتر سەرمای دەبێت، ئێ ئەوە شۆڕشی کورد لەچارەی نوسیوە کەدەبێت ئەو ماڵەی شەهیدی زۆربوو سەرماو گەرمای زۆریش لێیبداتو تادەشمرێ لەژێر خێمەی رزیوو خانووی بێ دەرگاو پەنجەرەو ئاودەست ئاسادا بژی. پازدە ساڵە حوکمڕانی دەکەنو ئێستایش پێیان شەرمنییە بڵێن ساواین، باشە گەر کەرکوك نەوتی تێدانەبوو، ئەتانزانی ئێستا خەڵك بێ نەوت دەبێ بۆچی خەڵکتان لەسەر بەکوشتداو دوو ئاشبەتاڵو چەند کۆڕەوێکتان تووشی ئەم خەڵکەکرد.؟ هەموو دنیا چاوی لەسەر کەرکوکەو خەڵکی کوردیش زەقەی چاوی دێ بۆ لیترێك نەوت. ئەمە لەمریشکەکەی کابرا دەچێت کە لەماڵی دراوسێکەیان هێلکەی دەکردو بۆ ریقنەکردنیش دەچووەوە ماڵی کابرا، کاتێکیش کەهەواڵی مریشکەکەیان لێدەپرسی دەیوت وەڵڵا بڵێم چی مامرەکەی من هێلکەی بۆ خەڵکەو  ریقنەشی لۆمن. نەوتەکەی ئێمەیش وایلێهاتووە، ئێمە خوێنی بۆ دەڕژێنو خەڵك بەرهەمەکەی دەبات.

پێش رووخانی بەعسو کەڵەگاکەی حکومەتی کوردی هەنجەتەکەی ئەوەبوو دەیوت هەموو دنیا دوژمنمانەو بەعسیش دەستی لەبین ناوینو لێناگەڕێ نەوت بێنین، کەچی دەیان کەسیش بەهێنانی نەوت لەکەرکوکەوە بۆ تەواوی شارەکانی هەرێمو بەگران فرۆشتنی بەهاوڵاتیان بوونە فیرعەون ئەوەندەیان سەروەتو سامان پێکەوەنا، کەسیش لەوە تێنەگەیشت بۆ دەوڵەمەندێك بتوانێ نەوت بێنێ کەچی حکومەتێك





نەتوانێ نەوت بێنێ، ئەوەبوو خەڵك (دە) زستانی پڕ سەرماو سۆڵەی تێپەڕاندو حکومەتی کوردیش هەر وەك جاران بیردەکاتەوەو تۆزقاڵێك لەبیرکردنەوەکانی خۆی نەگۆڕیوە. ئێستایش هەر دەڵێ ساواینو دنیا دوژمنی ئەزموونەکەمانەو تیرۆرستانیش تانکەرەکان دەسوتێننو شۆفێرەکان سەردەبڕن، لەملایشەوە دەیان بەرپرسی حزبیو حکومی بەنەوتی کەرکوك خەنی بوون.

سەرباری هەموو ئەوانەش چەند رۆژێکە حکومەتی هەرێم لەکەناڵە لۆکاڵیو ئاسمانییەکانییەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کەبەهەزار فەلاکەتو دەردەسەری نەوتی بۆ هاوڵاتیان پەیدا کردووەو ناهێڵێ ئەم زستانە سەرمایان بێت، لەکاتێکدا خەڵك چوار بەرمیل نەوت دەسوتێنێو حکومەتیش یەك بەرمیل دەدات. دواتر ئەوەش بزانن ئەو نەوتە حکومەتی هەرێم لەنیکاراگواو ڤەنزویلاوە نەیهێناوەو نەوتی کەرکوکەو نەوتی کەرکویش نەوتی خەڵکەو دەبوو بەبۆری بچوایەتە ماڵەکانەوە، نەك ساڵی یەك بەرمیلو دوای چوار مانگ چاوەڕوانیو بەبیستو پێنج هەزار دیناریش بیدرێتێ. ئەو هەموو خەڵکەیان لەسەر ئەو نەوتە بەکوشتداو ئێستایش بەرمیلی بەسەدو حەفتا دیناری سویسری بەخەڵك دەفرۆشنەوە. کەڵەگاکەی بەعیسش دەیوت دەبێ بۆ کەرکوك بگرینو هاوکات بەرمیلێ نەوتیشی بەوحەوت دینار دەدایە خەڵك واتا هەزار دیناری ئەوڕۆکە. ئەمە بەراودری سەدامو دەسەڵاتی کوردی نییە، بەڵام واقعێکەو دەکرێ لێی رابمێنین، ئەو دوژمنی گەورەمان بوو، ئێوەش خاوەنو سەرداری ئێمە، مانای چی بەو جۆرە خزمەتی خەڵك دەکەن.؟ کەی بیر لەوە دەکەنەوە لەئاستی ئەوئەرکەی خۆتاندابن.؟

*لەژمارە(163) رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە2006/12/10 بلاوبۆتەوە.

## قودرەتی قادرو قودرەتی حکومەت

هەفتەی پێشوو لەڕەشەبا بەهێزەکەدا کەلەوەی (تۆڕنادۆو ئەلنینۆو نیڤادا)ی کیشوەری ئەمریکا دەچوو، رەنگە کوڕەزای ئەوان بێت‌و هاتبێ چاوی بەسەربازە دۆڕاوەکانی ئەمریکا بکەوێت‌و هەندێك هێزو گوڕی دابێتنێ‌و ویستبێتیشی بزانێ لەم ناوچەیە رەشەبای بەهێز هەیە تابەدیداری شادبێت. بەڵێ ئالەو رەشەبایەداو لەم بانزین کەمییەی ئەم وڵاتەی تێکەوتووە بەقودرەتی قادرو لەڕێگەی ئەو رەشەبایەوە قوفڵێکی چەن کیلۆیی بانزین خانەیەك شکاوەو سێ سەد هەزار لیتر بەنیزن بەدەم باوە رۆییوەو تائێستاش سەرو سۆراخی نیە، تەنانەت دەڵێن ئەو رەشەبایە گیرفانی پڕبووە لەکلیلی هەمەجۆرو وەك دزێکی کارامە نەیهێشتووە قوفڵ‌و دەرگاکەش تۆزێك ئازاریان پێبگات ئەوەندە دەستی سوك بووە. ئەرەوەڵڵا سێسەد هەزار لیتر بەنزین بابردی‌و وەك بەفرەکەی ساڵی ساڵان توایەوەو رۆی، دوو رۆژ دوای ئەوەش بەنزین گرانبۆوەو میللەتیش بۆ دۆزەخ. خەڵکیش بەخەیاڵی خاوی چاوەڕێیە حکومەت خزمەتی کات، لەکاتێکدا پارێزگاری لەبانزینخانەیەك بۆ ناکرێت‌و رەشەبا بەنزینەکەی حەپەلوش دەکات.

ئازادی‌و دیموکراتی لەم وڵاتەدا ئەوەند زۆرە لێی دەڕژێ، ئەو رۆژە لەهەولێر خەریکبو لافاوی ئازادی‌و دیموکراتی وەزیرێك لەگەڵ خۆی بەرێت‌و جارێکیتر پێی شاد نەبینەوەو گوێمان لەوتە بەنرخەکانی نەبێت، ئەو وەزیرە لەڤێستیڤاڵی گەلاوێژ لەگەڵ بەرپرسێکی ئەملا ئەوەندەیان باس لەئازادی بیروڕاو بەرگریکردن لەنوسین‌و نوسەرانکرد، پیاو گریانی دەهات، ئاخر چۆن لەڕۆژهەڵاتدا بەرپرسی بەو جۆرە دروستدەبێت. کەچی





ئەو برادەرە لەکاتی پێشکەشکردنی کۆڕێکدا لەلایەن سەرۆکەوە ئاگادارکرا هەڵەی وانەکات‌و کۆڕەکە نەگێڕێ، ئەمیش کە بەنیازبوو بەرگری لەئێمەی رەشو روتبکات بەرگری لەخۆی پێنەکرابوو وتبوو وەڵا من قسەی ئێوەو جەنابی سەرۆکم پێ ناشکێ‌و نامەوێ نیگەران بن لێم. بارگەو بنەی پێچایەوە رۆی.

ساڵی پاریش، وابوو بەپێرار، بەکورتی ئەو وەختەی (ئەیاد عەلاوی) سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، عێراق وەزعی زۆر باشتربوو، ئەو وەختە عەلاوی هاتە سلێمانی‌و ئەو هەموو شەقامە خوارو خێچ‌و پڕ تاسەو چاڵی‌و چۆڵییەی بینیبوو، پێی شەرم ببوو بڵێت سلێمانی بەو وەزعەوە بەشێکە لەعێراقی عەرەبی. بۆیە هەر لەوێوە بڕیاریدا لەبەغدادەوە قیر بنێرێ بۆ قیرتاوکردنی شەقامەکانی سلێمانی، عەلاوی رۆیەوەو قیر بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت، کەچی بەقودرەتی قادر، نا بەقودرەتی حکومەتی خۆمان ئەو قیرە لەبەینی خاڵس کەرکوکدا ئیتر نازانم لەعوزێم یان لەدووز لەکام جێگە تیرۆرستەکان بردیان یەکێك لەشەقامەکانی رۆمادییان پێ قیرتاوکرد. بەخودێ نزانم.! ئەرەوەڵا عەلاوی عەرەب ناردی کەچی کورد خواردی، سەیرە ئەم بەرپرسانەی کورد وەك پاشا بێ عەقڵەکە وان، ئەوەی داوای ئاڵتون لەئاسکەکە دەکات، ئاسکەکە دەڵێ ئەوەندە بەسە.؟ پاشا دەڵێ ئاسکی بێعەقڵ هەموویم دەوێ، هەمووی، بەرپرسی کوردیش میللەت دەڵێ ئیتر چیمەنتۆ بەسە.؟ ئەو دەڵێ من قیریشم دەوێ، ئەو دەڵێ گومرگ بەسەو واز لەباج‌و خەراج‌و سەرانە بێنن. کاکی بەرپرس دەڵێ ئەی میللەتی بێعەقڵ هەموویم دەوێ، هەمووی.

*لەژمارە(164) رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە2006/12/24 بلاوبۆتەوە.

## ئێوە

ئێوە لەڕۆژانێکدا پێشمەرگەبوون‌و دەچوون بەگژ قوللەی قاڤ عەرەبدا، ئێمە لەلۆکەی خەودا دەنوستین، ئێوە شەوانێك دەتاندا بەسەر رەبییەی جاش‌و خۆفرۆشەکانی دوێنێ‌و کورد پەروەرەکانی ئەمڕۆدا ئێمە پێك لەدوای پێك ویسکیمان هەڵدەدا، بۆیە ئێستا هەق بەئێوەیە، هەرچیمان لێبکەن چونکە ئێمە بۆ ئاسایشی جەستەیی‌و مەعنەوی بەرپرسەکانی کورد مەترسیدارین‌و شایانی ئەوەنین کارەباو ئاوو سووتەمەنیمان هەبێت، کەلە دیکتاتۆرترین‌و دواکەوتووترین وڵاتی دنیادا ئەوشتانە هەن. ئێوە دەتوانن لەبری سەعات‌و بیست دەقەی کارەبای هەر شەوێك هەزار شەقمان تێهەڵدەن‌و خۆیشمان بیژمێرین. ئێوە دەتوانن لەبری ئەوەی هەفتەی دوو شەو تاسبیانێ کارەبامان ببڕن، دەتوانن تەواوی ستونەکانی کارەباشمان تێبڕن..! ئێوە دەتوانن بەرمیلێك نەوتمان بەپێنجسەد دۆلار پێبفرۆشن، دەتوان یەك لیتر بەنزینمان لێبکەنە ئاوی ئاڵتون‌و تەنیا سوڵتانە گەمژەکانی خەلافەتی عوسمانی بیکڕن. ئێوە دەتوانن هەرچی چراو فانۆس‌و لامپای وڵاتانی دەوروبەرە بەسەر ئێمەدا ساغیکەنەوە. ئێوە دەتوانن هەرچی مۆلیدەی کۆریاو تایوان‌و مالیزیایە بەئێمەی بفرۆشنەوە. دەتوانن وەك کەر بارە گوێزمان لێبنێن خڕەی نەیات. دەتوانن ساڵی چەند جارێك بمان کەنە سینەماو قەرەقۆزو لیبۆك‌و بمان بەنە بەردەم سندوقە نازدارەکان دەنگدان‌و دەنگمان پێبدەن.

ئێوە دەتوانن تۆڵەی هەموو شەوانی تۆف‌و کڕێوەو سەرماو سۆڵەی زستان‌و گەرماو گڕەی هاوینی شاخ‌و داخی سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتیمان لێبکەنەوە، چونکە ئێوە لەو رۆژانەدا بەگژ سەدامدا دەچوون‌و ئێمەیش لەم شارە چەپڵەمان بۆ لێدەداو دروشممان بەباڵایدا





دەگوت. ئێوە هەقتانە چونکە تەمەنی گەنجی‌و جوانی خۆتان لەپێناوی ئێمەدا داناو، زۆرەبەتان بەعەشقی ناکامی کچێکەوە شارتان جێهێشت‌و خەباتی شاختان هەڵبژارد، ئێستاش ڤیاگرای کوردایەتی گەنجی کردونەوەو دەتانەوێ تۆڵەبکەنەوە، ئەوەش دەزانین تۆڵەی ئێوە بەسەبرەو گەلێ بەزەبرە. ئێمە کارەبامان لۆچییە، تەلەفزیۆن‌و رادیۆمان لۆچییە؟ دەبێت هەر گوێ لەهەواڵەکانی ئێوە بگرین‌و وێنەکانی ئێوە ببینین. هەر بۆوەی باشین گەڕو گولبین‌و لەبۆگەنی خۆمان هەراسان بین. ئێمە ئاومان بۆچییە، سووتەمەنی‌و بانزین‌و گازمان لۆچییە، هەر بۆوەی باشین لەبەر (دووکەر)ی چراو لامپای تاقوڕ قوڕاگەمان رەش هەڵگەڕێ. خودا ئێمەی بۆ نۆکەری ئێوە دروستکردووە، بۆ ئەوە باشین چاوەڕێی کەرەم‌و رەحمەتی ئێوە کەین‌و توانسی ئەوەمان هەبێت یەك هەفتە بەبێ کارەبا دانیشین‌و قسەنەکەین، دەتوانین یەك مانگ بەبێ ئاو بگوزەرێین، دەتوانین چەندین زستان بەبێ نەوت‌و بەنزین بەسەربەرین‌و رەقیش نەبینەوە، دەتوانین یەك هەفتە لەسڕەی بانزیندا بوەستین‌و دواتر وەریشی نەگرین‌و کە هەڵبژاردنیشکرا دەنگتان بدەینێ‌و لەلای برا عەرەبە چاو رەشەکانمان رووتان سپینەکەینەوە.

*لەژمارە(165) رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە2007/1/7 بلاوبۆتەوە.

## پرسیارەکان مناڵ

باوکە ئەوە بۆچی کارەبا ئاوها دەکات.؟ چیکردووە کوڕم، خۆ هارنەبووە.؟ ئەوەنییە هەفتەی دووشەو هەرنامێنیٚو شەوانەش نزیکەی سەعاتو نیوێك دەمانبیٚ. ئێڕۆڵە ئیتر حکومەتیش چیبکات هەر هێندەی پێدەکرێت، خۆ لەگیرفانی دەری ناهێنیٚ. ئەی باوکە بۆ دەڵێن حکومەت پارەی هەیە، ئەی کارەبا بەپارە ناکڕدرێت.؟ باکوڕم بەپارە دەکڕدریٚ، بەڵام ئەو پارەیەی مەسئولو حزبو حکومەتی کوردی هەیتی پارەی خۆیانەو پەیوەندی بەمیللەتەوەنییە، چۆن باوکە ئەی ئەوان گومرگو باجو سەرانەو ئەملاولا لەخەڵك وەرناگرن، ئەی نابێت بۆ خەڵکی خەرجکەنەوە.؟ ناکوڕم ئەو پارەیەی لەباجو خەراجو سەرانە چنگیان دەکەویٚ بەشی هیچ ناکات، تەنیا بۆ میوانداریيەکانی شەوانەیان خەرجیدەکەن. ئەو پارەیەی هەیانە خۆیان بەحەمباڵیو کۆڵکێشی پەیدایان کردووەو هەیانە سی ساڵە لەو ئەوروپایە جامخانەی مەلهاکان دەسڕێتەوەو ئێستاش پارەکەی خۆی هێناوەتەوە بینای بەرزو بازاڕی گەورەی پیٚ دروستدەکات، چۆن دەبێت بۆ ئەم خەڵکەی خەرجکات. بۆ نابیٚ باوکە ئەی ئەوان ناڵێن حزمەتکاری ئەم میللەتەین.؟ ئێبا کوڕم خزمەتکارن، بەڵام ئەم خزمەتکارانە بۆ کۆمپانیایەکی زۆر گەورە کاردەکەن کەنرخی مانگانەی هەر یەکێکیان چەندین دەفتەر دۆلارە، خۆ وەك کارگوزارو خزمەتکارەکانی شارەوانی نین مانگی سەدو پەنجا هەزار موچەکەیان بێت.

باشە باوکە پرسیارێکیتر. دەی فەرموو کوڕم.. باوکە ئەو کۆمپانیا گەورەیە چییەو ناوی چییە کە ئەم مەسئولانەی کورد کاری بۆ دەکەنو ئەو پارە زۆرەیان دەداتیٚ.؟ ئا.. کوڕم ئەمە گرنگە ئەو کۆمپانیایە ناوی





شۆڕشە، باوکە ئەم شۆڕشەی گەڕەکی خۆمان. نا.. ناکوڕم ئەو شۆڕشەی خەڵکی فەڕەنسای لەتاریکییەوە بردە روناکیو ئێمەیشی لەڕووناکییەوە بردەوە تاریکی. مەبەستت چییە باوکە یانی ئەم مەسئولانەی ئەمڕۆ کارمەندی ئەو شۆڕشەن.! بەڵیٚ کوڕم ئەو شۆڕشەی جاران خەومان پێوەدەبینی ئەمڕۆ هەناسەی لێبڕیوین. باشە باوکە بۆچی وادەکەن ئەی ئەوان شۆڕشگێڕ نەبوون، ئێبا کوڕم شۆڕشگێڕبوون بەڵام بەکرێگرتەیی دەیانکرد، ئەمڕۆ کەخەرمان پێگەییوە بەرهەمەکەی دەچیننەوەو کۆزەرەکەی دەدەن خەڵك.

*لەژمارە(106)ی رۆژنامەی بەرگری لەکانونی یەکەمی 2006 بلاوبۆتەوە.

## حکومەت لەخۆی ناپرسیٚ؟

مەسعود محەمەدی گەورە نووسەر لەسەرەتای هەزارەی نوێداو لەچاوپێکەوتنێکیدا کەدواتر کرا بەکتێب‌و بەناوی (ژیان‌و جیهان بینی) چاپکرا دەڵیٚ: ئەم وەزعەی دەست یەکێتی‌و پارتی کەوتووە گەر بدرێتە دەست کۆمپانیایەکی نەرویجی یاخود هەر وڵاتێکی تری ئەوروپی ئەوا لەماوەی چەند ساڵێکدا دەوڵەتێك بۆ کورد دروست دەکات. ئەوکات گاڵتەم بەو قسەیە دەکرد، بەڵام ئێستا تەواو بڕوام پێیەتی‌و پێموایە گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێتە وڵاتێك بەکریٚ یاخود کۆمپانیایەك زۆر حاڵمان لەئێستا باشتر دەبێت. گەرحکومەتەکە بدەنە کریٚ ئەوسا بەیەکجاری خەڵك لە کۆڵ بۆڵەبۆڵی بیٚ ئاوی‌و بیٚ کارەبایی‌و بیٚ سووتەمەنی‌و هەموو بێکانی تریش دەکەنەوەو تۆزێکیش ئیسراحەت دەکەن. جاگویٚ لەم نوکتەیە بگرە، نابورە.. ئەم نوکتەیە بخوێنەرەوە( کابرا لەپڕ بەڕیش‌و سمێڵێکی زۆرەوە دەرکەوت، خەڵکی کۆڵان وتیان ئەوەچییە کابرا.؟ خۆتۆ بەتەمەنت ئەوەندە ریش‌وسمێڵت نەهێشتۆتەوە.؟ مەگەر شتێك قەوماوە.؟ کابرا وتی: نەوەڵڵا هیچ نەقەوماوە بەڵام منالانی گەڕەك ئەوەندە بەکوڕەکەمیان وت لەقونی باوکت بەم لەتواناما نەماو وتم بائیتر قونم ئیسراحەت کات‌و بڵێن گو بەڕیشی باوکت) ئیتر ئەوسا حکومەتیش ئیسراحەت دەکات‌و خەڵك دەڵێن نەعلەت لەوەی حکومەتی کوردی دایە دەست ئەم کۆمپانیایەو وا بیٚ کارەبای کردین.

دەمێکە ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم باشە حکومەتێك نەئاو، نەکارەبا، نەسووتەمەنی، نەژیانێکی شایستە، نەخانوو، نەمووچەی باش بۆ خەڵك دابن دەکات. ئیتر ئەبێت زەرورەتی مانەوەو بوونی ئەم حکومەتە چیبێت.؟





حکومەتێك بەگومرگ گرانی گەورەی لەوڵاتدا دروست کردووەو بەهۆی پەروەردەی سەقەتی خۆی‌و کادرەکانییەوە بازاڕەکانیشی سەقەت کردووەو ئەو بیٚ ویژدانییەی ئیستا بازاڕ بەدەستییەوە دەناڵێنیٚ هەرگیز لەوێنەی نەبووە، ئیتر حکومەت بوونی چییەو نەبوونی چی.؟ حکومەتێك لەخۆی ناپرسێت خەڵك بۆچی ئاوها لێی پڕە.؟ خەڵك شەوو رۆژ تەلیفۆن بۆ دائیرەی کارەبا دەکەن‌و جنێوی وەك گوللە هاوەن بەحکومەتەوە دەنێن‌و حکومەتیش بێباك پاڵیداوەتەوەو دەیەویٚ هێندەی تەمەنی نوح دەسەڵاتی بەسەر ئەم خەڵکەوە هەبێت‌و هیچ خەمێکیشیان نەخوات. هەر گومگریان لێوەرگرێت‌و یەك فلس لەو خەڵکەدا خەرج نەکاتەوە. بەڵام من دڵنیام بدرێینە دەست هەر کۆمپانیایەکی تورکیش کەگەورەترین دوژمنی کوردە، لانیکەم ئاوو کارەباو سووتەمەنییەکەمان بۆ دابین دەکات، چونکە ئەوە مافێکی رەوای هەر خەڵکێکە لەدیکتاتۆرترین وڵاتی نیادا، نمونەی هەرە دیاریش سەدامی دیکتاتۆربوو کەلەسەردەمی ئەودا پیاو هەبوو بتوانیٚ بەرمیلێك نەوت لەحەوت دینارو نیوی سویسری زیاتر بفرۆشیٚ. هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ ئێران‌و سی‌و پێنج ساڵ شەڕی لەگەڵ کورد کرد کەچی یەك سەعات کارەباو ئاوی خەڵکی نەبڕی‌و بەردەوام کارەباو ئاوهەبوو. ئەمە پیاهەڵدان نییە بەسەر ئەو میکرۆبەی لەدوای خۆیشی بەسەد ساڵیتر وڵاتەکە ئارام نابێتەوە، بەڵام هەندێك راستی هەیە ناکرێت ونبیٚ. ئەوە ئازایەتی سەدام نەبوو ئەو شتانەی دەکرد، بەڵکو ئەوە مافدانی خەڵکە لەلایەن حکومەتەوە بەوەی کەناکرێت سەرباری هەموو زوڵمو زۆرێك پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئینسان دابین نەکرێت.

*لەژمارە(166)ی رۆژی گەل لەڕۆژی یەکشەممە 2007/1/21 بلاوبۆتەوە.

## بەڵینەکانی حکومەت

لەوەتەی حکومەتی کوردی ناوی لەخۆی ناوە حکومەت تائێستا بەدەگمەن کارێکی کردووە لەبەرژەوەندی خەڵك بێت، ئەمەش نەمنەتی تێدایە، نەخێرو سەدەقەیە بەم خەڵکە، چونکە هەر کەسێك ببێتە حاکم بەسەر خەڵکەوە دەبێت ئەو کارانە بکات، بەتایبەت شەقام‌و ڕێگاو بانەکان‌و خزمەتگوزاری شارەکان بۆ خۆی لەبەرژەوەندی حکومەتدایە، چونکە زیاتر ئەوان سوود لەو هۆکارانەی هاتوچۆ ئاسانکردن وەردەگرن‌و هەر ئەوانیشن میوانی بیانییان دێت‌و دەیانەوێ جوانی شاریان پێ بفرۆشنەوە. بەڵام من تێبینی یەك شتم کردووە ڕەنگە ئەم تێبینی‌و سەرنجەی من هی خەڵکی تریش بێت. سەرنجەکەش ئەوەیە هەمیشە حکومەت‌و بەرپرسەکانی کەبەڵێنێك دەدەن بۆ جێبەجێکردنی کارێك ماوەیەکی چەند مانگی یاخود چەند ساڵی دادەنێن، ئەمەش لەخۆڕاو هەڕەمەکی نییەو بەرنامەڕێژی بۆ کراوەو بۆشی دەکرێت. چونکە قسەی حکومەت‌و بەرپرسەکانی وەك قسەی منداڵ‌و تواڵ نییەو قسەی پیاوەو پیاویش دەبێت قسەی خۆی بەرێتە سەر. کاتێك باسی پڕۆژەیەك دەکەن‌و بەنیازی جێبەجێکردنین یەکسەر شەش مانگ یاخود ساڵێك یان زیاتر دادەنێن بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکە، ئەمە لەکاتێکدا گەر کاری تێدابکرێت ڕەنگە بەسێ تا شەش مانگ تەواوبکرێت. کەچی کاتێك دەزانی شەش مانگ بۆتە ساڵێك‌و پڕۆژەکە تەواو نەبووە، نەخێر بۆتە دوو ساڵ‌و هەر تەواو نەبووە. ئیتر خەڵك بیری دەچێتەوەو پڕۆژەکە بەگۆڕی بابمانەوە.

دانانی ئەو ماوە زەمەنییە دوورە بۆ کردنی کارێك، تەنیا خەڵەتاندنی خەڵکەو لەبنەماوە نیازی کردنی کارەکەیان نییەو بۆ ئەوەی بڵێن وەڵا





کاردەکەین، دەیان پڕۆژەی جوانە مەرگ هەیەو ئێستا لەبیری حکومەت‌و بەرپرسەکانیشیدا نەماوەو جێبەجێنەکراوە. لەسەرەتای دووهەزارەوە منەتی دنیایان بەسەر ئەم خەڵکەدا کرد بەوەی لەنزیك کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو دوو وێستەگەی بیست‌ونۆ میگاواتی کارەبا بۆ سلێمانی دادەمەزرێنن، تا ئەم یەك دوو ساڵەی دواییش تابلۆکەی لەسەر شەقامی شەست مەتری هەڵواسرابوو، کەچی هەر زانیتیان خەڵك بیری چۆتەوە، نازانم بەئێرانیان فرۆشت یاخود بەتورکیا.؟ گرنگ ئەوەیە سەرو سۆراخی ئەو دوو وێستگەیە دیارنەماو ئیتر حکومەتیش بیری چۆوە بەچاوماندا باتەوە. شەش مانگ لەمەوبەر وتیان کۆمپانیایەکی بەریتانی هاتووەو ڕێککەوتوین لەگەڵیدا کەتا شەمانگ یاخود ساڵێکی تر وێستگەیەکی دووسەد میگاواتی کارەبامان بۆ دانێت، بەسی ملیۆن دۆلار واتا پارەی یەکێك لەو بینایانەی بەرپرسەکان لەناو شاردا باڵای دەگەیەننە ئاسمان، وەك دەبینین ئەوە شەش مانگەکە چوو، خەریکە ساڵەکەیش تەواو دەبێت‌و هێشتا ئەمسەری پڕۆژەکە دیارنییە. لەم یەك دووهەفتەیە رابردووشدا وتیان پاڵاوگەی نەوتی بازیان لەڕۆژێکدا بیست هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێ، بەڵام بۆئەمەیان نەیانوت (کەی ئەو بیست هەزار بەرمیلە بەرهەمدێنێ) ئەوەمن و ئەوەش ئێوە گەر ئەم حکومەتە توانیتی یەك پڕۆژە لەو دوو پڕۆژەی (وێستگەی کارەبا دووسەد میگاواتییەکەو بیست هەزار بەرمیل نەوتەکەی پاڵاوگەی بازیانیش) یەك دانەیان جێبەجێکراو بیگەیەنێتە ئەنجام‌و ئەم خەڵکە لەکۆڵ ڕەزالەت کاتەوە، ئەوکات من یەك دێڕی تر لەدژی ئەم حکومەتە بەسزمانە نانووسم.

*لەژمارە(107)ی رۆژنامەی بەرگری لەکانونی دوومی 2007 بڵاوبۆتەوە.

## مانگرتنی خوێنکاران و مانگرتنی حکومەت.

زیاتر لەدوو هەفتەیە کۆلیژی پەروەردی زانکۆی سلێمانی مانیان گرتووەو لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی خێمەیان هەڵداوەو ئیتر بەرۆژ تائێوارە کچ و کوڕی کۆلیژ لەوناوەدان و شەوانیش تەنیا کوڕەکان دەمێننەوەو تەلەفزیۆن و ڤیدیۆیان داناوەو بۆ خۆیان چاوەڕێی حکومەتن وەڵامیان بداتەوە. لەم لاشەوە حکومەتیش مانی گرتووەو بڕیاریداوە تائەوان لانەچن مانەکەی نەشکێنێ. حکومەت هیچ وەڵامێکی پێنییە بۆ ئەوان و جارجارە بەرپرسێکی حزبی و حکومی تر دەچێت بۆلایان، لەکاتێکدا ئەوان پێویستیان بەبینینی بەرپرسانی زانکۆیە، کەچی بەرپرسانی شارەوانی و مەڵبەندی رێکخستن دەچن بەلایاندا. بەکورتی تائێستا سەرۆکایەتی زانکۆ بەپشتیوانی حکومەت هیچ حسابێکی بۆ ئەو هەموو خوێندکارە گەنجە نەکردووەو بەنیازیش نییە بیکات، هەموو بیانووەکەی زانکۆش ئەوەیە گوایا لەسەرەتای خوێندنەوە خوێندکارەکان خۆیان ئەوەیان ئیمزاکردووە کەئێستا لەدژی مانیان گرتووە.

ئەم کێشەیەی کۆلیژی پەروەردە لەوێوە دەستیپێکرد کەناوی کۆلیژەکەیان گۆڕی بەکۆلیژی(پەروەردەی بنەڕەتی)و دواتر واشیان داناوە دوای تەواو کردنی زانکۆ بیانکەنە مامۆستای سەرەتایی، لەکاتێکدا بەگشتی دەرچووی زانکۆ دەکرێتە مامۆستای ناوەندی. تائێرە ئاساییە رەنگە سەرۆکایەتی زانکۆ باشتر کارەکانی بەرێت بەڕێوە، بەڵام هەندێك شتیش هەیە خەڵکی عەوامیش هەستی پێدەکات، چونکە ناکرێ خوێندکارێك دوو ساڵ مەڵبەندی مامۆستایان بخوێنێ و ببێتە مامۆستای سەرەتایی و خوێندکارێکی تریش چوار ساڵ کۆلیژی پەروەردەی زانکۆ





بخوێنێ و بەهەمان شێوە بکرێتە مامۆستای سەرەتایی. گەر وایە.؟ یان پەیمانگای مامۆستایانی مەڵبەندی داخەن، یاخود کۆلیژی پەروەردە. چونکە ناکرێت کەسێك لەشەشی ئامادەیی خۆی شین و مۆرکاتەوە بۆ ئەوەی کۆلیژ بێنێ و نەك پەیمانگا، کەچی دواتر هەمان حسابی پەیمانگای بۆ بکرێ، ناشکرێت کەسێك یەك خێزان بخاتە حاڵەتێکی ئابووری خراپەوەو بەدرێژایی چوار ساڵ زانکۆ بخوێنێ و دواتر وەك خوێندکارێکی پەیمکانگا لە رشتەکەی بڕوانرێ.

سەرباری هەموو ئەوەی کەوتراش دەبوو حکومەت و سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بەهەر شێوەیەك بوایە وەڵامیکی ئەو هەموو گەنجە جوانەیان بدایەتەوە بەکوڕو کچەوە، بەڵام کەوەڵامێکیان نییە دیارە ئەمەش رەنگدانەوەی خەمساردی و بێمنەتی حکومەتەکەمانە رەنگی بەسەر ناوەندەکانی خوێندنیشدا داوەتەوەو بەبێ گوێدانە ویستی خوێندکارەکان ناوی کۆلیژو ئاراستەو ئەنجامی کۆلیژ دەگۆڕن و سەر لەحوێندکارانیش تێکدەدەن و رەنجیان بەبادەدەن و سەرگەردانیان دەکەن.

*لەژمارە(167)ی رۆژی گەل لەرۆژی یەکشەممە 2007/2/4 بڵاوبۆتەوە.

## سلێمانی پایتەختی رۆشنبیری

ئەم حکومەتی کوردییە خەڵك بەگەمژە ئەزانێ، بۆیە هەر ماوەیەو بەشتێکەوە سەرقاڵی دەکاتو وایلێدەکات مەسەلە سەرەکییەکانی خۆی بیرچێتەوە کەڕۆژانە گیری خواردووە بەدەستییانەوە. ماوەیەك خەڵکیان بەهەڵکردنو هەڵنەکردنی ئاڵای عێراقەوە سەرقاڵکردبوو، چەند مانگێك خەڵکیان هێناوبردو کەچی دواتر هیچ. ماوەکیش لەمەوبەر خەڵکیان بەلابردنی سرودی ئەی رەقیبو دانانی سرودێکی ترەوە سەرقاڵکردو تائێستاش هەر بەردەوامەو کارگەیشتە ئەوەی هەندێك مێشك بۆگەن گۆڕی (دلدار)ی داماویشیان هەڵتەکاتد. جگەلە خۆشیان خەڵك هیچ بایەخی نەداوەتەوە ئەو مەسەلە لاوەکییانە بۆ ئەم سەردەمە. ئاخر خەڵك نەوتو بەنزینو غازی دەوێ، نەك هەڵکردنو هەڵنەکردنی ئاڵای عێراق.! خەڵك کارەبای بەردەوامی دەوێ، نەك لابردنی سرودی ئەی رەقیبو دانانی سرودێکی تر، بەکوردی خەڵك ژیانی دەوێ نەك دروشمی حەماسەت خولقێن. کەلەجەولەی یەکەمی شەڕی ناوخۆوە ئەو دروشمانە بەدەستی خۆتان کفنو دفن کراون.

ماوەیەکە باس لەوەدەکرێت سلێمانی بکرێتە پایتەختی رۆشنبیری کورد. ئەمە راستە سلێمانی پایتەختی شۆڕشو رۆشنبیری کورد بووە هەر لەکۆنەوە تائەمڕۆ، ئەم پێشنیارە وەزیری رۆشنبیری کردی، بەڵام ئایا ئێستا کاتی ئەوەیە ئەم جۆرە دروشمو قسانە فڕێبدرێن یان کاتی ئەوەیە سلێمانی بکەنەوە بەشار بەر لەوەی بیکەنە پایتەختی رۆشنبیری.؟ سلێمانی ئێستا حسابی گوندێکی بۆدەکرێتو ئەو هۆکارانەی گواستنەوەو سەرگەرمیو پێداویستی ژیانی خەڵك کەلەسلێمانی هەن





لەگوندە دوورە دەستەکانیشدا هەن. سلێمانی بەشەو ئەڵێی بیابانی نیڤادایەو ئەوەندە تاریکە ئینسان ئاگای لەخۆی نەبێ خۆی بەدەیان عەمودی بێ گیاندا دەکێشێ. ئیتر پایتەختی رۆشنبیری چی.؟ پاریسی پایتەختی فەڕەنسا پێنج سەد سینەمای تێدایە، سینەما یەکێکە لەستونە گرنگەکانی شارستانییەتی ئەمڕۆو دیسان ستونێکی گرنگی پێوانەکردنی شارەو لەدنیادا هەر شارێك سینەمای نەبێ شار نییە. بەم پێیە بێت سلێمانی شار نییە، چونکە سینەمای تێدانییە، ئێوەی چەند سینەمایەکی تێدا دروستکەن ئەوسا بیکەنە پایتەختی رۆشنبیری. یەك پارکی سلێمانی سەرئاو ودەستشۆری تێدانییە، لەیەك شوێنی ناوشاردا سەرئاوێکی تێدانییە بۆ ئافرەتان، لەسێی ئێوارەوە خەڵك سەرە بۆ پاس دەگرن تابەڕووناکی بگەنەوە ماڵ، هەر کۆڵانێك دەچی هاڕەی مۆلیدە مێشکت بەدەداتەوە، یەك کافیتیریای مەعقول لەناوشاردانییە، ئیتر رۆشنبیری چیو پایتەختی چی عەزیزان. فڕۆکەخانەیەکی تێدایە تەنیا بەرپرسەکان لێوەی دەفڕن. لەسەدا دەی خەڵکی شار پاسپۆرتی نییە، لەسەدا نەوەدی خەڵکی شار ساڵی سەفەرێکیان بۆناکرێت بۆ دەرەوەی کوردستان، ئیتر پایتەختی رۆشنبیری چی.؟ ئەم دروشمانە لەپای چی گەر ئەتانەوێ بمان خەڵەتێنن ئیتر تەواو ئەو دەورانە رۆی، خەڵك رۆشنبیری ناوێ ژیانی دەوێ، ژیان.

*لەژمارە(168)ی رۆژی گەل لەرۆژی 2007/2/18 بلاوبۆتەوە.

## رۆژێك بۆ خۆشەویستیو تەمەنێك بۆ ژیان

خۆشەویستی چییە.؟ رەنگی چۆنە.؟ تامی چی دەدات.؟ بۆ چی ئێمە پێویستمان پییەتیو هەمیشە عەودالی ئەو وشەیەین.؟ ئەو وشەیەی هەموومانی شێتو هارکردووەو بەم رۆژگارەو تارۆژی کۆتاییش هەر بەشوێنیدا رادەکەینو ئیتر هەندێکمان دەستمان دەکەویو هەندێکیشمان دەستمان ناکەێتو جاخۆشبەحالی ئەو کەسەی دەستی دەوێتو دوژمنیش بەو کەسە نەبێت کە خۆشەویتسی دەست ناکەوێت. ئەوکەسەی تاکۆتایی ژیانی کەسێك پێی نالێ خۆشمدەوێی. ئەزانی ئەم وشەیە چەندە گەورەو تەزوو بەخشو ورە بەخشە بۆ ئینسان، کاتێك پێت دەڵێن: خۆشم دەوێی. ئای لەو چرکەیەی کچێك بەتەواوی جورئەتەوە بەکوڕێك دەڵێ: خۆشم دەوێی. رەنگە فەتحی قەلای خەیبەر ئەوەندە شادمانی بەلەشکری ئەو دەمی ئیسلام نەبەخشیبی، وەك ئەم وشەیە بەئینسانێکی سادەو ساکاری ئەمڕۆی دەڵێت. هیتلەر ئەوەی هاریکردبوو پەلاماری دنیای پێدا ئەوەبوو کەسێك یاخود بەتەواوی تەمەنی خۆی کچێك پێینەوت (خۆشم دەوێ).

هەوڵی تەواوی نوسەران بۆ گێڕانەوەوی خۆشەویستیو بۆ ئەوەیە کە ئەوین باڵ بەسەر ژیاندا بکێشێ، بۆ ئەوەیە لەم سەر بۆ ئەوسەری دنیا کەس خۆشەویستی کەسێك بۆ کەسێکیتر زەوت نەکات. تالەسایەی ئەو وشە سیحر ئامێزەدا هەمووان بێجاوازی بەئارامی بژین. خۆشەویستی ئەو هێزە جادوو بازەیە کە ئەوەندە وزەو توانا دەبەخشێتە ئینسان فەرهاد ئاسا کێوی بێستوون کونکات، ئەو تەزووەیە کەئینسان دەکاتە شتێکی جیاواز لەئینسانو، لەهەمانکاتدا ئەوەندەش ناسکی دەکاتەوە، کە





لەئیسنانییەتی خۆی بێتەخواریو لەبەردەم بالای زراف کچێکدا بێتە سەرچۆكو بەخوڕ فرمێسك بڕژێ. ئەوە خۆشەویستییە وایکردووە تانهۆ زیندووبینو مەرگ چنگ لەسەر شان لەپێشمانەوە راکات. لەهەر شوێنێك خۆشەویستی هەبێت رق جێگەی نابێتەوەو ناشیرنی وەك پەپوو بۆ چۆڵەوانی دەفڕێت، چونکە خۆشەویستی خۆی جوانییەو حەزیشی بەشوێنی جوانە بۆ ژووان، بۆیە هەمیشە دڵدارەکان دەچنە ئەو شوێنەی سروشتی جوانە، هەر خوشەویستییەکیش لەباوەشی سروشتا گڕوگاڵ نەکات، سەرپێی خۆی ناکەوێت. مرۆڤ لەنیوان چوار دیواردا تەنیاعەقلی دەخاتەکارو، کەمتر سۆزی دەجولێ، بەلام سروشت وا لەئینسان دەکات سۆزی بخاتە کارو عە قلی وەلانێ. بۆیە هەمیشە ئەو خۆشەویستییەی عەقڵ تیایدا بالادەستە، بەناکامی سەردەنێتەوەو ئەنجامێکی نابێت، ئەوین بەرهەمی سۆزە نەك عەقلی ئینسان.

زمانی خۆشەویستی زمانێکی پڕ رەمزو رازەو ئینسان دەبێ زۆر هەوڵبدات تاوەك باڵدارێك بەئاسمانی ئەو زمانەدا بفڕێتو وەك ماسییەك مەلەی پێبکات. خۆشەویستی هەمیشە خاوەنی قسەی کەمو بێدەنگی زۆرە، چونکە بێدەنگی شۆڕماندەکاتەوە بۆقولایی ناخی یەکترو وامان لێدەکات وەك شاملۆ دەڵێ: لەو دیوەوەی سنورەکانی لەشەوە یەکترمان خۆشبوێ، لەو دوورە دەستە زۆر دوورەی کەئەندامو جەستەی ئینسان بێ هیچ تەمایەك دەسرەوێ. لەغیابی خۆشەویستیدا ژیان رەنگو بۆی نامێنێو ئیتر پەیوەندییەکانمان دەچێتە حاڵەتێکی نەفرەتاویو ئەو سار نادیارەوە، نەبوونی خۆشەویتسی درزی نێوانمان دەکاتە دەلاقەو دواتر لەیەکترمان هەڵدەبڕێت. بۆئەوەی لەیەکتر هەڵنەبڕێینو هەمیشە پێیکەوەبین، دەبێت ئەو زمانە فێربین کەلەمێژەو لەسەردەمی هابیلو قابیلەوە دۆڕاندومانەو تائێستاش بەشوێنیدا دەگەڕێینو نایدۆزینەوە. ئەو زمانەی کەدەمانباتەوە سەر رێگەی ژیان، ئەو زمانەی ئاشتمان دەکاتەوە، دەمان کاتەوە بەمرۆڤەکەی جاران، ئەو مرۆڤەی خۆشەویستی وێردی

سەرزاری بوو، دوای لەدەستدانی خۆشەویستی ئیتر لاڵەو پاڵ کەوتووەو زمانی گۆناکات. ئەو رۆژەی شاملۆ بەشوێنیدا وێلبوو، رۆژێک ئێمە دووبارە دێینەوە، میهرەبانی دەستی جوانی دەگرێ، رۆژێک کەدەرگای ماڵەکان داناخەن، قوفڵ ئیتر ئەفسانەیەو بەتەنیا دڵ بۆ ژین بەسە، من چاوەڕوانی ئەو رۆژەم، تەنانەت گەر خۆم نەمابم.

*لەرۆژی چواردەی دووی دووهەزارو حەوت لەکوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.





## رۆژنامەو رۆژنامەنوس

بەهۆی باردودۆخی ئێستای کوردستانەوە رۆژانە رۆژنامە زیاد دەکات، هاوشان لەگەڵ زیادبوونی رۆژنامەدا رۆژنامەنوسیش زیاد دەکات، ئەمەش دوو هۆکاری لەپشتەوەیە، یەکەمیان حزبە پارەدارەکان بەناوی جۆراو جۆرەوە رۆژنامە دەردەکەن‌و دەڵێن: سەربەخۆیەو یەك دووکەسی نزیکی خۆیان دەکەنە خاوەنی‌و ئیتر ئەو دووکەسەیش چەند کەسێکی دۆست‌و برادەریان رادەسپێرن کاریان لۆبکات‌و لەو ناوەشدا ئیتر نوسینی باش‌و خراپ‌و رۆژنامەنوسی باش‌و خراپ تێکەڵ دەبێت‌و خوێندەوارم دەوێ هەلاوێریان بکات. سەرباری ئەمەیش زۆر خەڵکی قەڵەم کولیش کەلەهیچ رۆژنامەیەك جێگەیان نابێتەوە دووان‌و سیان کۆدەبنەوەو لۆخۆیان رۆژنامەیەکی دەردەکەن‌و ئیتر بەباش‌و خراپ قەڵەم لەهەموو مەسەلەیەك وەردەدەن‌و چوار رستەی بەسوود لەورگیاندا نییەو تەحلیلی زۆر قورس بۆ مەسەلەکان دەکەن. رۆژناخەنوس هەیە خۆی کوڕی دەسەڵات‌و حزب‌و حکومەتەو کەچی لێکدا لێکدا لەڕۆژنامەکاندا بابەتی سەرنج راکێش‌و پڕ توانج‌و تەشەر لەحزب‌و حکومەت دەنوسێت‌و خەڵکیش لەکاتی خوێندنەوەیدا دەکێشن بەسەری خۆیانداو دەڵێن: براڕۆ ئەم کوڕە چۆن ئەوەندە بەجورئەتە. لەو لایشەوە کاکی نوسەر دەڵێ کاکە گرنگی لەوەدایە من لەناو جەرگەی حزب‌و حکومەت‌و دەسەڵاتە رەخنە دەگرم نەك کەسێکی تر لەدەرەوەی دەسەڵاتەوە بێت.

رەنگە ئەم رۆژانەمە زۆری‌و بۆرییە بۆ زۆر کەس ئاماژەی بوونی دیموکراسییەت‌و ئازادی بێت‌و زۆرجاریش حزبە دەسەڵاتدارەکان‌و حکومەت ئەمەیان وەك دەستکەوت پێفرۆشتوینەتەوە. بەلام مەنتق پێمان

دەڵێت: ئەم بەزمە بێ سەرو بەرەیی‌و ژاوەژاوی لەپشتەوەیە، چونکە ڕۆژنامەکان ئەوەندەی زمانی کوردییان شێواندووە، نیو ئەوەندە زمانی کوردییان نەپاراستوەو پێشیان نەخستووە. ڕۆژنامەکان ئەوەندی گرفتیان بۆ خەڵك دروستکردووە کەمتر بەرچاوی خەڵکیان ڕۆشنکردۆتەوە، ڕۆژنامەکان ئەوەندەی خەڵکیان لەئاست دەسەڵاتدا چەواشە کردووە، کەمتر خەڵکیان لەکاروبارە خوارو خێچەکانی دەسەلات ئاگادارکردۆتەوە. چونکە هەموو ئەو ڕۆژنامانە زەرفێکی مێژووی‌و قۆناغێکی کۆمەڵگە نەیسەپاندوون‌و وەك سەرەتا باسمکانکرد ویستی حزب‌و خەڵکە قەڵەم کولەکان ڕۆژنامە دەسەپێنن بەسەر کۆمەڵگەدا نەك کۆمەڵگەو قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگە ڕۆژنامەکانی سەپاندبێت. گەر ڕۆژنامە بەپێی سروشتی ژیانی کۆمەڵگە لەدایك بێت باشترین کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك دەبێت، بەڵام وەك دەبینین لێرە زۆر کەم ڕۆژنامەکان کاردەکەنە سەر ژیانی خەڵك‌و زۆرکەم ڕۆژنامەیەك توانیوێتی وابکات وەزیرێك یاخود ئەندام پەڕلەمانێك یان بەرپرسێکی ئیداری بداتە دادگاو لەبەرپرسیارێتییەکەی دووری خاتەوە کە نویتوانیوە یاخود نەیویستووە دەسەڵاتەکەی لەخزمەتی خەڵکدا بەکاربهێنێت.

*لەژمارە(169)ی ڕۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە 2007/3/4 بڵاوبۆتەوە.





## ژیان تامی نەماوە لێرە

جاران لێرە مرۆڤ لەپێناوی ژیان‌و بۆ جوانکردنی ژیان دەمرد، نەك لەپێناوی مردنداو بۆمردن بژی. بۆیە شیعرو ئەدەبیاتی ئێمە لەدەوری یەك دروشمی سەرەکی دەخولایەوە ئەویش(مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان) یاخود (کەم بژی‌و کەڵ بژی) واتا وەك کەڵەپیاو کەلەسەر وەزنی (کەڵەگا)یە بژی. ئەمەش بزووتنەوەیەك فێری کردبووین کەهەزاران خەونی سەوزو سووری بۆ ئەژماردین کەدوای سەرکەوتنی بۆمان بکاتە واقیع، بەڵام هەرزوو دەرکەوت ئەو بزووتنەوەیە نەك هەر ئەوەی بۆ نەکردین، بەڵکو واقعە زۆر سادەکانی ژیانیشی لێکردینە خەون؟ ئاخرئەو بزووتنەوەیە نەئاوی هێشت، نەکارەبا، نەسووتەمەنی، نە ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتە. لەسایەی ئەو بزووتنەوەیەوە ئێستا کوزەڵەو کەوەرو کەرەوسیشمان لە دەورەوەی وڵاتەوە بۆدێت. ئەو بزووتنەوەیە ئێمەی خستە سەر پلێت، تاسەر ئێسك ڕسوای کردین. ئەو بزووتنەوەی خەوەکانی لەباربردین، مناڵدانی خەونەکانمانی وەك گۆرەوی هەڵگێڕایەوەو وایلێکرد تا سەدان ساڵی تر نەوەی داهاتووی کورد جورئەتی خەو بینینی نەبێت بەدنیایەکی جوانترەوە، کورە بەدنیاکەی سەردەمی بەعسەوە. ژیان تامی نەماوە لێرە، تامی نەماوە بەو مانایە نا کەتاڵە، یاخود شیرین نییە. وەك ئەو محەلەبییەی جاران دەمانخوار، بەڵکو هیچ مانایەکی نەماوەی واتا ژیان‌و مردن ئەو دیوارە ئەستوورەی جارانیان لەنێواندا نەماوەو بەردەوام لەسەر یەك دۆشەك دەخەون.

لێرە گەر مناڵ بیت دەبێ هەمیشە لەخەمی ئەوەدا بیت ئاخۆ باوکت بتوانێ هەرچی دڵت پێیخۆشەو مناڵ پێویستییەتی بۆت بکرێت، هەڵبەت

ئەوە خۆزگەیەشت نایەتەدی. کاتێکیش گەورە دەبیت دەبێ ژن بێنیت. بەڵام بەرلەوەی ژن بێنیٚ، ئەبێ سێ چوار ساڵ پێشتر هەوڵی دۆزینەوەی خانوو بدەی. ئیتر گرنگ نییە گەر وەك کولانەی مریش‌و قەلیش وابێت. واتا دەبێت وەك چۆن جاران دورینی ستارخانییەك هەم پارەی زۆری دەویست هەم ساڵێکی پێدەچوو، دواتر برا(چین)ییەکانمان بۆیان هەرزان کردین‌و بەیەك هەفتەش ستارخانی چل ملیۆن کوردت بۆ ئەدرون واتا بۆ ژنەکانیش. خۆزگە خانوشیان بۆ ئاوا لێکدەکردین. لێرە گەر کرێچی بیت دەبێ هەمیشە بەشوێن خانوودا بگەڕێیت‌و شەوێت بەئارامی لەخانووەکەتدا نەخەوی چونکە ترسی ئەوەت هەیە بەو شەوە کابرای خاوەن خانوو دەرتکات. خۆگەر خاوەن خانووش بیت دەبێ هەمیشە بەشوێن ئاشایش‌و پۆلیس‌و مەحکەمەوە بیت تا کرێچییەکەت بۆ دەرپەڕێنن.

گەر مووچە خۆری دەوڵەت بیت دەبێ هەمیشە چاوەڕێی سەری مانگ بکەیت تا بەمووچەکەی ئەو قەرزو قۆڵانە بدەیتەوە کە لەو مانگەدا کردووتە، جگەلەوەش دەبێ گوێت شلکەی بۆ دۆست‌و برادەران‌و کۆڕو کۆمەڵی دەورەت تا بزانی کامیان کارێك شك دەبەن تۆ بیکەیت، چونکە سێ چوار کارنەکەیت ناتوانی وەك بەشەرەکەی ساڵی هەشتاکان بژی، ئەو زەمانە گوزەشت. لێرە گەر شۆفێر بیت دەبێ یەك هەفتە بەشەوو رۆژ بەتانییەك لەسەیارەکەتدا دابنێیت‌و لەبەردەم بانزینخانەیەکدا بخەویت. تابیست لیتر بانزین وەرگریت‌و کەمێکی بکەیتە مۆلیدەکەتەوە. بەڕۆژ دێیتە دەرەوە گرانی بازاڕەکان وەك دووپشکەی عەرەبەت پێوەت دەداو بەشەویش لەبەر تاریکی‌و هاڕەی مۆلیدە حەزناکەی بڕۆیتە ماڵەوە. لەداخی هەموو ئەوانەش سەری خۆت هەڵدەگری‌و دەڕۆی بۆ دەورەوە، دیسانەوە حکومەتی کوردی وڵاتانی ئەوروپات لێ هاندەداو دەڵێ کاکە کوردستانەکەی خۆمان ئەمن‌و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە ئەو خەڵکەمان بۆ بنێرنەوە کەسەروەتێکی نیشتمانی ئێمەن. راستەکەن سەروەتێکی





ئابوری‌و نیشتمانی ئەوانین، گەر ئێمە نەبین ئەوان حوکمی کێبکەن‌و بەسەری کێ پارە کۆکەنەوەو بینای باڵا بەرزو بازاڕی هاوچەرخ‌و ئوتێل‌و سۆپر مارکێتی گەورە بکڕنەوە لەوڵاتانی دنیا.

*لەژمارە(59)ی رۆژنامەی ئاوێنە لەڕۆژی سێ شەممە 2007/3/6 بڵاوبۆتەوە.

## دەستکەوتەکانی راپەڕین

جگەلەو دەستکەوتانەی راپەڕین کەبەردەوام‌و هەمیشە سەرکردەو حزب‌و حکومەت‌و کەناڵە لۆکاڵ‌و ئاسمانییەکانی حزبە حاکمەکانی کوردستان دەیدەنەوە بەچاوماندا، راپەڕین دەستکەوتی زۆری هەبوو، رەنگە لەنوسینێکی واکورت‌و کەمدا نەتوانرێ هەموو ئەو دەستکەوتانەی راپەڕین بنوسرێن. بەڵام لێرەدا هەوڵەدەین هەندێکی بخەینە پێشچاوتان‌و بیرتان بێنینەوە بۆئەوەی نمەك حەرام دەرنەچن. راپەڕین کارێکی کرد موستەشارو جاشەکانی سەردەمی ئەنفال‌و هەڵەبجە لەجاران زیاتر دەوڵەمەندبن‌و لەتەڕ بخۆن‌و لەوشك بنوون. راپەڕین وایکرد کەرکوکی دڵ‌و قودسی کوردستان یەك دڵۆپ نەوتی خاوی تێدانەمێنێ‌و خەڵك لەباشماخەوە نەوت بێنێ. لەتەواوی شارەکانی کوردستاندا لەسەر جەستەو لاشەی داڕووخاوی خەڵکی کورد هەزاران بینا باڵایان بگاتە ئاسمانی شین. راپەڕین کارێکی کرد شەڕی ناوخۆی چەندین ساڵەی حزبە کوردییەکان لەلادێوە بێتەشارەکان، وەك چۆن مزرە سێوو رێواس لەلادێوە دێنە شار. راپەڕین وایکرد خەڵکی کورد هەمووی ببێتە شارنشین کەئەمە داهێنانێکی گەورەی کۆمەڵایەتییەو لەدنیادا نییەو نەبووە هیچ میللەتێك تەنیا شارنشینی هەبێت‌و گوند نشینی نەبێت. راپەڕین وایکرد توێژی تفەنگ لەشان‌و پێشمەرگەو پۆلیس لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەهەموو توێژەکان ژمارەیان زیاترو زۆرتر بێت. راپەڕین کرێی خانووی گەیاندە پێنج وەرەقەو دەوەرقە لەخەڵکی هەژارو نەدارو هەر بەرپرسێکی سەردەمی شاخیشی کردە خاوەنی سەروەت‌و سامانێکی زۆرو خەیاڵی کەهەرگیز بیری لێنەکردۆتەوە رۆژێك لەڕۆژان پێویستی بەگیرفانی ئاوها قوڵ دەبێت.

راپەڕین لەبواری ئابوریدا وایکرد کەبەرپرسی کورد لەرێکخراوی ئابوری جیهانی کێبڕکێ لەگەڵ (بیل گیتس)ی سەرۆکی رێکخراوی





مایکرۆسۆفت بکات‌و لێیشی بەرێتەوەو خەڵاتی گەورەترین ئابوریناسی جیهان وەرگرێت، بەبێ ئەوەی چوار دێڕی لەسەر ئابوری خوێندبێتەوەو دواتر کەناڵە ئاسمانییەکانیشیان وەك گرنگترین هەواڵ پێمان بفرۆشنەوەو بڵێن: سەرکردەکەمان خەڵاتی گەنجترین سەرۆکی جیهانی وەرگرت لەناو چوار هەزار سەرۆکی دەوڵەتدا، لەکاتێکدا لەهەموو جیهاندا (273) دەوڵەت هەیە. لەبواری هونەریدا راپەڕین کوردی کردە خاوەنی پازدە تابیست کەناڵی رادیۆ تەلەفزیۆنی ناوخۆو نزیکەی دە کەناڵی ئاسمانی‌و ئەو کەناڵە لۆکاڵی‌و ئاسمانییانەش رۆژانە یەك دنیا گۆرانی‌و مۆزیکی تورکی‌و بیانی وەك تازەترین داهێنراوی هونەری کوردی دەرخواردی خەڵك دەدەن. راپەڕین لەبواری کۆمەڵایەتییدا ئەوەندەی کێشەی بۆ خەڵك دروستکرد، ئەوەندە چارەسەری نەکردو کێشەکان‌و دیاردە رزیوەکانی لانەبرد، راپەڕین ئاغاو ئاغاوات‌و هۆزگەری‌و خێڵگەری زیندو کردەوەو ژن کوشتنی زیندو کردەوەو فرەژنی زیندو کردەوەو لەسەر دەستی بەرپرسەکانی شۆڕش پەرەی پێداو ئیبداعی تێداکرد.

راپەڕین بەپێچەوانەی سۆسیالیزمی بنیاتنراوەوە موڵکییەتی گشتی نەهێشتوو هەموو شتێکی ئەم وڵاتەی کردە موڵکییەتی تایبەتی. تەنانەت وایلێهاتووە هەموو یەکێکمان بوینەتە هی بەرپرسێك‌و کارو کاسبیمان بۆ ئەوەو ناتوانین سەدی بیستی ئەوەی پەیدای دەکەین بەدڵی خۆمان خەرجیکەین. راپەڕین تەواوی کارگەکانی ئەم وڵاتەی کردە موڵکییەتی گشتی‌و خەڵکیشی خستە سەر ساجی عەلی. راپەڕین وایکرد نیوەی زۆری ئەم میللەتی کوردە لەئاودەستی ماڵەکانیاندا خۆیان بشۆن، چونکە حەمامیان نییە. لەکاتێکدا بەرپرسەکان زۆر جار شیرو هەنگوین دەکەنە بانیوەکانیانەوە تا پێستیان زۆر ناسك‌و سەرنج راکێشبێت.

*لەژمارە(60)ی رۆژنامەی ئاوێنە لەڕۆژی سێ شەممە2007/3/13 بڵاوبۆتەوە.

## سیکۆتین

ماوەیەکی زۆرە تێبینی یەك شتم کردووە، تێبینی ئەوەی سیکۆتین لەبازاڕەکاندا کەمبۆتەوە. سیکۆتین چەند جۆرێکی هەیە، زەردو ئاویو هەندێك جار سەوزو سووریشی هەیە. بەڵام ئێستا هەرە باشەکەیان چەسپە سەریعە یابانییکەو سیکۆتینە دووانەییەکەی ئەمریکایە، کەگوایا هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ خۆیان هێناویانە. لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەم سیکۆتینە لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکی قەرەجو تورکەوە لەناو شارەکانی کوردستاندا کەبۆسواڵو دەرۆزە ماڵەو ماڵ دەگەڕان، بەکار دەهێنرا. سیکۆتینەکەیان دەکرد بەسەر خاولی یاخود پارچەیەك قوماشداو بۆنەکەیان هەڵدەمژیو بەمەش سەرخۆشو مەست دەبوونو بەرگەی سەرمای زستانو گەرمای هاوینیان دەگرت. بەڵام دوای راپەڕین ئەو سیکۆتینە لەو قەرەجانە سەندرایەوەو درا بەبەرپرسانی حزبیو حکومی کورد. بەڵام ئەوان بەو جۆرە بەکاریان نەدەهێنا تاپێیان نەڵێن سیکۆتین خۆر. بەرپرسانی کوردیش بەکیلۆ دەیان کڕیو بەسەر کورسییەکەی ژێرخۆریاندا بڵاویاندەکردەوەو ئیتر لەسەری دائەنیشتنو ئەوەبوو وەك دەبینین تائێستاش ئەو سیکۆتینە بەرینەداونو ئەو بەرپرسانە هەر لەسەر کورسییەکەی خۆیان دانیشتوون.

وەك لەسەرتاوە باسمان کرد بەهاتنی هێزەکانی ئەمریکا باشترین جۆری سیکۆتین هاتە بازاڕەکانی کوردستانەوەو ئەمەش باشترین دیاری بوو بۆ بەرپرسانی کورد. ئەم سیکۆتینە ئەمریکییە سیفاتی زۆر باشی هەیە: یەکەمیان هەموو شتێك پێکەوە دەلکێنێ، سیکۆتینەکەی زوو تەنیا کاغەزو پلاستیكو هەندێك بابەتی تری پێکەوە دەلکان، بەڵام ئەم





سیکۆتینە ئەمریکییە ئاسنو دارو بەردت بۆ پێکەوە دەبەستێ. ئەم سیکۆتییینە پارەی زۆر بەدووی خۆیدا کێشدەکات، بەوەی هەر بەرپرسێك بیدا لەکورسییەکەی مانگانە نزیکە دوو دەفتەر دۆلارێك دەکەوێت.

ئەم سیکۆتینە ئەتوانێ ئەندام پەڕلەمانێك بۆ ماوەی هەشت تا نۆ ساڵ زیاتریش بەکورسییەکەیەوە بلکێنێتو هیچ هێزێك نەتوانێ لێیکاتەوە. ئەم سیکۆتینە ئەتوانێ سەرۆکی شارەوانیو مدیر عام بۆماوەی دەساڵ بەکورسییەکەیەوە بلکێنێت. ئەم سیکۆتینە توانای هەیە سکرتێری حزب بۆهەتاهەتایە لەسەر کورسییەکەی دانیشێنێ. هەر بۆیە باشترین کڕیاری ئەم جۆرە سسیکۆتینە سرکتێری حزبەکانن، چونکە ئەوان بەنیازن تاکۆتایی ژیانیان سکرتێربنو لێنەکەوەن. ئەوەیشی زۆر سەیرە ئەوەیە ئەم سکرتێرانە رێژەیەکی بەرچاوی سیکۆتین پاشکەوت دەکەنو دەیدەنە براو کوڕەکانیان تائەوانیش یەکسەر دوای مردنو نەخۆشکەوتنی براو باوکی سکرتێریان بەکاری بێننو بەکورسییەکەوەو بلکێننو تارۆژی قیامەت هەر سکرتێربن. گەر سیکۆتین نەبێت مەعقول کەسێك لەدوای راپەڕینەوە تائێستا هەر وەزیربێت.؟ گەر سیکۆتین نەبێت چۆن کەسێك دەتوانێ لەیەك کاتدا سێ وەزارەت بەڕێوە بەرێت.؟

*لەژمارە(170)ی رۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە 2007/3/18 بڵاوبۆتەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

*پروشە. شیعری منالأن 1998

*کەڤاڵی وەنەوشە. شیعری منالأن 2000

*گۆرانییەکی قژ زەرد شیعر 2002

ئەو منالەی دوێنێ گریا. ستوونی رۆژنامەوانی 2004

چرپە چرپی ئەو دیو ئازادییەکانی ژن. کۆمەلە وتار 2004

*بەهەشتێ لەکاغەز. سنتوونی رۆژنامەوانی 2005

*دلۆپە. شیعر 2005

*بیبلیۆگرافیـــای چـــاپکراوەکانی بەڕێوەبـــەرێتیی گـــشتی چاپوبلاوکرنەوە بۆ ساڵی 2004 لە2005دا

*باویلکە. شیعری منالأن 2006

*بچووکبوونەوەی ئینسان. ستوونی رۆژنامەوانی 2006

*بیبلیۆگرافیـــای چـــاپکراوەکانی بەڕێوەبـــەرێتیی گـــشتی چاپوبلاوکردنەوە بۆ ساڵی 2005 لەساڵی 2007 دا.

نرخ (1500)دینار